# جێندەر لەسێ کتێبی سویدیدا

**وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە**

**شۆخە عەبدوڵڵا**

﴿جێندەر لەسێ کتێبی سویدیدا﴾
وەرگێڕانی: شۆخە عەبدوڵڵا
هەڵەبڕی: ئاڤان فەتاح، شەونم عەبدولڕەحمان
دیزاین: ئاراس حسن
چاپ: چاپخانەی بینایی
چاپی یەکەم ٢٠٠٧
تیراژ: (٥٠٠) دانە
پرۆژەی بەچاپگەیاندنی (٣٠) کتێب
ژمارە(٧)

ئەدرەسی ئەلەکترۆنی:
genderkurd@yahoo.com
genderkurd@hotmail.com

ویبسایت
www.genderkurd.net
www.gendar.net
ئەدرەس: کوردستان– سلێمانی– ئاشتی
Normal: ٣٢٩٠٥٨٨
Asia cel: ٠٧٧٠٣٥٢٢٢٠٠
Sana tel: ٠٧٣٠١٠٩٢٧٣٤

(مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ سەنتەری نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی جێندەر)

# پێرست

**بابەت** **لاپەڕە**

**کتێبی یەکەم**


پلانی کاری نەتەوەیی بۆ یەکسانی جێندەری.................... ٩

پێشەکی .................... ١١

ئامانجو مەبەستەکانی سیاسەتی یەکسانی جێندەری سویدی.................... ١٣

دەبێت ستراکچەری دەسەڵاتی بنەمای رەگەز بوەستێنرێت.................... ١٣

بەجیهانی بوونو فراوانکردنی یەکسانی جێندەری.................... ١٤

یەکسانی جێندەری لەهەموو بوارەسیاسییەکاندا.................... ١٥

بیرو باوەڕە باوەکانی جێندەر.................... ١٥

ئامادەکاری _ دەرفەتی یەکسان بۆ پۆستی دەسەڵاتو هێز.................... ١٧

کرێی یەکسان بۆ کاری بەهایی یەکسانی کارکردن.................... ١٩

پیاوانو یەکسانی جێندەری.................... ٢٦

بەسێکسیکردن لەبوارە گشتییەکاندا.................... ٣١

پلانی کار بۆ ئەو ئۆفیسەی کە لەئێستادا هەیە.................... ٣٣

بەتواناییو کاریگەری ئیدارە حکومییەکان.................... ٣٣

گەشەسەندنی ئامارە فەرمییەکان.................... ٣٥

بەڕێوەبەرایەتی باجدان.................... ٣٥

مامەڵەکردن لەگەڵ تاوانباران.................... ٣٧

پاراستنی زیاتر بۆ ئەو منداڵو ژنانەی کەبازرگانیو توندوتیژیان بەرامبەردەکرێت.................... ٣٨

هاوکاریکردن لەگەڵ ئەورووپای ناوەڕاستو رۆژهەڵات.................... ٣٨

پلەوپایەی پەنابەر لەرووی چەوساندنەوەی رەگەزیو مەیلی سێکسییەوە.. ٤٠

راهێنانی کارمەندان لەسەر ئەو دەسەڵاتەی کەپەیوەندییان هەیە بەپەنابەری ژنانەوەو ئەو ئاژانسانەی کەلێپرسراون لەپەنابەری.................... ٤٠

قەرەبووکردنەوە لەحاڵەتی لەدەستدانی توانایی کارکردن.................... ٤٢

بیمەی ئابوری خێزان.................... ٤٣

گۆڕانکارییەکان لەپلانی بیمەی باواندا.................... ٤٣

پلانی بازاڕی کار.................... ٤٣

پلانی ژیانی کارکردن.................... ٤٤

دەستەبەرکردنی ئارامی زیاتر لەپیشەدا.................... ٤٤

مافی کاری هەمیشەیی.................... ٤٤

بەڵێنی کاری ماوە دیاریکراو.................... ٤٤

پلانی یەکسانی جێندەری.................... ٤٥

کرێ (مووچە) پێدان بەشێوەیەکی یەکسان.................... ٤٦

توندوتیژی بەرامبەر بەژنان لەلایەن رەگەزی نێرەوە.................... ٤٧

بەدڕەوشتیو بازرگانیکردن بەمرۆڤەوە.................... ٤٧

پلانی فێربوونو پەروەردە.................... ٤٨

دابەشکردنی نایەکسانانەی جێندەری لەئیدارە گرنگەکانی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵادا.................... ٤٩

کوڕانو کچان لەمەترسیدان.................... ٥٠

جۆریەتی لەسیستمی فێربووندا.................... ٥١

پێویستی ماددیو جۆرێتی هێماکان.................... ٥١

پێویستی زانیاری‌و کێبڕکێکردن ........ ٥٢

یەکسانی جێندەری لەدایەنگادا ........ ٥٢

پرۆگرامەکانی راهێنانی نیشتمانی بۆ سەرۆکی مامۆستایان ........ ٥٢

جێندەرو کاروبارەکانی یەکسانی جێندەری لەخوێندنی باڵا ........ ٥٣

بەئەنجام گەیاندن‌و هەڵبژاردن‌و جێندەر ........ ٥٣

دەستنیشان کردن‌و دەستپێکردن ........ ٥٤

ماریفەتی گونجاو ........ ٥٤

پلانی کلتوری ........ ٥٥

گونجاندنی بارودۆخی باشتر بۆ ژنان لەبواری بەرهەمهێنانی فیلمدا ........ ٥٦

پلانی کار بۆ گەنجان ........ ٥٦

پاشەکەوتکردنی پارە بۆ کاتی پشووی کارو، کات بەسەربردن لەروانگەی
یەکسانی جێندەرییەوە ........ ٥٧

پلانی کاری رێکخراوە مەدەنییەکان ........ ٥٧

هاوکاریکردنی رێکخراوەکان ........ ٥٧

پلانی کاری نیشتەجێکردن ........ ٥٨

پلانی کاری ژینگەیی ........ ٥٨

رووەکانی یەکسانی لەبواری پاراستنی سروشتدا ........ ٥٨

ژینگەو تەندروستی ........ ٥٩

پرۆگرامی ژینگەی نەتەوەیەکگرتووە(UNED) ........ ٥٩

دەستکەوتەکانی یەکسانی جێندەری لەپاش جوهانسبیرگ ........ ٦٠

پلانی پرۆگرامی دە ساڵی بۆ بەکارهێنان‌و بەرهەمهێنانی بەردەوام ........ ٦٠

پرۆگرامی تر بۆ هاوکاریکردنی ژینگە ........ ٦٠

پلانی هاتووچۆو گواستنەوە ........ ٦١

ئای تی‌و خزمەتگوزاری پەیوەندی‌و پێویستییەکان ........ ٦١

پلانی بازرگانی‌و پیشەسازی ........ ٦١

زیادکردنی ژمارەی ژنانی بەڵێندەر ........ ٦٢

ئاماری گشتی جێندەری لەبەڵێندەرایەتیدا ........ ٦٢

بیمە ئاژەڵان ........ ٦٢

پلانی کاری نەتەوەی سامی ........ ٦٣

دیموکراسی ........ ٦٣

کەمینە ........ ٦٣


**کتێبی دووەم**


رێکخراوی کاری یەکسانی جێندەری لەسوید ........ ٦٥

بەرەو پێشەوەچوون ........ ٦٧

یەکسانی جێندەری راستەقینەو فەرمی ........ ٦٧

ئامانجە سیاسییەکان ........ ٦٨

باوەڕی باوی جێندەری ........ ٦٩

ستراکچەری دەسەڵاتی بنەمای رەگەزی ........ ٧٠

رێگای نوێ بۆ کارکردن– خاڵە نوێیەکانی دەستپێکردن ........ ٧١

بوارە سیاسییەکان ........ ٧٢

رێکخراوی کاری یەکسانی جێندەری لەسوید ........ ٧٣

حکومەت ........ ٧٣

دامو دەزگا حکومییەکانی سوید ........ ٧٤

دابەشکردنی یەکسانی جێندەری ........ ٧٥

اری یەکسانی جێندەری لەوەزارەتەکاندا........................ ٧٦
لێکۆڵینەوە حکومییەکان.................. ............ ٧٧
ئاژانسە حکومییەکان........................................ ٧٨
ئاژانسو دامەزراوە حکومییەکان.............................. ٧٨
پسپۆرەکانی یەکسانی جێندەری لەپارێزگاکاندا........................ ٨٠
لێکۆڵینەوە لەدەرفەتەکانی یەکسانی............... ............ ٨١
ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانییەکان........................... ٨١
گەشەپێدانی کار لەسەر ئاستی ناوخۆیی........................... ٨٢
کۆڕگەی گفتوگۆ............................................ ٨٣
(١٩٩٤) پلانێك بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی جێندەری... ............ ٨٤
(٢٠٠٤) جێبەجێکردنی بیروباوەڕی باوی جێندەری لەدامو دەزگا حکومییەکانی سویدا...................................................... ٨٨
دیاریکردنی بودجە بۆ پرۆسەی تێڕوانینی بیروباوەڕی باوی جێندەری...... ٩١
پاشکۆ.................................................... ٩٥


**کتێبی سێیەم**

ژنانو پیاوان لەسوید........................................ ٩٩
یەکسانی جێندەری................. ............ ١٠١
یەکسانی — یەکسانی جێندەری........................... ١٠١
یەکسانی جێندەری لەرووی چەندێتی جۆرێتیەوە.................. ١٠١
گەشەپێدانی یەکسانی جێندەری لەساڵی حەفتاکانەوە.................. ١٠٢
هەندێ لەراستییە گرنگەکان.................................. ١٠٣
گەشەکردن (لەمەسەلە جێندەرییەکاندا بەتایبەت بۆ ژنان)... ............ ١٠٥
مەبەستەکانی پلانی یەکسانی جێندەری.................. ............ ١١٢
مەسەلە ئەولەوییەکان بۆ پلانی یەکسانی جێندەری........................ ١١٣
یەکسانی جێندەریو ئامار........................................ ١١٥
دەبێت پیاوانو ژنان لەئاماردا دیار بن.............................. ١١٦
رێبەر بۆ خوێنەران........................................ ١١٦
دانیشتوان................................................ ١١٩
تەندروستی.................. ............ ١٣٣
بەکارهێنانی کات........................................ ١٤٨
کارکردن.................. ............ ١٥٨
کاتی کارکردنی ئاسایی ........................................ ١٧٠
دابەشکردنی رەگەزی بۆ (٣٠) کاری گەورەو باو لەساڵی (٢٠٠٣)دا.......... ١٧٤
توندوتیژیو تاوان........................................ ١٩٩
دەسەڵاتو کاریگەری........................................ ٢٠٣
بەڕێوەبەری کاریگەری.................. ............ ٢١٦
ئەندامانی ئەنجومەن.................. ............ ٢١٩
ژنانو پیاوان لەوڵاتی سوید (راستیو ژمارەکان)........................ ٢١٩

## کتێبی یەکەم

## پلانی کاری نەتەوەیی بۆ یەکسانی جێندەری





لەلایەن وەزارەتی پیشەسازی، کارو پەیوەندییەکانی سویدییەوە بەرهەم هێنراوە

**پێشەکی:**

سەرەڕای بوونی مێژووییەکی درێژ لەچالاکیو ئامانجی دیاری یەکسانی جێندەری کۆمەڵگای سویدی هەتا ئێستاش بەستراکچەری دەسەڵاتی بنەمای جێندەری دەناسرێتەوە، کە لەپەیوەندی نایەکسانانەی نێوان پیاوانو ژناندا دەردەکەوێت کەتێیدا دەسەڵات بەنایەکسانانە بەسەریاندا دابەشبووە. پیاوان هەمیشە ڕێسای دژ بەهەموو پێوانەکانی تر دادەنێنو ژنانیش لەهەر کوێیەك بن ناچار دەکرێن کەرۆڵی لاوەکی وەربگرن. ئەگەر ئێمە نەمانەوێت گرەنتی بوونی یەکسانی لەنێوان ژنانو پیاواندا بکەین دەبێت ستراکچەری دەسەڵات بەتەواوەتی نەهێڵرێتو کۆتایی پێبهێنرێت.

هەرچەندە هەوڵو کۆششەکان بۆ فراوانکردنی یەکسانی جێندەری بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بەشێوەیەکی تایبەت بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان بووە وەك ئاستی کێشەکانیانو لێپرسراوێتییان بۆ گونجاندن لەگەڵ شێوەی ژیانو گونجاندن لەگەڵ بەها نێرینەییەکان، بەڵکو بریتییە لەبنیاتنانی پەیوەندییەکی نوێو یەکسان کەپێشبینی بەدەستهێنانی مافە یەکسانەکان دەکاتو هەروەها بریتیشە لەلێپرسراوێتیو دەستەبەرکردنی دەرفەتەکان بۆ ژنانو پیاوان. ئەگەر پیاوانو ژنان بژینو کاربکەنو بەشداری لەژیانی کۆمەڵگادا بکەنو بەسەر ئاستە یەکسانەکان زاڵ بنو هەرەوەزی یەکسانانە لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا هەبێت ئەوا فراوانکردنی





ئەرکی یەکسانی جێندەری هەوڵێکی پێویستو هەمیشەییە لەسەر هەموو ئاستێکی کۆمەڵگا.

لەمایسی ساڵی ٢٠٠٣دا حکومەت ڕاپۆرتێکی پێشکەش بەپەرلەمانی سویدی کرد سەبارەت بەسیاسەتی یەکسانی جێندەری، لەڕاپۆرتەکەدا پلانی چالاکی یەکسانی جێندەری بەهاوکاریکردن لەگەڵ پارتی چەپو پارتی سەوزی سویدی هاتووەو هەروەها کورتەیەك پێشکەش بەڕاگەیاندنی گشتی کراوە.

ئەم پلانە دەبێت وەك دۆکیومێنتێکی گرنگ سەیر بکرێتو لەماوەی ئۆفیسی حوکمدا وەك پاشکۆیەك بێتو زیاتر گەشە بسێنێت، دەبێت لەشیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی وردی ئەم بابەتانە گەشەسەندنی بیرو بۆچونی نوێمان دەستبکەوێت. کۆمەڵگا بەخێراییەکی بێ ئەندازە دەگۆڕێت لەگەڵ هەموو ئاکامە خراپەکانی یەکسانی جێندەری لەناو هەموو پلانەکاندا زۆر لەبوارەکان دەستنیشان کراون.

حکومەت مەبەستێتی کەڕاپۆرت بەپەرلەمانی سویدی بدات سەبارەت بەئەنجامی ئەم پرۆژەیە لەماوەی دیاریکراوی ئۆفیسەکەیدا.

ماریا وترستاند (Maria Wetter stand)

ئۆلا هوڤمان (Ulla Hoffmann)

مۆنا سەهلین (Mona Sahlin)

**ئامانج و مەبەستەکانی سیاسەتی یەکسانی جێندەری سویدی:**

هەموو مەبەستێکی سیاسەتی سویدی سەبارەت بەیەکسانی جێندەری بریتییە لەجەختکردنەوە لەسەر ماف و دەرفەت و لێپرسراوێتییەکانی پیاوان و ژنان کەهەردوو لایان وەکو یەك ماف و دەرفەت و لێپرسراوێتییان هەیە لەبوارە گرنگەکانی ژیاندا.

**دەبێت ستراکچەری دەسەڵاتی بنەمای رەگەز بوەستێنرێت:**

سەرەڕای بوونی مێژوویەکی درێژی بەجێگەیاندنی چالاکییەکانی یەکسانی جێندەری کۆمەڵگاکەمان هێشتا بەستراکچەری دەستەڵاتی بنەمای رەگەز جیادەکرێتەوە. هەوڵ و کۆششەکان بۆ فراوانکردنی یەکسانی جێندەری دەبێت زیاتر رێبازە فیمینیستییەکان دەستەبەر بکات. دەبێت ئێمە ئاگاداری مەودای ستراکچەری دەسەڵاتی بنەمای رەگەزی بین کەهۆکاری پلە بەندکردنی ژنان دوای پیاوان دەبێت. دەبێت حکومەت "نێر" و "مێ" بەپێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی دابنێت بۆ نموونە شێوازەکانی هەڵسوکەوتکردن بەگوێرەی جۆری پەروەردەکردن و رۆشنبیری، باری ئابووری، ستراکچەری دەسەڵات و ئایدۆلۆژیای سیاسی دەستنیشان دەکرێت. شێوازە جێندەرییەکان لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و کەسێتی دروستبوون هەروەها بۆتە هۆکارێکیش کەوا دەکات کێشە جێندەرییەکان بەردەوام بن.





ئالەم بارودۆخەدا کێشەکان بەنەگۆڕاوی ماونەتەوە سەرەڕای ئەو راستییەی کەژنان لەجاران باشترن لەهەموو بوارەکانی ژیاندا تەنانەت لەهەندێ قۆناغیشدا ئەم بۆشاییە بەتەواوەتی داخراوە و نەماوە. ئەگەر ئێمە سەرکەوتوو نەبوین لەشکاندنی و یان نەهێشتنی ستراکچەری دەسەڵاتی بنەمای رەگەزی ئەوا سەرکەوتووش نابین لە بەدەستهێنانی یەکسانی جێندەری.

**بەجیهانی بوون و فراوانکردنی یەکسانی جێندەری:**

هەوڵ و کۆششەکان بۆ فراوانکردنی یەکسانی جێندەری لەسەر ئاستی جیهانی بەنزیکەیی بەستراوەتەوە بەچالاکی لەسەر ئاستی نەتەوەیی – وە. پێوەرە گشتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بریتین لەهەموو کاریگەرییەکی زیاتر لەخۆپاراستن لەگۆڕانکاری گشتی یان کەش و بارودۆخی ئایدۆلۆژیایی کۆنەپەرستی بەهێز یان گونجاندنی دەوروبەر لەگەڵ دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنان نەك تەنها بەشێوەیەکی ئاسان ئەم مافانە بەدەست جێندەری ئەم پێوەرانەش هەموویان مەبەستیان جەختکردنەوەیە لەمافەکانی مرۆڤ کەبتوانرێت ژنانیش سوودی لێ وەربگرن و تەمەتوعی پێوە بکەن لەدنیای نوێ و جیهانکراودا.

کاری یەکێتی ئەوروپا گرنگی زیاتریداوە بەو بیروباوەڕە سودمەندگەرانەی کەهۆکاری گەشەسەندنی ئەو بەشەی ئێمە بێت کەتێدا دەژیت.

زۆر گرنگە کەمەسەلەی پیاوانو یەکسانی جێندەری ببنە خاڵی گرنگی دەقی هەرەوەزی نێودەوڵەتی.

## یەکسانی جێندەری لەهەموو بوارە سیاسییەکاندا:

بۆ سەرخستنی سیاسەتو بنەماو ئامانجو مەبەستەکانی سیاسەتی جێندەری پێویستە ئەم بیرو بۆچوونانە بڵاوبکرێتەوە لەهەموو بوارە سیاسییەکانداو بوونی کاریگەرییەکی زۆر لەسەر کۆمەڵگاو ژیانی رۆژانەمان.

یەکسانی جێندەری لەنێوان هەموو بوارەکانی تری ژیانمان ئەوانیش هەر لەبواری ئابووریو رۆشنبیریو خێزانو سیاسەتی بازاڕی کارمان شێوەی خۆی وەرگرتووەو هەروەها دەرئەنجامی خۆشی هەبووە.

## بیرو باوەڕە باوەکانی جێندەر:

ناساندنی بیرو باوەڕی باوی جێندەری رۆڵێکی گرنگ لەلێپرسراوێتیدا دەگێڕێت بۆ راپەراندی سیاسەتی یەکسانی جێندەری لەناو هەموو دامو دەزگا حکومییە سەرەکییەکاندا.

دەبێت وەزارەت یان دامو دەزگای دەسەڵاتی بەرپرس بۆ چالاکی تایبەت یان سیاسەتی جێندەری تێڕوانێنی جێندەری بناسێنێت لەرێگای ئەو چالاکییانەی کەدەکرێن بۆ ناساندی بیروباوەڕی باوی جێندەری. هەرچەندە ئەمە پلانێکی ستراتیجی سەرەکییەو دەتوانێت بەسەرکەوتووانە کار بکات



پلانی کاری نەتەوەیی بۆ یەکسانی جێندەری و: شۆڤە عەبدوڵلا

ئەگەر لێپرسراوێتی لەگەڵ ناساندێکی دیارو ئامانجی راستو پاڵپشتیکردن بۆ ئەم پلانە بەیەکەوە ببەستێتەوە.

لەئاکامی ئەمەدا رێو شوێنەکان بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی جێندەری زۆرکات لەلایەن دەسەڵاتە حکومییەکانەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت وەك لێپرسراوێتییەکی سەربەخۆو چالاکییەکانی باوەڕە باوو ناپەیوەندیدارە جێندەرییەکانو وەك شتێکی ناجیگیر سەیر دەکرێت، کە لەهەڵسوکەوتەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵکدا رەگی داکوتاوە بۆیە لێرەدا دەبێت چاکسازی جێندەری هەبێت.

بەرز راگرتنی سیاسەتی یەکسانی جێندەری ئەرکێکی گرنگو سەرەکی حکومەتە. دەبێت حکومەت بەم کارە هەڵستێت، وەك لەپلانی کاردا ئاماژەی پێکراوە. حکومەت بەنیازە رێو شوێنو ئامانجە سیاسیەکان بۆ ئەم مەبەستە زیاتر گەشە پێ بداتو هەروەها مەبەستی پلانی کاریش بریتییە لەجەختکردنەوە لەتێڕوانیەکانی سیاسەتی یەکسانی جێندەری کەهەموو بوارو پلانە سیاسییەکان دەگرێتەوە.

هەرچەندە دەبێت سیاسەتی یەکسانی جێندەری بەشێوەیەکی فراوان بەند بێت لەسەر کۆمەڵێك لەئەولەویات، کەدەشێت لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر بگۆڕێت.

پێنج بواری گرنگ دیاری دەکرێن کەدەستنیشان دەکرێن لەماوەی حوکمدا. ئەم بوارانەش بەشێوەیەکی فراوان لای خوارەوە روون کراوەتەوە.

– ئامادەکاری – دەرفەتی یەکسانی بۆ پێگەی دەسەڵاتو کاریگەرییان.

– دەرئەنجامی یەکسان بۆ کاری یەکسانو کارکردن بۆ بەهای یەکسانی.

– ئەو توندو تیژییانەی کە لەلایەن پیاوانەوە دەرهەق بەژنان ئەنجام دەدرێت هەروەها بەدرەوشتیو بازرگانیکردن بەژنانەوە بۆ مەبەستی سێکسی.

–پیاوانو یەکسانی جێندەری.

– لایەنی سێکسی لەبواری گشتیدا.

## ئامادەکاری- دەرفەتی یەکسان بۆ پۆستی دەسەڵاتو هێز:

یەکێك لەئەنجامەکانی سیاسەتی یەکسانی جێندەری سویدی بریتییە لەرەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ پۆستی دەسەڵاتو گرتنە دەستی هێز بەهەمان شێوەی پیاوان بۆ ژنانیش بوونی ئامادەکاری یەکسانی بۆ پیاوانو ژنان لەگروپەکانی بڕیاردانەدا بەشێکی گرنگ لەدیموکراسی پێك دەهێنێت. دەبێت هەردوو رەگەز یەکسان بن لەهەموو بوارە کۆمەڵایەتییەکانو هەروەها سەرجەم ئاستەکانی بڕیاردانەدا دەبێت چ پیاوو چ ژنان هاودەنگ بن لەپێشخستنی کۆمەڵگاو ئەم کاریگەرە یەکسانانەش جەخت لەسەر بوونی بنچینەیەکی گشتی لەبڕیاردانەدا دەکاتەوە لەگەڵ رەچاوکردنی مەسەلە سیاسییە کۆمەڵاتییەکان لەئاکامی ئامانجێکی دیارو ناوەندێکی چالاکی بۆ بەرز نرخاندنی هێزو کاریگەری ژنان لەناو کۆمەڵگادا، ئێستا دەوڵەتی سوید رابەری جیهانە بەشێوەیەك بەشێك لەژنان راستەوخۆیانە نوێنەری هەڵبژێردراوی گروپە سیاسییەکانو ئەمەش





لەسەر ئاستی حکومەتی مەرکەزیو هەروەها ئاستی نەتەوەییو هەرێمی ناوخۆی جێبەجێ دەکرێت.

بواری یەکسان بۆ نوێنەرایەتیکردنی ژنان بۆ پۆستەکانی دەسەڵات لەدەرەوەی بازنەی گشتی زۆر بەلاوازی لەگەشەسەندندایە بەمانایەکی تر هەتا ئێستاش ژنان لەزۆر بواردا پێشڕەو نینو ئەمەش وەك لەکەرتی پەیوەندی کۆمپانیاو گروپی کۆمپانیاکانو هەروەها پۆستی بەڕێوبردندا دەبینرێت کەژنان بەهیچ شێوەیەك تێیدا بەشدارنابن. ژنان زۆر بەدەگمەن کاریگەریو دەسەڵاتیان لەرێکخستنو بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمپانیاکاندا هەیە، هەروەها سیستمی خوێندنی باڵاش بوارێکی ناهاوسەنگی یەکسانی جێندەری ترە. کۆمەڵگاکەمان بەردەوام دەبێت بەشێوەیەك تا کۆنترۆڵو ئاڕاستەش بکرێت لەلایەن پیاوانەوەو ئەزموونەکانی پیاوان وەك رێسایەك دەمێننەوە بۆ کۆمەڵگاو نەوەکانی دوای خۆیان پیاوان پەیڕەوی دەکەن، ئەمەش لەدامەزراندنو پرۆسەی بڕیاردانەدا دەبێنرێت.

سیاسەتی جێگیرو هۆشیار دەرەنجامی دەبێت، هەر بۆیە حکومەت لەهەوڵی دانانی ئەم جۆرە سیاسەتانەدایەو بەبەردەوامی ئامادەکاری یەکسانی بۆ دەکاتو پەرەی پێدەدات لەناو گروپو لیژنەکانی حکومەتی مەرکەزیو هەروەها لەو کۆمپانیانەش کەموڵکی دەوڵەتن، لەئەنجامی ئەمەش رێژەی ئەو ژنانەی کەسەرۆكو بەڕێوبەری ئاژانسەکانن

لەحکومەتی مەرکەزیدا لەرێژەی ٣٢٪ەوە لەساڵی ١٩٨٨ەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٠ لەزیادبووندایەو بەردەوامیش دەبێت.

سەرەڕای ئەوەش بەدەستهێنانو بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی هاوسەنگی جێندەری لەگروپەکانی بەڕێوەبردنو کۆبونەوەی کۆمپانیاکانو پۆستی باڵای ئیداری بەتەنها بەس نینو دەبێت وەبیربهێنرێنەوە کەنەك هەموو کارە گرنگەکانو پۆستە باڵاکانی بەڕێوەبردن هەمان پلەی دەسەڵاتو کاریگەری دەبەخشێت. ئەرکی سەرەکیش لێرەدا بریتییە لەتەئکیدکردنەوە کەژنانو پیاوان بەراستگۆیانە کاریگەری یەکسانیو دەسەڵات بەکار دەهێننو هەروەها ژنانیش سنوریان بۆ دانراوە بۆ پلە بەندکردنی پۆستەکانیان لەدەستەی بڕیاردانیدا.

## کرێی یەکسان بۆ کاری یەکسانو بەهایی یەکسانی کارکردن:

پێدانی کرێی یەکسان بەواتا ئەو کارانەی کەتەنها تایبەتن بەپیاوانو ژنانیش بۆیان هەبێت هەمان کار بکەنو بەهایی یەکسانی کارکردن هەمیشە مەسەلەی سەرەکیو یەکەم بووە لەسیاسەتی یەکسانی جێندەری سویدیداو لەگەڵ دەرفەتی یەکسان بۆ گرتنە دەستی پۆستی دەسەڵاتو هێزو کاریگەر. ئەگەر پیاوان خۆشی ببینن لەئازادیو سەربەخۆی راستەقینە ئەوا دەبێت ژنان دەنگەکانی خۆیان بکەنە یەكو پشتگیریو هاوکاری یەکتر بکەن، توانای خۆیان مەرجی سەرەکییە بۆ یەکسانی جێندەریو سەرەڕای ئەوەش ژنان هەتا ئێستەش کرێیەکی کەم یان کەمتریان لەچاو پیاواندا پێدەدرێت، هەروەها بەراوردکردنی





بارودۆخەکان لەبازاری کاردا بەشێوەیەکی گشتی ئەوە دەردەخات کە بەرێژەی لە٨٢٪ دەستکەوتیان هەیە لەچاو دەسکەوتی پیاواندا، ئەگەر ژمارەکان ریژەی پێدانی مووچە لەسەر ئاستی مووچەپێدانی ژنان دەربخات بەگوێرەی ئاستی موچەی پیاوان وەکو لەلای خوارەوە روونتر کراوەتەو، لە ٩٩٪ لەکاروباری ناوخۆ (شارەوانیەکان)وە لە٩٣٪ لەکەرتی حوکمی هەرێمی (ئەنجومەنی پارێزگا)و لە ٩٢٪ کەرتی حکومەتی مەرکەزیو لە ٩٠٪ لەکەرتی تایبەتدان ئەمە بەگوێرەی ئەم کەرتانە جیاوازی نێوان ئاستی موچەکان دەردەخاتو ئەو رێژە پێدانە بەگوێرەی تەمەنو ئاستی خوێندنو جۆری کارو راهێنانو کەرتی بازاڕی کار دەگەڕێتەوە کەجۆری موچەی ژنانو پیاوان دەستنیشان دەکات. بوونی کەلێن لەدەستکەوت یان داهاتدا بەشێوەیەکی سەرەکی بەهۆی بوونی رەگەزپەرستییەوەیە لەبازاڕی کاردا کە(پیشەی مێینە)یە ئەمیش لەبەر ئەوەیە کە لەچاو پیاواندا لەکەرتی گشتیو خزمەتگوزارییە چاودێریو کۆمەڵایەتییەکاندا موچەیەکی کەمتریان هەیە.

ئەگەر ئێمە بەراوردی موچەی یەکسان بۆ بەهای یەکسانی کارکردن بکەین ئەوا جیاوازی لەنێوان دەسکەوتی ژنانو پیاوان دەدۆزینەوە وەدەبینین کەناهاوسەنگییەکی جێندەری هەیە، وێڕای ئەمەش دەبێت بەجیاوازی جێندەری لەژێر چاودێری کرداری یەکسانی جێندەری سویدی.

پێکهێنانی کرێ کێشە بۆ پارتە سیاسییەکان لەناو بازاڕی کاردا دروستدەکاتو ئەم جیاوازی جێندەرییە توانای ژنان کەم دەکاتەوە لەپاڵپشتکردنیان بۆ یەکتریو ئەزموونی کارکردنیان کەمدەکاتەوە لەناو بازاڕی کاری سویدیدا. ئەمەش پەیوەندی بەچەندەها فاکتەری ترەوە هەیە کەکار بۆ لاوازکردنی پێگەی ژنان لەناو بازاڕی کاردا دەکات، وەك کێشەی تەندروستیو بەڕێوەبردنو سەرپەرشتیکردنو بڕیاردان لەبارودۆخەکانی کارکردنو شێوازی کارکردنو پۆستی نزم لەکارکردندا کە لەلایەن ژنانەوە دەکرێت.

هەوڵو کۆششە درێژخایەنەکان بۆ نەهێشتنی پیشەو لێکۆڵینەوە لەکارەکان کەبەسراونەتەوە بەباسو مەسەلەی جێندەرییەوە کەهۆکاری دروستبوونی رەگەزپەرستی جێندەرییە لەبازاڕی کارداو ئەمەش دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی ناتەواو لەبازاڕی کاردا نەك سەرکەوتنێکی چڕو پڕ، رێگای زۆر لەبارەی بەردەوامبوونی هەوڵو کۆششە کاریگەرەکان بۆ فراوانکردنی جێندەری دەزانرێت کەئەمەش خۆی لەخۆیدا بەشێکی سەرەکییە بۆ مەسەلەی جێندەر، بوونی ئەم رەگەزپەرستییەش لەبازاڕی کاردا گەشەسەندنو پێشکەوتن رادەگرێت، پێشبینییە تەقلیدییەکان لەسەر تواناو ئەگەرەکانی پیاوانو ژنانو بوارەکانی هەڵبژاردنی کارو پیشە لەبازاڕداو ئەو دەرفەتانەی کە لەبازاڕی کاردا هەیە، کەم دەکاتەوەو هۆکاری ئەم کەمکردنەوەیەش فراوانکردنو سەلماندنی





توانای خەڵكو لێهاتوویی تاکەکانو پێشخستنی بازاڕی کارن، بۆیە ئەگەر نەبن ئەوا بازاڕی کار دوا دەکەوێتو پێشکەوتن بەخۆیەوە نابینێت.

رێو شوێنەکان دژی جیاوازی پێدانی کرێ لەسەربنەما جێندەرییەکان لەلایەن یاسای سیاسەتی یەکسانی جێندەرییەوە ئاماژەو بانگەشەی بۆ کراوە، شوێنی کارکردن بە١٠ فەرمانبەر یان زیاتر پێویستە بۆ دانانی پلانی کاری یەکسانی جێندەری بەرەچاوکردنی جیاوازی پێدانی کرێ لەسەر بنەما جێندەرییەکان لەناو کۆمپانیاکاندا. دەبێت ئەم مەسەلانە بناسرێنەوەو شیبکرێنەوەو رێو شوێنی تایبەتیشی بۆ بگیرێتە بەر. وەك یاسایەك تەنها پەیوەندییەکانی نێوان تاکی خاوەنکارو فەرمانبەرەکانیان حکوم دەکات، ئەمە تەنها هۆکارێك نییە تا کاریگەری هەبێت لەسەر ئاستەکانی موچەپێدان لەنێوان ژنانو پیاوان لەبازاڕی کارداو ئەمە نەخشەی بۆ کێشراوە تا لەلایەن حزبە ناوخۆییەکانەوە لەناو بازاڕی کاردا بەکاربهێنرێت بۆ جێگیرکردنی جیاوازی پێدانی مووچە لەسەر بنەما جێندەرییەکان لەلایەن خاوەنکارێك یان چەند خاوەنکارێکەوە کەکاریان کۆنترۆڵ کردووەو ئەو کارکەرانەش لای ئەوان کاردەکەن.

بەهۆی پابەندبوون بەیاساوە لێکۆڵینەوەو شیکردنەوە لەسەر جیاوازی پێدانی کرێ لەسەر بنەما رەگەزییەکان لەلایەن تاکی خاوەن کارەوە، جەختی لەسەرکراوتەوەو بۆ ئەو مەبەستە رێو شوێنی گونجاو گیراوەتەبەر. هەرچەندە ئەم یاسایە شکستی هێنا لەبوونی کاریگەری لەسەر

ستراکچەری جیاوازی پێدانی کرێ، کارە جیاوازەکان بەهۆی جیاوازی بەهاو گرنگییەکانیانەوە بۆ ژنانو پیاوان بەشێوەیەکی تەقلیدی پۆلێنکراون.

دەبێت یاسای یەکسانی جێندەری دابرپێژرێتەوەو چاوی پێدا بخشێنرێتەوە تا دەست نیشانو جێگیر بکرێت. هەرچەندە هەوڵەکان لەسەر ئاستی نەتەوەی دەبێت ئەگەر جیاوازی موچەپێدان لەسەر بنەما جێندەرییەکان سەرکەوتووانە خرابێتەڕوو، ئەمەش پێویست دەکات کەپلانی کاری نەتەوەی رایبپەرێنێت لەناو بازاڕی کاردا، چونکە پلانێکی لەم شێوەیە هەموو بارە ئاسۆییو ستونییەکانی ئەو جیاوازییانەی کەهەن لەناو بازاڕدا دەخاتەڕوو و کار بۆ چاکردنیان دەکاتو دەتوانین جیاوازییەکانو ئەو جیاوازییانەشی بەهۆی رەگەز پەرستی جێندەرییەوە لەبازاڕی کاردا دروست بوونو هەروەها ئەو جیاوازیانەشی لەخەملاّندنی پێوانەی ئەو کارانەی کەتەنها پیاوان دەتوانن بیکەن، دەستنیشان بکەین.

هەروەها دەبیت ئەو رێسایانەش رەچاوبکرێت کەپێکهاتەی کرێی هەفتانە بۆ ناو بەشەکانی بازاڕی کار دیاریدەکات، بۆ کرێی هەفتانەو ئامانجی فراوانکردنی بریاردانو تێگەشتی باشتری جیاوازییەکان پێویست بەرێو شوێنی دیارو کاریگەر دەکات کەبگیرێتە بەر، هەروەها دەبێت ئەم رێو شوێنانە پاڵپشتی بەشە جیاوازەکانی ناو بازاڕی کار بکات.

ئەو توندو تیژییانەی کە لەلایەن پیاوانەوە دژی ژنان دەکرێنو وەك بەدڕەوشتیو بازرگانیکردن بەژنان بۆ مەبەستی بەکارهێنانی سێکسی.





هەڵوێستی پلانی کار لەلایەن نەتەوە یەگرتووەکانەوە بەفەرمی ئەم پێشنیارە قبوڵکرا لەچوارەمین کۆنفرانسی جیهانی سەبارەت بەژنان کە لەپەکین لەساڵی ١٩٩٥دا بەسترا تێیدا باس لەتوندو تیژی جەستەییو دەروونیو سێکسی کە لەلایەن پیاوانەوە دەرهەق بەمێینە دەکرێت، کرا. هەروەها چەندەها جۆری تری توندو تیژیمان هەیە کە لەلایەن پیاوانەوە دژ بەژنان دەکرێن وەك پێشیلکردنی ئازادییەکانیان کەبۆتە هۆی زاڵبوون بەسەر ژنانو جیاوازی کردنیانو بەرهەڵستی کردنیان تا نەهێڵێن بەشداری چالاکییەکانی ناو کۆمەڵگا بکەن.

توندوتیژی بەرامبەر بەژنان لەلایەن پیاوانە لەناو هەموو چینو توێژێکی کۆمەڵایەتیدا دەکرێت بەبێگوێدانە تەمەنو بارودۆخو تەنانەت توندو تیژی بەرامبەر بەژنانی بەتەمەنو ئەو ژنانەی کە لەرووی جەستەییو دەروونییەوە تەواو نین ئەم جۆرە توندو تیژییانەش گرنگییەکی کەمتریان پێ دەدرێت.

هەموو ساڵێك زیاتر لە(٢٠) هەزار ژن توندوتیژی جەستەییان بەرامبەر دەکرێت لەلایەن ئەو پیاوانەی کەنزیکن لێیانەوە وەك باوكو براو کوڕو مێردو دەستگیرانو ئامۆزاو پورزا... کۆششەکان بۆ راگرتنی توندوتیژی لەم جۆرە دەبێت لەسەر بنەمای مەودایەکی فراوان بەندبێت، ئەویش بەپشتگیریکردن لەقوربانییەکانی ئەم کارە.

زۆر لێکردنی سێکسی لەژنانی کارکەرو خوێندکارو دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا بەردەوام دەبێت تا ببێتە کێشەیەکی سەرەکی. دەبێت گرنگییەکی زیاتر بدرێت بەم جۆرە توندو تیژییە لەکاتی ئێستاماندا‌و دەبێت مەرجی یاسایی‌و سزاکان بگۆڕێت‌و وای لێبکرێت زیاتر کاریگەرییان هەبێت.

بەدڕەوشتی لەسویددا دەچێتە قاڵبی توندو تیژی سێکسی کە لەلایەن پیاوانەوە لەدژی ژنان دەکرێت‌و دەوڵەتی سوید لێپرسراوی هەیە بەرامبەر ئەو ژن‌و منداڵانانەی کەقوربانی بەدڕەوشتی‌و بازرگانی پێوەکردنن. هۆکاری سەرەکیش لەپێش ئەم بازرگانی پێوەکردنەوە داواکاری پیاوانە بۆ ژنان‌و منالان بۆ مەبەستە سێکسی‌و بەدڕەوشتییەکان. بەهۆی هەستکردنی پیاوان کەدەزانن دەتوانن ئەم کارە ناشرینانە دەرهەق بەمنداڵان‌و ژنان بکەن ئەوا ئەگەر ئەمە نەبوایە ئەوا ئەم کارە زەرەرمەندانەش رووی نەدەدا. یاسای رێگرتن لەم هەڵسوکەوتانە لەساڵی ١٩٩٩دا بۆ کڕینی خزمەتگوزارییە سێکسییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە بەدرەوشتی بەتەنها ئیستغلالکردنی ژنان‌و منالان ناگەیەنێت، بەڵکو زنجیرەیەك لەکێشە کۆمەڵایەتییەکان دەگەیەنێت لەگەڵ بوونی ئاکامی خراپ بۆ تاکە قوربانییەکان بەتایبەتی‌و کۆمەڵگا بەگشتی. جەنگان دژی بازرگانیکردن بەژنانەوە بۆ مەبەستی سێکسی پێویستە سێ وردەکاری بۆ بکرێت: رێ‌و شوێنەکان بۆ پاراستن‌و یارمەتیدان‌و بەرگریکردن لەو ژن‌و





منداڵانەی کەبازرگانییان پێوە کراوەو سزادانی رۆژانەی ئەو گروپ‌و تۆڕانەی کەبازرگانی بەمنداڵان دەکەن بۆ مەبەستی بەدڕەوشتی وەك تاوانباران.

## پیاوان‌و یەکسانی جێندەری:

مایکل کیمیل (Michael keimmel) لێکۆڵیارو کۆمەڵگاناسی ئەمریکی لەسەر پیاوو پیاوەتی لەکاتی هەوڵدان بۆ درك پێکردنی گرنگی پیاوان لەرەوتی سیستەمی دەسەڵاتی جێندەریدا ئاماژەیان بەوە کردووە کەپیاوان پێوانەن بۆ هەموو شتێك وەك چۆن هەمیشەش وا بوون. کۆششەکان بۆ فراوانکردنی یەکسانی جێندەری ماوەیەکی دوورو درێژ جەختی لەسەر ژنان کردۆتەوە کەوەك رەگەزی دووەم لەم سیستەمەدا سەیر دەکرێن بەواتایەکی تر لەسیستەمی دەسەڵاتی جێندەری کەئەو دەسەڵاتەش بریتییە لەدەسەڵات‌و زاڵبوون، ئەو زاڵبوونەش لەناو کۆمەڵگادا بریتیە لەهێزی پیاوان بەسەر ژناندا....، بەڵام یەکسانی بریتییە لەوەی کەژنان‌و پیاوان هەمان ماف‌و دەرفەت‌و لێپرسراوێتییان هەبێت. بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی یەکسانی جێندەری بەدەست ناهێنرێت هەتا ژنان‌و پیاوان بەیەکەوە کارنەکەن بۆ گۆڕینی ئەو بارودۆخەی کەژیانی هەردوو رەگەز بەرێوە دەبەن.

دەبێت پیاوان بڕیاربدەن لەسەر ئەو پەیوەندی‌و دەسەڵاتانەی کە لەئێستادا هەن‌و خزمەتی بەردەوامبوونی سیستەمی نادیموکراسی دەکەن کەئەمەش کاردەکاتە سەر هەموو کۆمەڵگا. بەکردنی یەکسانی جێندەری

بەبوارێکی گرنگی سیاسیو هەوڵدانی حکومەت بۆ تەئکیدکردنەوەی گرنگی ئەم ناسینەوەیە کەئەویش یەکسانییە لەنێوان ژنانو پیاواندا.

حکومەت هەوڵو کۆششی درێژخایەنی کاتی لەسەر ئاستی نەتەوەییو ئایینیو نێودەوڵەتی بەئەنجام گەیاندووە بۆ بەرگریکردن لەهەموو جۆرەکانی توندوتیژی کە لەلایەن پیاوانەوە ئەنجامدەدرێن هەروەها بەکاردەهێنرێن بۆ مەبەستی بەدڕەوشتیو بازرگانیشیان پێوەدەکرێت بۆ مەبەستی سێکسیو کاری خراپ. ئەگەر ئەم کێشانە بەردەوامو فراوانترو کاریگەرتر بن ئەوا دەبێت ڕێو شوێنی گونجاو بگیرێتەبەر بۆ نەهێشتنو کەمکردنەوەی ئەم کارانەو مەبەستی کۆتایش دەبێت بریتی بێت لەریشەکێشکردنی هەموو جورەکانی توندوتێژی کەبەرامبەر بەژنان دەکرێت.

دەبێت کارکردن لەسەر ئاستی نیودەوڵەتی بۆ بەرگریگردن لەبازرگانی پێوەکردنو بەدڕەوشتی بەردەوام بێتو بەشێوەیەکی تایبەت گرنگی پێبدرێت، حکومەتی سویدی وای دەبینێت کەدەبێت هەوڵو کۆششەکان بۆ بەرەنگاری بەدڕەشتیو بازرگانیکردن بەمناڵانو ژنانەوە مژدە بەخش بێت ئەویش بەبنەبڕکردنی، هەروەها دەبێت دەوڵەتانی تر هاوکاری یەکتر بکەنو ئاکامی باشیش لەرێگای سنوورەکان لەگەڵ یەکتردا بەدەستبهێنن، چونکە بازرگانی لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر لەرێگای سنوورەکانەوە دەکرێت.





بوونی پیاوان لەهەوڵی یەکسانی جێندەریدا بۆتە هۆی دروستبوونی ئەو مەسەلانەی کەتێڕوانینەکانیان لەسەر پێشکەوتنی یەکسانی جێندەری لەداهاتوودا زیاد دەکات. پیاوان ئەو سیفاتانەی خۆیان بەدڵ نییە کە لەلایەن بزوتنەوە فیمینیستناسەکانەوە باسیان لێدەکرێت مەبەست لەمەش ئەوەیە کەپیاوسالاری لەماڵو لەکۆمەڵگادا دەکەن، بەڵام بەهۆی زیادبوونی بەرژەوەندی لەیەکسانی جێندەری لەنێو پیاواندا (کێشەی یەکسانی جێندەریو ناکۆکییەکانی) گەیاندۆتەوە.

سەرەڕای ئەوەی کەزۆربەی کۆمەڵگاکانی ئێستا کۆمەڵگای هاوچەرخن، بەڵام دەبینین زۆر دیاردەی وەك"ئەولەویەتی سیستمی باوکسالاری"و "دەسەڵاتی پیاو سالاری"و " ستیرۆتایپی نێرینە*"لەکۆمەڵگادا بەشێوەیەکی لاوەکییانە کاردانەوەیان لەشێوازە جیاوازەکانی هەڵسوکەوتی ژنانو پیاواندا هەیە. ئەم دیاردانە لەناو کۆمەڵگادا ڕەنگیان داوەتەوەو کاردەکەنە سەر قۆناغەکانی گەشەسەندن لەقۆناغە سەرەتاییەکانی تەمەنو بەدرێژایی ژیانیش بەردەوام دەبێت بەواتایەکی تر منداڵ کە لەدایك دەبێت هیچ جیاوازییان نییە کەئەمە کوڕە یان کچ، بەڵام بەهۆی دیاردە باوەکانی ناو کۆمەڵگاوە جیاوازی لەنێوان رۆڵی کوڕو کچو ژنو پیاودا... دروستدەبێت هەر بەهۆی ئەم دیاردانەشەوە

* male stereotype بیروباوڕێکی جێگر وەیان وێنەیەکی جێگیر کەزۆربەی خەڵك لەسەر کەسێك یان شتێك هەیانە، زۆر جاریش لەڕاستییەوە دوورە.

پیاوان زیاتر سوودمەند دەبنو زیاتر خۆشی دەبینن لەچاو ژناندا بەهۆی ئەوەی کەدەسەڵاتدارنو توانای بەدەستهێنانی دەرامەتی باشترو زیاتریان هەیە، سەرەڕای ئەم هەموو قازانجو سوودانە دەرفەتی مەزنتریان بۆ دەرەخسێت لەهەموو کاتو شوێنێکدا. هەر لەبەر ئەمەشە پیاوان بەشیاوی نازانن ئەگەر بەتەقلیدییانە بچنە هەر بوارێکەوە کەبواری کاری ژنان بێت، بەهەرحاڵ زۆرکاتیش کەئەم کارانە دەکەن بەرزدەبنەوە بۆ پلەی ئیداریو کۆتایی دێت بەوەی کەئەم جۆرە کاروبارانە لەسەر شێوازی پیاوانە رابپەڕێنن هەروەها ئەمەش لەئاکامی هەمان ئەو دیاردانەوە دەبێت.

توندوتیژی کە لەلایەن پیاوانەوە بەرامبەر بەژنان دەکرێت لەئاکامی ئەو یاساو رێساو بەها وەرگیراوانەوەیە کە لەکۆمەڵگاوە هاتوونو ئەمەش بەباڵا دەستی پیاوانو بێ دەسەڵاتی ژنان دەناسرێتەوە. هەرچەندە ستراکچەرەکانی دەسەڵاتی بنەمای رەگەزی پشتی بەشێوە جیاوازەکان لەسەر ئاستەکانی هۆشیاری لەکەلتووری ئەو کۆمەڵگایەی کەئەمانەی تێدا پەیڕەو دەکرێت، بەستووە. هەموو ئەمانە بەرجەستەی بەها تەقلیدییەکانی هەندێ جۆری سیستەمو بەردەوامبوونی ئەو سیستەمەی کەهەیە دەکەن. لەکاتی جێبەجێکردنی سیاسەت لەم بوارەدا دەبێت پرسیارو لێکوڵینەوە بەشێوەیەکی رەخنەگرانە لەسەر بەهاکانی باوکسالاری بکرێت. لێکۆڵینەوەکان لەسەر پیاوانو ئەو شتانەی کەپەیوەندییان بەپیاوانەوە هەیە یارمەتیمان دەدات کەهۆشیاریمان سەبارەت بەم بابەتە





زیاتر بێتو زۆر لەپیاوان چالاکانەو راستگۆیانە پەیوەست بن بەکاری یەکسانی جێندەرییەوەو بەئاشکرایی ئامادەیی خۆیان پیشان بدەن کەبەرەنگاری ئەو توندو تیژیانە دەبنەوە کە لەلایەن پیاوانەوە بەرامبەر بەژنان دەکرێت ئەمەش بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵگایەکە یان بەواتایەکی دی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکە کەبوارە جێندەرییەکان تێیدا یەکسان بێتو ژنو پیاو لەهیچ بوارێکدا جیاوازییان نەبێت بۆ نموونە کاری وەزیفیو پێدانی کرێ (مووچەپێدان)و زوڵم لێنەکردنیانو بەسووک سەیرنەکردنیانو بازرگانیان پێوە نەکرێت وەکو کاڵایەك...

کاتێ ستراکچەری بوونی دەسەڵات لەسەر بنەمای رەگەز نەهێڵراو کۆتایی پێهێنرا، ئەوا پێدەچێت ئەو سیستەمەی کەهەیە کۆتایی پێ بهێنرێت، ئەو سیستەمو بارودۆخەی کەپیاوان تێیدا خۆشگوزەرانتر لەژنان دەژین هەرچەندیشە پیاوان لێپرسراوو بەرپرسی زۆربەی هەرەزۆری ئەو تاوانانەن کەدەکرێن، ژمارەیەکی کەمیشیان دەتوانن خوێندنو خوێندگا تەواو بکەنو هەروەها پێشەنگی هەرەزۆری وێرانکارییە ژینگەییەکانیشنو خۆشییان وەك قوربانییەکی سیستەمی جیاوازی جێندەری دەردەخەن بەو واتایەی کەوا ئەوانیش لەهەندێ شتدا جیاوازییان لەگەڵدا دەکرێت.

ئەو کێشانەی کە لەم جۆرەنو حکومەت تێیدا ئامانجی خستنەگەڕی هەوڵو کۆششە بنچینییەکانییەتی کەتێدا ئەولەویەتی داوە بەهێنانە ناوەوەی پیاوان بۆ کاری یەکسانی جێندەری. حکومەت دەیەوێت

بەرەولای ئەو کێشەو مەسەلانەدا بچێتو هەنگاوی چالاك بنێت بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەو پرسیارو کێشانەی کە لەپەیوەندیکردن بەپیاوانو ئەو توندوتیژییانەی کە لەلایەن پیاوانەوە دەرهەق بەژنان دەکرێت، دروست دەبن. ئەم جۆرە کێشانەش(توندوتیژیانە) لەگفتوگۆ نێودەوڵەتیەکان خراونەتەڕوو و باسیان لەسەرکراوە.

### بەسێکسیکردن (sexualisation) * لەبوارە گشتییەکاندا:

زۆری بەکارهێنانی جەستەی ژنان وەك کالایەك بۆ راکێشانی سەرنجی هاولاتیانو فرۆشتنی کالاو خزمەتگوزارییەکانی ناو بازاڕو تۆڕی ئینتەرنێتو گۆڤارەکان.... ئەمەش بەڵگەی پەرەسەندنو زیادبوونی بەسێکسیکردن بۆ شتێك لەسەر بنەمای بەکارهێنانی جەستەیی مێینەیە لەکۆمەڵگای مۆدێرندا. ژنانو کچان لەپڕوپاگەندەکانو میدیاکانو لەتۆڕی ئینتەرنێت وەکو کالایەك بەشێوەیەکی سەرنج راکێشانە بەکاردەهێنرێن، هەروەها پیاوان لەم کەنالو میدیایانەدا بەشێوەیەکی بەرچاوانە رۆڵی خۆیان دەگێڕن کەرەنگدانەوەی جیاکارییە جێندەرییەکانی پێوە دیارەو هەر ئەمەش یارمەتی دروستبوون بەبەردەوامبوونی بیروباوەڕی نەگۆڕو باوی رەگەزی نێرینە دەدات.

* sexualisation: مانای ئەوەیە کەشتێك یان کەسێك بەرێگایەکی سێکسییانە سەرنج راکێش بکەیت.





ئێمە رۆژانە لەمیدیاکاندا ئەو وێنەو پەیامانە دەبینین کەپیاوان لەگەڵ دەسەلاتو هێزو ژنانیش لەگەڵ بێدەسەلاتیو بێکاردانەوەیان دادەنێت. ئەم پێشکەوتنە ناجێگیرە زنجیرەیەك ئاستەنگ بۆ گەیشتنو بەدەستهێنانی یەکسانی جێندەری دروستدەکات.

پێشکەوتنەکانی ئەم دواییانەی میدیاکانو بواری پەیوەندییەکان لەبوارەکانی تەلەفونو ئینتەرنێتو مۆبایلو زانیاری تەکنەلۆجیای نوێ کەرۆژانە فراوان دەبنو بەشێوەیەکی فراوان بوونەتە هۆی زیادبوونی رێگاکانی گەیشتن بەهەموو جۆرە زانیارییەکانو پەخشە بەربلاوەکان لەنێوان خەڵکدا بەگشتیو لەناو هەموو تەمەنە جیاوازەکانو لەناو پاسو میترۆکانو لەشەقامو شوێنە گشتییەکانو بەشێوەیەکی راستریش لەناو هەموو ماڵێکی سویدیدا، بۆ گەیشتن بەم جۆرە شتانە وەك پۆرنۆگرافیا (pornography) کە لەجاراندا زۆر سەخت بوو، بەلام لەئێستادا وانیەو ماڵپەرە پۆرنۆگرافیاکان لەتۆری ئینتەرنێتدا ئیستغلالکردنی سێکسییان لەلایەن پیاوانەوە بۆ ژنانو منالان ئاسان کردووە.

کۆششەکان لەلایەن حکومەتی مەرکەزیو دەسەلاتەکانی ترەوە بۆ فراوانکردنی یەکسانی جێندەریو پەخش نەکردنو بلاو نەکردنەوەی وێنە سێکسییەکانو ئیستغلالکردنی ژنانو منالان لەروانگەیەکی بەدرەوشتانەو پۆرنۆگرافیایانەی کەم کردۆتەوە. تەنانەت لەبواری مۆدێلی جلو بەرگی منالانەشدا دەتوانین ئەم جۆرە ئیستغلالکردنانە ببینین، ئەویش چونکە

مۆدەو دیزاینی جلوبەرگی منداڵان لەلایەن خاوەن کارە گەورەکانەوە بەئارەزووی خۆیان دادەنرێت.

هەرچەندە پەیوەندییەکی روون لەنێوان ناوەرۆکی ئەو پەیامانەی کەمیدیاکان پێیانە لەگەڵ کاریگەریان لەسەر خەڵك، دروستنەبووە. پروپاگەندە جێگیرەکان لەسەر ئەم جۆرە لاوازکردنەی هەستو سۆزەکانو دروستکردنی روانگەی خراپو ترسناك بۆ توندوتیژی سێکسی، ئەم بارودۆخەش بۆتە هۆی دروستکردنی کێشەو گرنگیدانو کارکردن بۆ بەدەستهێنانی زانیاریو لێکۆڵینەوەی زیاتر تاکو بزانرێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشانەدا دەکرێت.

## پلانی کار بۆ ئەو ئۆفیسەی کە لەئێستادا هەیە:

ئەمانەی لای خوارەوە کورتەیەکن لەسەر ئەو رێو شوێنانەی کەحکومەتی سویدی لەراپۆرتەکانیدا سەبارەت بەیەکسانی جێندەری خستویەتییەڕوو. ئەم کوتەیەش بەسەر بوارە سیاسییەکاندا دابەشبوو، ئەمانە لەژمارەیەك لەرەوشە کارگێرییەکانو پرۆسەی بودجە دانانیشدا بەکارهێنراون.

**بەتواناییو کاریگەری ئیدارە حکومییەکان:**

**گەشەپێدانی بواری تاکەکەسی:**

حکومەت ئامانجی جەختکردنەوەیە لەسەر کاری سیاسەتی تاکەکەسو هەوڵەکانی بۆ تەئکیدکردنەوە لەدەرفەتەکانی یەکسانی جێندەریو بۆ فراوانکردنو پێشخستنو کەمکردنەوەی بڕوبیانوی بوونی جیاوازی لەنێوان





ژنانو پیاوانو بەردەوامبوونی ئەم جیاوازییانە، دەبێت رێو شوێنەکان بەدوای کاری یەکسانبوونو ئەم ناتەواوییانەدا بچێت.

## دەسەڵاتی حکومەت لەدامەزراندنی کارمەنداندا:

حکومەت بەنیازە لەراپۆرتی ساڵانەیدا بۆ پەرلەمانی سویدی بەیاننامە لەسەر ژمارەو رێژەی سەدی ئەو پیاوو ژنانە بدا کە وەك بەڕێوەبەری ئاژانسەکان دامەزراون، بۆ نموونە وەك بەڕێوەبەرە گشتییەکانو پارێزگارەکانو بەڕێوەبەری مۆزەخانەکانو.... هەروەها دەبێت بەیاننامەکە ژمارەی تەواوی دامەزراندنیان لەهەریەك لەم ئاژانسانەی تێدابێت.

## یاسا رەوشتییەکان بۆ کارمەندە حکومییەکان:

حکومەت بەباشی دەزانێت کەکێشە رەوشتییەکان بەبەردەوامی بخرێنەروو لەلایەن ئاژانسە حکومییەکانەوە، گفتوگۆیان لەسەر بکرێت ئەمەش بۆ زیادکردنی رۆڵی هۆشیاریو لێپرسراوێتی لەناو کارمەندە حکومییەکانداو ئەم جۆرە هەوڵانەش بەتایبەتی لەژێر رۆشنایی پێشنیاری یاسای نەهێشتنی کڕینی خزمەتگوزارە سێکسییەکانەوە بەڕێوە دەچێت.

**دابینکردنی گشتی:***

حکومەت دەیەوێت بەکارهێنانی بەندەکانی دژەجیاکاری لەئاژانسی کۆنتراکتەکانی کڕینو دابینکردندا بنرخێنن بەتێڕوانینی بەجێهێنانی ڕێو شوێنەکانی کڕینو دابینکردنی پێویستیو خزمەتگوزاریو کارو پیشە کەئامانج تێیدا بەهێزکردنی یەکسانی جێندەرییە.

**گەشەسەندندی ئامارە فەرمییەکان:**

حکومەتی سویدی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی بۆ ئاماری وڵاتەکەی پێکهێناوە تا شیکردنەوە هەمە لایەنەکان پۆلێن بکات، هەروەها ئامارەکانی یەکسانی جێندەری کەهەن بەشێوەی قەبارەو بوارەکانی هەڵبسەنگێنێت. حکومەت بڕیارەکانی خۆی لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی ئەو بوارانەی کەلایەنی ئامارە جێندەرییەکان چاکتر دەکات دەردەکات بەپێی سیستمی ئامارە فەرمییەکانو ئەمەش پێویستی بەدەست نیشانکردنی شتی ترە.

**بەڕێوەبەرایەتی باجدان:**

حکومەت دەیەوێت لەهەڵسەنگاندنی داهاتووی کاریگەری هەمە جۆرێتی یاساکانی باجداندا، باری سەرنجی خۆی بخاتە سەر مەسەلەکانی یەکسانی جێندەری.

---

* Public Procurement: دەستەواژەیەکە بەکاردەهێنرێت لەوەسفکردنی دابینکردنی کارو پیشەو کڕینی پێویستییە خزمەتگوزارییەکان بۆ گەلو نیشتمان لەکاتی نەبوونیان لەلایەن دەستەی حوکمی لوکاڵیو مەرکەزییەوە..........(وەرگێڕ)





**سیستمی دادوەری:**

ڕێو شوێنەنەکان دژی هاوسەرگیرین بەمناڵی:

حکومەت دەیەوێت ڕێو شوێنی تایبەت پێشنیار بکات کەئامانج تێیدا ڕێگرتن بێت لەهاوسەرێتیکردن بەمناڵیو زۆرلێکردنیان بۆ هاوسەرێتیکردن.

**بنکەی پۆلیس:**

هۆشیاریو زانیاری زیاتر:

حکومەت پێشنیارەکانی وادادەنێت کەئامانج لێیان پێکهێنانی بنکەی پۆلیسییە کەهۆشیاریو زانیاری زۆری تێدا بێتو بگونجێت لەگەڵ بارودۆخی ژنانو پیاوان لەناو کۆمەڵگادا.

**پەیوەندیکردن بەکۆلێجی پۆلیسییەوە:**

حکومەت چاودێری ئەو پەیوەندیکەرانە دەکات کەپەیوەندی دەکەن بەکۆلیجی پۆلیسییەوە ئەویش بەمەبەستی بوونیان بەپۆلیسی ڕاهێنراو. دەبێت خولی ڕاهێنانەکە پلانو نەخشەی وای بۆ کێشرابێت کەسەرنجی زیاتری ژنان بەلای خۆیدا ڕابکێشێتو بتوانن زیاتر پەیوەندی پێوەبکەن.

**ناونووسکردنی ژنان بۆ پلەی بەرزی پۆلیسی فەرمی:**

حکومەت بەوردی بەدوا داچوون لەسەر بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەو ژنانەی کەپلەی بەرزیان هەیە لەبواری پۆلیسیدا، دەکات.

**داوا لەسەر تۆمارکردن:**

لەروانگەی حکومەتەوە دەبێت ژمارەیەکی زۆر لەژنان داواکاری گشتی بنو لەنێو ئەو ژنانەی کەپلەی بەرزی کارگێڕییان هەیە لەناو بواری دادوەریدا رەنگی دابێتەوە.

**دادوەران:**

ناونووسکردن بۆ بوون بەدادوەر:

حکومەت چالاکانە هەوڵی زیادکردنی ژمارەی ژنان دەدات بۆ گەیشتنیان بەپلەی بەرزی دادوەری، واتا بوونیان بەدادوەر.

**راهێنان:**

راهێنان بەمەبەستی پێشخستنی دەسەڵاتی قەزایی لەسەر مەسەلەکانی یەکسانی جێندەری.

**مامەڵەکردن لەگەڵ تاوانباران:**

حکومەت بەوردی چاودێری کاری زیندانی نەتەوەییو بەڕێوبەرایەتی چاودێریکردن دەکات لەبواری کاری یەکسانی جێندەریدا. ئەمەش لەو رێو شوێنانە پێکهاتووە کەئامانجیان بریتییە لەباشترکردنی رەوشتو هەڵسوکەوتی ئەو تاوانبارە سزا دراوانەی کەتوندو تیژییان بەرامبەر بەژنان کردووە.





**یاسای تاوانکاری:**

تاوانە سێکسییەکان:

حکومەت لەئێستادا بەگرنگی دەزانێت کەگۆڕانکاری بکات لەو سزایەی کەهەیەو دانراون بۆ تاوانە سێکسییەکان ئەوانیش ئەتککردنو بازرگانی پێوەکردنو بەدڕەوشتی.

**بازرگانیکردن بەمرۆڤەوە بۆ مەبەستی سێکسی:**

حکومەت لەئێستادا گرنگی بەپێشنیارەکانی دەدات سەبارەت بەفراوانکردنی ئەو یاسایانەی کەبازرگانیکردن بەمرۆڤەوە بۆ مەبەستە سێکسییەکان بەتاوانو نایاسایی دادەنێت.

**پاراستنی زیاتر بۆ ئەو مناڵو ژنانەی کەبازرگانیو توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت:**

حکومەت لەئێستادا گرنگی تایبەت بەو پێشنیارانە دەدات کە بەمەبەستی بەهێزکردنی ئەو رێو شوێنانەی کە بۆ پاراستنی ژنانو مناڵانو پاراستنیان لەبازرگانی پێوەکردنیانو توندو تیژیکردن بەرامبەریان دانراون.

**هاوکاریکردن لەگەڵ ئەورووپای ناوەڕاستو رۆژهەڵات:**

حکومەت دەیەوێت هەوڵەکانی بۆ فراوانکردنی یەکسانی جێندەری زیاتر بەهێزو گەورەتر بکات، لەم بوارە سیاسییەدا رێو شوێنەکان

لەبەرزنرخاندی راستییەکان لەسەر دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانی بەم مەسەلەیەو هاوبەشیکردن لەم بوارەدا لەدەوڵەتی سویدیو دەوڵەتانی ئەوروپایی ناوەڕاستو رۆژهەڵات پێکهاتووە.

**پلانی یەکخستن:**

حکومەت دەیەوێت رووەکانی یەکسانی جێندەری بەهێز بکات لەپلانی یەکخستنی ئەو کەسانەی کەجیابوونەتەوە لەکۆمەڵگا. هەوڵەکان لەگرتنەبەری رێو شوێنی چالاک پێکدێت کەئامانج تێیدا جەختکردنەوەیە لەسەلامەتی ئەو ژنو کچانەی کە لەمەترسیدانو بەناوی شەرفەوە توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت، هەروەها دابینکردنی سەنتەرێکی گونجاو بۆ لەخۆ گرتنی قوربانیانی توندوتیژی.

**پلانی میترۆپۆلیتی*:**

حکومەت دەیەوێت رووەکانی یەکسانی جێندەری لەپلانی میترۆپۆلیتی خۆیدا بەهێز بکات ئەویش بەوەی ئەم مەسەلانە لەبەشی سەرەکی لەبەڕێوەبردنی پرۆسەی مەبەستداردا دابنێت.

**پلانی کۆچکردن:**

بڕیار لەدواخستنی کۆچکردنو باری پەنابەری: حکومەت دەیەوێت گۆڕانکارییەکانی یاسای پەنابەری هەڵبسەنگێنێت، لە١ی تەمموزی (٢٠٠٠)دا

* metropolitan : بریتییە لەبنیادنانی شاری گەورەو گەشەپێدانی دەوروبەری، یان بریتییە لەبەشارستانیکردنی ناوچەیەک. (وەرگێڕ)





رێکەوتن لەسەر ئەم پلانەکراوە، ئەمەش پەیوەندی هەیە بەرێگاپێدان بۆ نیشتەجێبوون لەدەوڵەتی سویدیدا.

**پلەو پایەی پەنابەر لەرووی چەوساندنەوەی رەگەزیو مەیلی سێکسییەوە:**

حکومەتی سویدی دەیەوێت پەیڕەوی ئەو گۆڕانکارییانە بکات کە لەیاسا گونجاوەکاندا کراوە ئەمەش بۆ مەبەستی نەهێشتنی ترسی ئەو خەڵکانەی کەدەترسن لەزوڵمو زۆرو چەوساندنەوە بەهۆی رەگەزو مەیلی سێکسییانەوە وەك چۆن بەرامبەر سویدییەکان دەکرێن.

**راهێنانی کارمەندان لەسەر ئەو دەسەڵاتەی کەپەیوەندییان هەیە بەپەنابەری ژنانەوەو ئەو ئاژانسانەی کەلێپرسراون لەپەنابەری:**

**حکومەتو چاودێری تەندروستیو پزشکی:**

حکومەت بەپەرۆشەوە جەخت لەسەر لەزانیاریو هۆشیاری بارودۆخی ژنانو پیاوان لەبیمەی چاودێری تەندروستیو پزشکیدا دەکاتەوە، ئەم خزمەتگوزارییانە لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە بڵاودەکرێنەوە، ئەم خزمەتگوزارییانەش وەك بەشێك بۆ بەردەوامبوونی پرۆگرامەکانی پێشکەوتنی پرۆفیشناڵیو ئەم زانیارییانەش بەشێوەیەکی پراکتیزانە دەستەبەرکراون. تێڕوانینە جێندەرییەکان جەوهەریانە بەشێکی سەرەکی سیستمی بەها گشتییەکانن، دەبێت سیاسەتی گشتی بەیاننامە

گرنگەکان تەئکید لەسەر هۆشیاری مەسەلەکانی یەکسانی جێندەری بکەنەوەو لەکاتی چاودێریکردنو چارەسەرکردنی نەخۆشەکاندا گرنگی پێبدەن.

### تەندروستی گشتی:

حکومەت دەیەوێت مەسەلەو کێشە جێندەرییەکان پۆلێن بکات لەو گرنگییەی کە لەداهاتوودا ڕێو شوێنەکانی تەندروستی گشتی دەیگرێتەبەر بەو مانایەی کەگشت کەس بەبێ جیاوازی ڕەگەزو نەتەوەو تەمەن... وەك یەك چارەسەربکرێن.

### بیمەی منالّ:

حکومەت دەیەوێت تیشکی زیاتر بخاتە سەر گرنگییە جێندەرییەکان بەپەیوەندی لەگەڵ هەوڵەکانی بۆ ڕاپەڕاندی ئەو بڕیارانەی کە لەکۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر مافەکانی منالّ بەوەی کە کوڕانو کچان هەمان مافیان هەیەو مافەکانیشیان بەیەکسانی دەستەبەرکراوە بەو پێیەی کە لەکۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بڕیاری لەسەردراو ئەمەش بەڕەچاوکردنی تواناو پێویستییان.

### بیمە بۆ بێ تواناکان:

حکومەت دەیەوێت هەوڵەکانی لەشێوازەکانی بەرزنرخاندنی زانیاریو ڕاستییەکانو بەردەوام بوونی پرۆگرامەکانی پێشکەوتنە





پرۆڤیشناڵەکان لەشارەوانیو ئەنجومەنی پارێزگاکاندا زیاتر فراونتر بکات لەگەڵ ئەمەشدا پلانو بیمەی تایبەتو گونجاو بۆ بێ تواناکان دابین بکرێت بەپێی ڕەچاوکردنی جیاوازی نێوان بارودۆخی پیاوانو ژنان.

### بیمەی بەساڵاچوان:

حکومەت دەیەوێت ڕوانگەی جێندەری بۆ بەساڵاچووەکان لەپلانەکانیدا بخاتەڕوو، هەوڵەکانی بۆ جەختکردنەیە لەسەر ئەوەی کە چ ژنانو چ پیاوانی بەساڵاچوو هەمان خزمەتو چاودێریو بەهەمان جۆرو ئاست پێشکەش بکرێت.

### قەرەبووکردنەوە لەحاڵەتی لەدەستدانی توانای کارکردن:

حکومەت دەیەوێت دووبارە بەسەر بارودۆخی ئێستای زانیاریو ڕاستییەکاندا بچێتەوە تا بزانێت لەئەنجامی چیدا ئەم شتانە دروستبوون لەگەڵ ڕەچاوکردنی نایەکسانییە جێندەرییەکان کە لەکاتی مۆڵەتی پزیشکیدا دەردەکەوێت، بۆ وێنە کاتێ کرێکارێك یان فەرمانبەرێك یان کارمەندێك دەیکات لەکاتی کارکردنیانو خستنەڕووی بوارو حاڵەتەکان کەدەبێت لێکۆڵینەوەی نوێ بۆ ئەمانە دەست پێبکرێتو بزانرێت هۆی ئەم نایەکسانیانە چییە؟ هەروەها پێشنیار دەکرێت بۆ نەهێشتنی پاساوی نایەکسانی جێندەریو پەیوەندیکردن لەگەڵ هەڵسەنگاندنی لایەنی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ دووبارە پێداچوونەوەی پرۆگرامەکان:

**بیمەی ئابووری خێزان:**

لێکۆڵینەوە لەبیمەی باوان لەروانگەی منالۆ باوانەوە (دایکو باوك):

حکومەت دەیەوێت لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێك بهێنێت بۆ دەست نیشانکردنی حاڵەتو شێوازەکانی پلانی بیمەی باوان، بەمانایەکی دی ئەو پلانەی کەباوکانو دایکان دایدەرێژن بۆ داهاتو بودجەو چۆنیەتی سەرفکردنو پاشەکەوتکردنی بۆ کاتی تەنگانەو پێویستیو دوارۆژ. ئەمەش دەتوانرێت بەشێوەیەکی ئاسانترو گونجاوتر لەلایەن منالانەوە بۆ باوانیان بەکاربهێنرێت.

**گۆڕانکارییەکان لەپلانی بیمەی باواندا:**

حکومەت دەیەوێت باجی داهات بۆ بیمەی پلان زیاد بکات لەکاتێکدا باری دارایی حکومەت بواری پێداوەو هەروەها دەشیەوێت پێشنیار بکات کەکەمترین قازانجی بیمەی باوان زیاد بکات ئەمەش بەمەبەستی سوودوەرگرتن لەو پارەیەی کەدەیخەنە بانکەوەو هەروەها هۆکارێکیش دەبێت تا هانیان بدات لەداهاتوودا بەمشێوەیە داهاتەکانیان پاشەکەوت بکەن.

**پلانی بازاڕی کار:**

رەگەز پەرستی جێندەری لەبازاڕی کاردا:

حکومەت دەیەوێت لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ رەگەزپەرستی جێندەری لەبازاڕی کاردا پێکبهێنێت تا بەتەواوی بەدوای ئەم کێشەدا بچێتو چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە.





**پلانی ژیانی کارکردن:**

ئۆفیسی لیژنەی ناوبژیکردنی نیشتمانی:

حکومەت لیژنەی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی پێکهێناوە تا لەگەڵ بەشەکانی بازاڕی کار لەسەر مەسەلەکانی یەکسانی جێندەری گفتوگۆ بکات بەراوێژکاری لەگەڵ لیژنەی دابینکردنی دەرفەتە یەکسانەکان تا لەسەر ئەم مەسەلەیە گفتوگۆو بەدوا داچوون بکەن.

**دەستەبەرکردنی ئارامی زیاتر لەپیشەدا:**

حکومەت گرنگیدەدات بەو پێشنیارو رێو شوێنانەی کەئامانجیان چاککردنو دەستەبەرکردنی ئارامییە لەپیشەدا لەکاتی مۆڵەتدا بەتایبەت بۆ ژنان لەکاتی مۆڵەتی دایکایەتیدا.

**ماف کاری هەمیشەیی:**

حکومەت دەیەوێت لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکبهێنێت تا لێکۆڵینەوەی شیاو بۆ ماف پیشەی هەمیشەیی ئەنجامبدات.

**بەڵێنی کاری ماوە دیاریکراو:**

حوکمەت گرنگی بەو پێشنیارانە دەدات کەمامەڵە لەگەڵ ئەو کێشانەدا دەکەن کەپەیوەندییان بەبەڵێنی (کۆنتراکت) کاری ماوە دیاریکراوەوە (واتا ئەو بەڵێننامانەی کەبۆ مەبەستی کارکردن لەماوەیەکی دیاریکراودا دەبەسترێن) هەیە، ئەمەش وادەکات لەدوای تەواوبوونی ماوەی

دیاریکراو کەسی بەڵێندەر بتوانێت بەڵێننامەیەکی تر ببەستێت یان بەڵێننامەکەی تازە بکاتەوە.

**پلانی یەکسانی جێندەری:**

لێکۆڵینەوەی پلانی یەکسانی جێندەری:

حکومەت لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی دامەزراندوە بۆ هەڵسەنگاندنی مەبەستو ئاڕاستەو رێکخستنو کاریگەرییەکانی سیاستی یەکسانی جێندەری، لیژنەکە پرۆپۆزەڵەکان لەسەر مەبەستو ئامانجە دیاریکراوەکانی سیاسەتی یەکسانی جێندەری پێشکەشدەکاتو بڕیاردەدات رۆڵو ئەرکەکانی دەسەڵاتی گشتی لەم بوارەدا دیاریبکرێت، هەروەها پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵەکان سەبارەت بەرێکخستنو دیاریکردنی کاری یەکسانی جێندەری لەداهاتوودا.

**بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی یەکسانی جێندەری لەئۆفیسە حکومییەکاندا:**

پلانی کار بۆ یەکخستنەوەی یەکسانی جێندەری لەئۆفیسە حکومییەکاندا دادەڕێژێت.

**روانگەکانی یەکسانی جێندەری لەهەموو بوارە سیاسییەکاندا:**

حکومەت بڕیاری رێکخستنی لێکۆڵینەوەکانی یەکسانی جێندەری لەهەموو بوارە سیاسییەکاندا داوە لەگەڵ تێڕوانین بۆ دیاریکردنی مەبەستو ئاماژەپێکردنی ئامانجەکان.





**یەکسانی جێندەری لەپرۆسەی بودجەدانان:**

لەپرۆسەی بودجە داناندا حکومەت ئامانجێتی گرنگی زیاتر بەمەبەستە جێندەرییەکان بدات.

**هەڵسەنگاندنی کاریگەری پلانی یەکسانی جێندەری لەراپۆرتەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوەدا:**

حکومەت بەرەسمی داوای لێکولێنەوەی پلانی یەکسانی جێندەری دەکات کەکاریگەری لەسەر سیاسەتی یەکسانی جێندەری هەیە.

**ئامادەکاری بۆ بەڕێوەبردنی دەستەو لیژنەکان:**

حکومەت لەماوەی بەڕێوەبردنی خۆیدا دەیەوێت ئەو رێگاو شێوازانە هەڵسەنگێنێت کەکاریان کردۆتە سەر فراوانکردنی رۆڵی جێندەری نێوان ژنو پیاو لەبەڕێوەبردنی لیژنەو دەستەکاندا.

**کرێ (مووچە) پێدان بەشێوەیەکی یەکسان:**

حکومەت پێشنیاری پلانی کاردەکات کەئامانج لێی نەهێشتنی جیاکارییە جێندەرییەکانە کەدەبێتە هۆی دروستبوونی جیاوازی لەناو کۆمەڵگادا ئەمەش لەپێدانی کرێو مووچە بۆ هاوڵاتیانو ژنانو پیاوان بەروونی دیارەو هەروەها چاکسازییەکان کە لەم دواییانەدا لەیاساکاندا کرا کاریگەریشی لەسەر یاسای یەکسانی جێندەری هەبوو.

## توندو تیژی بەرامبەر بەژنان لەلایەن رەگەزی نێرەوە:

حکومەت بەردەوام دەبێت لەهەوڵەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی کە لەلایەن رەگەزی نێرەوە بەرامبەر بەژنان دەکرێت. شارەزایانی تایبەت ئاماژە بەهەڵسەنگاندنی ئەرکە گشتییەکانی ئاژانسەکان دەکەن کە بەشێوەیەکی یاسایی حوکم لەسەر توندوتیژی لەروانگەی دەسەڵاتو پلانو سیاسەتی جێندەرییەوە دیاریدەکەنو هەروەها لێکۆڵەرەوەی شارەزا لێکۆڵینەوەی تایبەت لەسەر دامەزراندنی سەنتەری نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی (لێدانو ئەتککردن) دەکەن ئەمەش وەك دامەزراوەیەکی نەتەوەیی حیسابی بۆ دەکرێت. لێکۆڵینەوەکان گرنگی دەدەن بەلێپرسینەوەیو پرسیارکردن لەقوربانییەکانی توندو تیژی دەستی پیاوان.

## بەدڕەوشتیو بازرگانیکردن بەمرۆڤەوە:

حکومەت دەیەوێت پێشنیاری پلانی کاری نیشتمانی بکات تاکو بەردەوام بێت لەجەنگاندن دژی بەدڕەوشتیو بازرگانیکردن بەمرۆڤەوە بەتایبەت ژنانو منالان بۆ مەبەستی سێکسی.

## بەسێکسیکردن لەبوارە گشتییەکاندا:

حکومەت دەیەوێت هەوڵەکانی بخاتەگەڕ بۆ دروستکردنی دەستەیەکی زانیاری ئەزموودار بۆ مەسەلەی بەسێکسیکردن لەبوارە





گشتییەکانداو هەروەها دەیەوێت کۆمەڵێك لەشارەزایان بۆ دیاریکردنی کێشە پەیوەندیدارەکان بەم بابەتەوە دابمەزرێنێت.

## پیاوانو یەکسانی جێندەری:

حکومەت دەیەوێت هەوڵەکانی بۆ دەستنیشانکردنی مەسەلەی پیاوانو یەکسانی جێندەری لەرەوشتی هاوکاریکردنی نێودەوڵەتیدا زیادبکات.

## هەوڵە بەردەوامەکان بۆ ناسینەوەی بنەما جێندەرییەکان:

حکومەت گرنگییەتی زیاتر دەدات بەلێکۆڵینەوە لەپێشنیارەکانی ئەو لیژنەیەی کە بۆ دەستنیشانکردنی بنەما جێندەرییەکان لەبوارەکانی بەرهەمو خزمەتگوزارییەکاندا دیاریکراون.

## پلانی فێربوونو پەروەردە:

بوونی پێشڕەو بۆ روانگە جێندەرییەکان:

حکومەت گرنگی بەبوونی پێشڕەو لەم بوارەدا دەدات وەکو مەسەلەیەکی جەوهەریی بۆ لێپرسراوێتی دەسەڵات بۆ راپەڕاندنی ئەم پلانە، ئەویش بەهەوڵدان بۆ گوڕینی نایەکسانی جێندەریو بڵاوکردنەوەی هۆشیاری زۆر بۆ روانگە جێندەرییەکان.

**دابەشکردنی نایەکسانانەی جێندەری لەئیدارە گرنگەکانی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵادا:**

حکومەت لەم دواییانەدا رێو شوێنی گونجاوی پێشنیارکردووە کەئامانج تێیدا راستکردنەوەی دابەشکردنی نایەکسانانەی جێندەری (رەگەزی) لەنێو سەرۆکی زانکۆو سەرۆکی کۆلێجی زانکۆکانو هەروەها دەیەوێت بەوردی چاودێری هەوڵەکانی ئەم دامەزراوانە بکات بۆ تەئکیدکردنەوە لەو گۆڕانکارییانەی کە لەم بوارانەدا روودەدەن.

**دابەشکردنی جێندەری لەنێو ستاڤی کارکردندا:**

حکومەت دەیەوێت بەوردی چاودێری خوێندگاو دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا بکات بۆ راستکردنەوەی دابەشکردنی نایەکسانانەی رەگەزی لەسەر ئاستی ستافەکان لەناو هەموو سیستەمی خوێندنو فێربووندا.

**جیاکاریو مامەڵەی سوكو نایەکسانانە:**

حکومەت بەگرنگی دەزانێت کە لەباخچەی ساوایانو خوێندگاو پەیمانگاو زانکۆو کۆلێژەکان دەبێت هەوڵبدرێت بۆ جەختکردنەوە لەسەر یەکسانی هاوڵاتیان لەناو کۆمەڵگادا بەپێی رەچاوکردنی رەسەنو باکگراوندیان، بەشێوەیەکی پراکتیزە بەمانای بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرەکانی مەمەڵەی سووكو جیاوازو هەروەها تەنگەژەی سێکسی.





**کوڕانو کچان لەمەترسیدان:**

حوکمەت خوازیارە کەجەخت لەسەر گرنگیو کاریگەری فراوانی پەخشی زانیاریو هۆشیاری دەربارەی حاڵەتەکانی کوڕانو کچانی بێدەسەڵات بکاتەوە، لەئەنجامی ئەم پەخشکردنە نمونەی سوودبەخشی دەست بکەوێتو روانگەی سەرەکی حکومەت ئەوەیە کەڕێو شوێنەکانو پێشکەوتنەکان لەم بوارەدا بەوردی بەدواداچوونی بۆ بکرێت.

**لێکۆڵینەوەی تایبەت بۆ پێشنیارکردنی یاسا سەبارەت بەتەنگەژەی سێکسی لەدایەنگاو خوێندگاو دامەزراوەکانی خوێندنی باڵادا:**

حکومەت پلان دادەنێت بۆ داواکردنی لێکۆڵەرەوەی تایبەت بۆ پێشنیارکردنی یاسایەك کەجیاکاری لەسیستەمی خوێندندا ناهێڵێت.

**مامەڵەی یەکسانی خوێندکاران لەیاسای خوێندنی باڵادا:**

حکومەت ئامانجیەتی کەبەوردی بەدوایی هەوڵەکاندا بچێت لەزانکۆو کۆلیژەکاندا بۆ پێداگرتن لەسەر بڕگەکانی یاسایی مامەڵەی یەکسانی خوێندکاران لەخویندنی باڵادا.

**لێکۆڵینەوە لەخۆشگوزەرانی خوێندکاران:**

حکومەت داوای لەلیژنی لێکۆڵینەوەی خۆشگوزەرانی خوێندکاران کردووە کەئەو شتانە پراکتیزە بکەنو بیانناسێنن کە بۆ منداڵانو خوێندکاران سوودمەندن.

## جۆریەتی لەسیستەمی فێربووندا:

حکومەت بەگرنگی دەزانێت کەبەدواداچوونو هەڵسەنگاندنی جۆریەتی لەخوێندنو فێربوون بەهێز بکرێت لەسیستەمی خوێندنو فێربووندا ئەویش هەر لەقۆناغی دایەنگاوە تا خوێندنی باڵا.

یەکسانی جێندەری مەسەلەیەکی گرنگی لەروانگەی حکومییەوە دەبێت، هەروەها دەبێت ئەنجوومەنی شارەوانییەکان گرنگی بەمەسەلەکانی یەکسانی جێندەری بدەن، کاتێ جۆرە ستانداردەکان هەڵدەسەنگێنن لەسیستەمی خوێندگاکاندا هەروەها دەبێت کێشە جێندەرییەکان هەر لەتەمەنی دایەنگاو خوێندگاشەوە گرنگی پێ بدرێت.

## پێویستی مادیو جۆرێتی هێماکان:

حکومەت داوایکردووە لەئاژانسی نیشتمانی بۆ فێربوون کەگەشەبدات بەهێماو نیشانە ستانداردەکان بۆ حیسابکردنی جۆریەتی لەخوێندگاو دایەنگاکانو دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا. هەر بوارێکی چالاک تایبەتمەندی پێشبینیکردنی خۆی هەیە – تایبەتمەندییەکانیشی وەك بەها دیموکراتییەکانو یەکسانی جێندەریو رەفتاری خراپو شەڕانگێریو زاڵبوون بەسەر کەسانی بێ دەسەڵاتو بەشداریکردنی باوانو خوێندکارن– کەدەبێت بەپێی جۆری بوارە چالاکەکە دیزانی بۆ کردبێت.





## پێویستی زانیاریو کێبڕکێکردن:

ستاف شارەزاو توانا بۆ مەسەلەو کێشەکانی یەکسانی جێندەری گرنگن، ئەمەش بۆ دەستەبەرکردنی هەمە جۆرێتیو پێشکەوتن لەدایەنگاو خوێندگاو ناوەندیو دواناوەندیو زانکۆو پەیمانگاکاندا. مامۆستایانیش رۆڵی گرنگ دەگێڕن لەکۆبوونەوەی پێویستییە فەرمییەکانو لەدابینکردنی خوێندن بەدرێژایی ژیان.

## یەکسانی جێندەری لەدایەنگا:

حکومەت دەیەوێت پرۆپۆزەڵی نوێ ئامادەو پێشکەش بکات کەئامانج تێدا هاندانو پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانە بۆ خێرا تێگەشتنی مەبەستو ئامانجەکانی یەکسانی جێندەری لەقۆناغی دایەنگادا.

## پرۆگرامەکانی راهێنانی نیشتمانی بۆ سەرۆکی مامۆستایان:

حکومەتو مەبەستەکانی کە لەئێستادا هەیە بۆ پرۆگرامەکانی مەشقی حکومی بەڕێوەبەران دادەنێت کە بەڕوون سەبارەت بەیەکسانی جێندەری نییەو دەبێت ئەم یاساو رێسایانە لەلایەن ئاژانسی سویدی بۆ چاکسازی خوێندگاکان روون کرابێتەوە. هەروەها روانگەی حکومەتەوە دەبێت لایەنی بەرپرس زانیاریو هۆشیاری مەسەلەو کێشە جێندەرییەکان روون بکاتەوە کەبنەمای سەرەکین بۆ سەرکردایەتی دیموکراتیو لێکۆڵینەوەو راگەیاندن.

راهێنانی ستاف پەروەردە لەبوارەکانی یەکسانی جێندەریو مەسەلە جێندەرییەکان تەرخانکردووە. ئەم پلانە ئامانجی فراوانکردنی تێگەشتنو هۆشیارو کێبڕکێ کردنە لەم بوارەداو بەرزنرخاندنی جۆری چالاکییەکانە لەدایەنگاو خوێندنگاکانو بوارە پەروەردەییەکانی تر لەبواری یەکسانی جێندەریدا، حکومەت ئامانجێتی کەبەلایەنی کەمەوە نوێنەرێك یان زیاتری هەبێت لەئەنجومەنی شارەوانییەکاندا.

**جێندەرو کاروبارەکانی یەکسانی جێندەری لەخوێندنی باڵا:**

حکومەت خوازیارە کەتەئکید لەگرنگی دراسەکردنی جێندەریو یەکسانی جێندەری لەخوێندنی باڵادا بکاتەوەو گرنگی بدات بەپڕۆپۆزەڵە خۆیەکان کەئامانج تێدا بەهێزکردنی مەسەلەکانی یەکسانی جێندەریو جێندەرە لەکۆرسی فێربوونو خوێندندا.

**بەئەنجام گەیاندنو هەڵبژاردنو جێندەر:**

زۆربەی ڕێو شوێنەکانی یەکسانی جێندەری لەسیستەمی پەروەردەدا بەڕەسمی بڕیاری لەسەردراوە کەئامانج تێدا ژنانو کچانە. حکومەت گرنگی بدات کەزۆر لەهەوڵو ڕێو شوێنەکان کە لەم بوارەدا دەگیرێتەبەر دەبێت تەرکیز لەسەر پیاوانو کوڕان بکات ئەمەش لەپێناوی شکاندنو نەهێشتنی کۆتو بەندی شێوازی هەڵسوکەوتی بنەما جێندەرییە تەقلیدییەکانو لەگەڵ ئەو ڕۆڵانەی کەدەبنە هۆکاری سەرەکی بۆ





بەدەستهێنانی ئەنجامی کەم لەلایەن جێندەرییەکان. بەیەکسانی جێندەری تواناکانی هەردوو رەگەز دەستنیشان دەکات بۆ زانینی توانا شاراوەکانیان وەك مرۆڤ و گونجاندنی لەگەڵ هێزو تواناکانی خۆیان.

**دەستنیشانکردنو دەستپێکردن:**

لەروانگەی حکومەتەوە پێویست دەکات کەزۆر بەخێرایی بەرەنگاری سیستەمەکانی پەروەردە لەهەموو قوناغەکانی خوێندا بکرێتەوە، چونکە دەبێتە هۆی بەردەوام بوونی هەڵوێستو رەفتاری دووبارەبووە بنەما جێندەرییەکان کەهەر زۆریشیان لەراستیدا رەوا نین.

**ماریفەتی گونجاو:**

لەروانگەی حکومەتەوە ئەو زانستو ماریفەتانەی کەتوانایی گونجاندنیان هەیە دەتواندرێت بەکاربهێندرێت بۆ فراوانکردنی یەکسانی جێندەریو لەئاکامی ئەمەش رێژەی پیاوان لەبواری کاربەدەستی خوێندنی باڵا ئامادەییو دواناوەندیدا زیاترە بۆیە بەهۆی گەشەدان بەیەکسانی جێندەری ئەم رێژەیەش دەگۆرێت.

**جەختکردنەوە:**

تەئکیدکردنەوەی پەیوەندییە وەزاریەکان.. هتد پێشکەوتنی بەردەوام لەبواری خوێندنی هەرزەکاراندا دەکات لیژنەیەك بۆ ماوەیەك دابمەزرێنێت بەمەبەستی ئەو بەدواداچوونانەی کە لەدەرەوەی سیستەمی

پەروەردەدا دەکرێت. ئەم جەختکردنەوەیە ناسینەوەو بەڵگەی لەسەر لێهاتوویی‌و کارامەیی ڕاستەقینەی مرۆڤ تێدایەو حکومەت دەیەوێت ئەم زانیارییانە بنێرێت بۆ پەرلەمانی سویدی، چونکە پەرلەمانی سویدی داوای وەڵامی کردبوو بۆ ئەم مەبەستەو بەپەیوەندی لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا.

**ئاڕاستەکردن:**

جەختکردنەوەی پەیوەندییە وەزارییەکان... پێشکەوتنی بەردەوام لەبواری فێرکردن‌و خوێندنی هەرزەکاران پێشنیاری ئەوە دەکات کەئاژانسی نیشتمانی بۆ فێربوون دووبارە پیاچوونەوە بکات بۆ هەوڵەکانی دەسەڵاتی ناوخۆیی بۆ دەستەبەرکردنی سیستەمی گشتی خوێندگاکان بەئاڕاستەکردنە دەدات بەپەرلەمانی سویدی.

**پلانی کلتوری:**

ڕەهەندی* جێندەری لەچالاکی مۆزەخانەکاندا:

حکومەت ئامانجیەتی کە لەکۆششەکانی بەردەوام بێت بۆ بەهێزکردنی ڕەهەندی جێندەری لەچالاکی مۆزەخانەکاندا واتا لەهەموو ئەو بوارانەی کەپەیوەستن بەکەلتورو پاشماوەی کۆن‌و شارستانییە جۆراوجۆرەکان

* ڕەهەند: ئەو ڕووەی یان ئەو ڕێگایەی کەبیری لەشتێکی دیاریکراو پێیدەکەویتەوە.





کەپسپۆڕان‌و شارەزایان لەم بوارانەدا زیاتر پیاوان‌و ڕێژەی ژنان لەچاویاندا کەمترە.

**گونجاندنی بارودۆخی باشتر بۆ ژنان لەبواری بەرهەمهێنانی فیلمدا:**

حکومەت ئامانجیەتی کەکۆششەکانی بەردەوام بێت بۆ چاکردنی باری ژنان لەبواری بەرهەمهێنانی فیلمدا ئەمەش بەهەمان شێوە زیاتر پیاوان بەشدارن تێداو ژمارەیەکی زۆریان بەرهەمهێنەرو دەرهێنەری فیلمن.

**بارودۆخی هونەرمەندان:**

حکومەت داوایکردووە کەراپۆرتێکی سەبارەت بەو نایەکسانیانەی کەدەستی لەنێوان بارودۆخی ژنان‌و پیاواندا هەبێت کەوەك هونەرمەند کار دەکەن پێشکەش بکرێت.

**پلانی کار بۆ گەنجان:**

پێداچوونەوەی پلانی کار لەئێستادا:

حکومەت دەیەوێت پێداچوونەوە بکات بۆ ئەو پلانی کارانی کەهەیە بۆ گەنجان، یەکێك لەمەبەستەکانیشی بریتییە لەبڵاوکردنەوەی باوەڕی باری کاروباری جێندەرییەکان لەم بوارەدا، چونکە بەبڵاوکردنەوەی کاروبارو کێشە جێندەرییەکان دەتوانرێت چارەسەریان زووتر بۆ بدۆزرێتەوەو هەروەها خێراتر یەکسانی جێندەری بەرقەرار بێت.

**باشەکەوتکردنی پارە بۆ کاتی پشووی کارو، کات بەسەربردن لەروانگەی یەکسانی جێندەرییەوە:**

حکومەت بەردەوام دەبێت لەگەشەپێدانی کۆششەکانی لەئەنجوومەنی شارەوانییە دەسەڵاتدارەکاندا بۆ شیکردنەوەی‌و دابەشکردنی هاوکاری ماددی چالاکییەکانی کە لەکاتی پشووداو کات بەسەربردن لەروانگەی یەکسانی جێندەرییەوە، دەکرێت.

**پلانی کاری رێکخراوە مەدەنییەکان:**

دەستەبەرکردنی وەرزش‌و چالاکی:

حکومەت دەیەوێت بەردەوام بێت لەهەوڵەکانی لەرێکخراوە مەدەنییەکان ئەویش بۆ تەئکیدکردنەوە لەسەر دەستەبەرکردنی وەرزش بۆ هەموو کەسێك بەبێ جیاوازی واتا هەموو کەسێك بتوانێت وەرزش بکات بەیەکسانی‌و دەبێت کچان‌و کوڕان‌و ژنان‌و پیاو هەمان دەرفەتی یەکسانانەیان هەبێت لەرێکخراوە وەرزشییەکاندا.

**هاوکاریکردنی رێکخراوەکان:**

حکومەت ئامانجیەتی کەرێکخراوە مەدەنی‌و گشتییەکان دابمەزرێنێت بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە کەئەم سەرکەوتنەشیان دەبێتەهۆی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی باوی جێندەری‌و هەروەها بەدوو رێگا لێکۆڵینەوە دەکات بۆ بەهێزکردنی هاوکاری رێکخراوەکانی ژنان.





**پلانی کاری نیشتەجێکردن:**

دەبێت بۆ راپەراندنی کارو باری یەکسانییە جێندەرییەکان لەپلانی داهاتووی نیشتەجێبووندا لەپێداچوونەوەی یاسادا لەنیشتەجێکردنی هاوڵاتیان بەبێ جیاوازی رەگەزی‌و نەتەوەیی.

**پلانی کاری ژینگەیی:**

ئەجندای ژمارە(٢١)و ژینگەی تایبەت:*

حکومەت هەوڵی بڵاوکردنەوەی بیرو باوڕی باری کاروباری یەکسانییە جێندەرییەکان دەدات بەو پێیەی لەژمارە (٢١)** و ژینگەی تایبەتدا هاتووە. ئەجندای ژمارە (٢١) بریتییە لەدانی بەجێهێنانی کارنامەی ژینگەی تایبەت بەهاوکاری‌و یارمەتی‌و شارەزایی ئاڵوگۆڕکراو لەنێوان رێکخراوەکاندا.

**رووەکانی یەکسانی لەبواری پاراستنی سروشتدا:**

حکومەت گرنگی بەرێ‌و شوێنەکان بۆ پشتگیری‌و هاوکاریکردن لەروانگەکانی یەکسانی جێندەری لەدەسەڵاتی لۆکاڵی‌و پاراستنی ژینگەی لۆکاڵی دەدات. زانیاری زیاتر بۆ تەئکیدکردنەوە لەکاریگەری یەکخستنی کاروباری یەکسانی جێندەری‌و کاری پاراستی سروشت، پێویستە.

---

* واتە ئەو جێگایەی کەجۆرە گیانداریك یان رووەکێکی تایبەتی تێدا دەژی، بۆ نموونە پاندا لەدارستانە حەیزەرانەکاندا "ژینگەی تایبەت" دەژی.

** ئەجندای ژمارە (٢١) سەبارەت بەژینگەو گەشەپدانەو تایبەتە بەنەتەوە یەکگرتووەکان.

## ژینگەو تەندروستی:

حکومەت ڕێو شوێنی توند دەگرێتەبەر بۆ جەختکردنەوە لەسەر گونجاندی یەکسانی جێندەری لەنێوان ژنانو پیاوان لەکاتێکدا جۆرە خواردنێکی دیاریکراو دەستنیشان دەکرێت کەمەترسی هەیە لەسەر تەندروستی، دەبێت بەتەواوەتی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت تابزانرێت بۆ هەردوو ڕەگەز جێی مەترسییە یان نا. لێکۆڵینەوەکان لەسەر کاریگەرییەکانی مادە کیمیاییەکان لەسەر ژنانو پیاواندا لەخۆراکدا دەبێت بەتوندی ڕەچاو بکرێنو گرنگی پێ بدرێت.

## پرۆگرامی ژینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNEP):

حکومەت چالاکانە هەوڵەکانی بۆ بەهێزکردنی گونجاندنی یەکسانی جێندەری بەپێی بارودۆخەکان لەپرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان فراوانتر دەکات. پەیامی پرۆگرامی ژینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بریتییە لەسەرکردایەتیکردنو هەوڵدان بۆ پاراستنو چاودێریکردنی ژینگە بەپێدانی زانیاری هۆشیاریو توانایی زیاتر بەخەڵکو گشت نەتەوەکانی دنیا بۆ چاککردنی جۆری ژیان چارەسەرێکی ناوەندی واتا مرۆڤ بتوانێت لەژینگە سوودمەندبێت بەبێ گەیاندنی داهاتەکانو سروشت.





## دەستکەوتەکانی یەکسانی جێندەری لەپاش جوهانسبیرگ*:

حکومەتی سویدی چالاکانە هانی گەشەپێدانی دەستکەوتەکانی یەکسانی جێندەری دەدات بەهاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکانیش کەرۆڵی چالاکیان هەیە لەم بوارەداو بەبەردەوامی هەوڵدەدەن بۆ فراوانکردنی گەشەپێدانی بەردەوام.

## پلانی پرۆگرامی دە ساڵی بۆ بەکارهێنانو بەرهەمهێنانی بەردەوام:

حکومەت دەیەوێت بەڕەسمی داوا لەئاژانسی پاراستنی ژینگەیی بکات بۆ دراسەکردنی کاریگەریەکانی کۆنترۆڵکردنی پلانی ژینگەیی لەسەر پیاوانو ژنانو زانینی کاریگەری ژینگە لەسەریانو کاریگەری ئەوانیش لەسەر ژینگەو دەوروبەر.

## پرۆگرامی تر بۆ هاوکاریکردنی ژینگە:

حکومەت دەیەوێت بەردەوام بێت لەجەختکردنەوەو گرنگیدان بەمەسەلەکانی یەکسانی جێندەری لەڕەوشی هاوکاریکردنی ژینگەی نێودەوڵەتیدا.

---

* جوهانسبیرگ: یەکێکە لەشارە گەورەکانی ئەفەریقای باشوور لەبەرواری ٢ بۆ ٤ی سێپتەمبەری ٢٠٠٤ کۆنگرەی زەوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدانی بەردەوام لەوێ بەسترا. (وەرگێر).

**پلانی هاتووچۆو گواستنەوە:**

حکومەت دەیەوێت بێجگە لەئامانجە سەرەکییەکانی ئامانجی تری هەبێت بۆ سیستمی هاتووچۆو گواستنەوە، وەك بەشێك لەهەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی مەبەستی سیستمی گواستنەوەی یەکسانی جێندەری ئەمەش زۆر لایەن دەگرێتەوە وەك یەکسانی لەنرخی گواستنەوە، یان هەردوو رەگەز هەمان مافیان هەبێت لەلێخوڕینی ئۆتومبێلو پاسو شەمەندەفەرو....تد.

**ئای تیو خزمەتگوزاری پەیوەندیو پێویستییەکان:**

حکومەت ئامادەکاری راگەیاندووە بەپەیوەندی لەگەڵ دامەزراندنی لیژنەی ئای تی لەنێو هەموو شتەکانی تردا کەبەرەسمی پێشنیاری ئەو رێو شوێنانە بکات کەئامانجی بڵاوکردنەوەی مەسەلەو کێشە یەکسانییە جێندەرییەکانەو ئەم خزمەتگوزارییانە زیاتر دەبنە هۆی بڵاوکردنەوەی ئەم پەیامە.

**پلانی بازرگانیو پیشەسازی**

ئامادەکاری لەکەرتی تایبەتدا:

دەبێت حکومەت هەوڵبدات تا یەکسانی جێندەری فراوانتر بکات لەکەرتی تایبەتدا وەك کۆمپانیاو بازاڕو بەڕەسمی پێشنیاری رێو شوێنی گونجاو بکات بۆ ئەم ئامانجە. هەروەها حکومەت لێکوڵینەوەی گونجاوو ئامانجدار دەکات لەچوارچێوەی داڕشتنی یاسایی گونجاودا لەچاککردنی رۆڵو بوونی ژنان لەدەستەو ئەنجومەنی کۆمپانیاکاندا. هەوڵەکان بەردەوام دەبێت لەچاککردنی



پلانی کاری نەتەوەیی بۆ یەکسانی جێندەری و: شۆفە عەبدوڵڵا

رێژەی ئاماری دابەشکردنی جێندەری لەدەستەیی کۆمپانیاو ئاستی بەڕێوەبردندا.

**زیادکردنی ژمارەی ژنانی بەڵێندەر:**

حکومەت پلانی دابینکردنی هاوکاری ماددی دادەنێت بۆ بەڵێندەرایەتی ژنانو هەروەها هەوڵدەدات بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەو زانیاریو رابەرییانەی کە لەم قۆناغەدا هەیەو بەشێوەیەکی گونجاویش پێشنیار بەرەسمی دەکات بۆ تواناو پێویستەکانی ژنانو پیاوان لەم بوارەدا (بەڵێن دەرایەتی).

**ئاماری گشتی جێندەری لەبەڵێندەرایەتیدا:**

حکومەت هەڵدەستێت بەفراوانکردنی رێژەی ئاماری گشتی رەگەزی لەبەڵێندەریاتیدا زیاتر دەکات.

**بیمەی ئاژەڵان:**

حکومەت بەرەسمی داوای لەدەستەی کشتوکاڵی کردووە بۆ بەجێگەیاندنو دراسەکردنی هەمەلایەنەی گۆڕانکارییە ستراکچەرییەکان لەسەر کاری ڤێتەرنەری هەروەها حکومەت دەیەوێت پرۆپۆزەڵەکان پێشکەشی کەرتی تایبەتی گیانداران بکات بۆ پاراستنی ژیانی ئاژەڵانو باش مامەڵە لەگەڵ کردنیان وەك کێڵگەی ئەسپیو کێڵگەی گیاندارە ماڵییەکان لەباخچەی ئاژەڵاندا.

**پلانی کاری نەتەوەی سامی:***

حکومەت دەیەوێت تەرکیز لەسەر رێگای زیاتری بەهێزکردنی یەکسانی جێندەری بکاتەوە لەکۆرسی کاری بەردەوامدا بەپەیوەندی لەگەڵ راپۆرتی لیژنەی پەرلەمانی سامیدا.**

**دیموکراسی:**

حکومەت دەیەوێت هەوڵەکانی بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکان لەسەر مەسەلەو کێشەکانی یەکسانی جێندەری لەپەرەپێدانی پلانی کارو بیمەو سیاسەتەکان‌و دیموکراسیدا بەرەو پێشبەرێت.

**کەمینە:**

حکومەت دەیەوێت روانگەکانی یەکسانی جێندەری لەناوچەی سیاسەتی کەمینەییەکاندا بەهێز بکات.

---

*سامییەکان نەتەوەیەکن زمان‌و کلتورو داب‌و نەریتی تایبەت بەخۆیان هەیەو بەرەسەن ئەسکەندەنافین‌و دابەشبوون بەسەر چوار وڵاتدا ئەوانیش سویدو نەرویج‌و فیلەنداو باکوری رووسیا. رێژەی (١٠٪)ی ژمارەی دانیشتوانی باکوری سوید پێکدەهێنن لەرێژەی دانیشتوانی گشتی. (وەرگێڕ)

**پەرلەمانی سامی سویدی لەساڵی ١٩٩٣دا بەپێی بریارێك کەحکومەتی سویدی دەریکرد دامەزرا. ژمارەی ئەندامانی ٣١ ئەندامەو لەلایەن سامییەکانەوە بەدەنگدان هەڵبژێردران. پەرلەمانی سامی لەسویدا دوو رۆڵ دەگێڕێت ئەوانیش وەك دەستەیەکی هەڵبژیراوی گشتی‌و لەهەمان کاتیشدا وەك دەسەڵاتێکی حکومی رۆڵ دەبینێت. (وەرگێڕ)

# کتێبی دووەم

# ڕێکخراوی کاری یەکسانی جێندەری لەسوید





ئەم بڵاوکراوەیە دەربارەی ڕێکخراوی کۆششە حکومییەکانی سویدییە بۆ فراوانکردنی یەکسانی جێندەری. کەتیایدا وەسفی چۆنیەتی کارکردنی ئێستا دەکات کە بەچ شێوەیەك لەسەر ئاستە جیاوازەکانی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان ڕێکخراون، هەروەها کورتەیەکی لەسەر کارکردن بەبیروباوەڕی جێندەری تێدایە کە لەم دەساڵەی داهاتوودا لەسویدیدا گەشەی سەندووە.

## بەرەوپێشەوە چوون:

مەبەستە سیاسییەکانی جێندەرو باوەڕی باوی جێندەری:

ئامانجی سەرەکی سیاسەتی یەکسانی جێندەری حوکمەتی سوید بۆ ژنانو پیاوان بریتیە لەدەستەبەرکردنی هەمان لێپرسراوێتیو مافو دەرفەت لەهەموو بوارەکانی ژیاندا. بۆ بەدەستهێنانی ئەم مەبەستەش پێویستی بە رێکخستنی پلانێك هەیە کەچۆن هەوڵو کۆششەکانی یەکسانی جێندەری رێك بخرێت، هەروەها رێکخستنی پێکهاتەیەك کەپێویستییەکانی پێ پڕبکرێتەوە بۆ کۆمەڵگایەك کەتوانای دابینکردنی دەرفەتەکانی یەکسانی جێندەری هەبێت. سیاسەتی ئاکتیڤی جێندەر پێویستە بنەمایەکی ماریفەتدارو بەردەوامی لەشیکردنەوەی ئەو هۆکارانەی کەدەبنە هۆی نایەکسانی جێندەری، هەبێت.

## یەکسانی جێندەری راستەقینەو فەرمی:

لەم دواییانەدا هەوڵو کۆششەکان بۆ فراوانکردنی یەکسانی جێندەری لەسوید گرنگیداوە بەبەدەستهێنانی یەکسانی جێندەریو لەرێگای بڕیارە فەرمییەکانەوە بەجێهێنراوە ئەمەش بۆ دڵنیاکردنەوە لەوەی کەپێویستە پیاوانو ژنان لەبەردەمی یاسادا یەکسان بن. بەدرێژایی چەندەها ساڵ کاری یەکسانی جێندەری بەشێوەیەکی گشتی پێوەرە تایبەتییەکانی تاکەکەسەکان دەگرێتەوە وەك راگەیاندنی چالاکیو کۆششەکان تاکار بکەنە سەر هەڵوێستەکان، هەرچەندە ئەمەش یەکسانی راستەقینە لەنێوان





پیاوانو ژناندا ناخوڵقێنێ. ئەو پەندەی کە لەم ماوەیەدا فێری بووین، بووە هۆی ئەوەی کەبمانگەیەنێتە دەرئەنجامێك کەهەڵوێستی جیاواز بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە جێندەرییەکانو هەروەها پلانی سیاسەتی جێندەریش پێویستە گرنگیبدات بەناهاوسەنگی دەسەڵات لەنێوان پیاوانو ژناندا. لەساڵی (١٩٩٤)دا حکومەتی سوید بڕیاری لەسەر ستراتیجیەتێك دا سەبارەت بەباوەڕی باوی جێندەری، ئەم بڕیارەش بۆ دەستەبەرکردنی بڕیارە نوێیەکانی کارکردنەو بەشێوەیەکی گشتیش هەوڵو کۆششەکان بۆ یەکسانییە جێندەرییەکان لەکارە دیاریکراوەکاندا کەهێمای دەستپێکردنی پرۆسەی گۆڕانکارییە فرەییو درێژخایەنەکان دیاریدەکات.

## ئامانجە سیاسییەکان:

ئامانجە سەرەکییەکانی سیاسەتی یەکسانی جێندەری سویدی بریتیە لەدەستەبەرکردنی هەمان دەرفەتو مافو لێپرسراوێتی بۆ پیاوانو ژنان لەهەموو بوارە جیاوازەکانی ژیاندا ئەمەش ئاماژە دەکات بە:

- دابەشکردنی یەکسانانەی دەسەڵاتو کاریگەری لەنێوان ژنانو پیاوانداو دەستەبەرکردنی هەمان دەرفەت بۆ پیاوانو ژنان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئابوری.
- دابینکردنی دەرفەتو بەشداریکردنی یەکسانانە لەکاری سەربەستو ئیشکردنو شێوازی کارکردنو تێڕوانینی پێشکەوتنخوازی لەکارکردندا.

- دەستەبەرکردنی دەرفەتی یەکسان بۆخوێندنو ڕاهێنانو هەروەها بۆ گەشەپێدانی پەرۆشیو بەرژەوەندیو لێهاتووییە کەسییەکان.
- بەشداریکردن لەلێپرسراوێتی ماڵو منداڵدا.
- سەربەستی لەلایەن توندوتیژی سێکسیەوە (پەیوەندیدارە بەجێندەرەوە).

## باوەڕی باوی جێندەری:

پێناسەکردنی باوەڕی باوی جێندەری بریتیە "لەرێکخستنو دووبارە رێکخستنەوەو گەشەپێدانو هەڵسەنگاندنی پرۆسە سیاسییەکان لەهەموو ئاستو قۆناغەکانیاندا، ئەمانەش لەلایەن نوێنەرەکانیانەوە بەشێوەیەکی ئاسایی بەشداریان کردووە لە سازکردنی سیاسەتدا. (رونکردنەوەی ئەنجومەنی ئەوروپی).

لەبارەی حکومەتی سویدیدا دەستەبەرکردنی باوەڕی باوی جێندەری بەو مانایە دێت کەهەموو وەزیرێك بەرپرسە لەبەجێگەیاندنی ئامانجە سیاسیە جێندەرییەکان لەبوارە سیاسییە چالاکەکەی خۆیداو هەروەها وەزیری یەکسانی جێندەریش هاوبەشی لەم سیاسەتە حکومەییەدا دەکات.

لەبارەی دامو دەزگا حکومییەکانی سویدو دەستەبەرکردنی باوەڕی باوی جێندەری بەو مانایە دێت کەتێروانینی یەکسانی جێندەری بریتیە لەهاوبەشیکردن لەهەموو ئاستو قۆناغەکانی پرۆسەی بڕیاردانو هەروەها





لێپرسراوێتیش بۆ ئەمە دەچێتە ریزی هەریەکە لەتێڕوانینی چالاکییە سیاسییەکان.

## ستراکچەری دەسەڵاتی بنەمای رەگەزی:( The Gender – based power structure)

دەتوانرێ باس لەستراکچەری دەسەڵاتی بنەمای رەگەز بکرێت وەك روونکردنەوەی (بۆچی کۆمەڵگاکەمان یەکسانی جێندەری تیانییە؟)و (بۆچی ئەم ناهاوسەنگییە بەردەوام دەبێت؟) سەرەرای کارکردنی بۆ باشکردنی. بوونی بنەمای ستراکچەری دەسەڵاتی بنەمای جێندەری ئەو مانایە دەگەیەنێت کەکۆمەڵگا ئەم کاراکتەرایزانەی لای خوارەوەی هەیە:–

- رەگەزەکان (نێرومێ) جیادەکرێنەوە.
- پیاوان بەباشتر لەژنانو، ژنان بەکەم بەها دادەنرێن.

شێوازی هەڵسوکەوتی پیاوان هەمیشە وەك پێوەرێك دادەنرێت.

جیاکارییە رەگەزییەکان لەوانەیە لەجیاکاری رەگەزی لەبازاری کارو کارو بارەکانی ناوماڵدا دەربکەوێت. باڵادەستی پیاوان لەزۆرشتدا دەردەکەوێت بۆ نموونە وەك توندوتیژی پیاوان بەرامبەر بەژنان وەیان پیاوان دەسکەوتیان زیاترەو هەروەها دەسەڵاتیشیان زیاترە بەسەر ژیانی تایبەتی خۆیانو کاریگەری زیاتریان هەیە لەژیانی گشتیدا.

لەوانەیە پێوەر بۆ پیاوان دەربخرێت بەو راستیەیی کەچارەسەری نوێی پزیشکی بەشێوەیەکی گشتی لەسەر پیاوان تاقی دەکرێتەوە.

لێرەدا ئەگەر ئێمە سەرکەوتوو نەبووین لەهەرەس پێهێنانی بنەمای پێکهاتەی دەسەڵاتی جێندەری ئەوا ئێمە سەرکەوتوو نابین لەبەدەستهێنانی یەکسانی جێندەری کۆمەڵایەتی.

- ستراکچەری دەسەڵاتی بنەمای ڕەگەزی بریتییە لەڕێکخستنی بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگاو بەکارناهێنرێت بۆ وەسفکردنی جیاوازی لەنێوان تاکەکاندا.

وشەی ڕەگەز (sex) دەگەڕێتەوە بۆ بنچینەی بایەلۆجی. لەکاتێکدا وشەی جێندەر (Gender) دەگەڕێتەوە بۆپیاوانو ژنانو کوڕانو کچان کەئەمەش کۆمەڵگا دروستی دەکات.

## ڕێگای نوێ بۆ کارکردن – خاڵە نوێیەکانی دەستپێکردن:

بیروباوەڕی باوی جێندەری ئێستا نموونەی یاساو ڕێسای نوێیە بۆ کاری یەکسانی جێندەری لەسوید. ئەمەش ئەم مانایە دەگەیەنێت کەپرۆسە سیاسییەکان لەڕوانگەی جێندەرییەوە بەجێدەهێنرێت. تێگەیشتنی هەڵە بۆ بیروباوەڕی جێندەری بریتییە لەوەی کەبیرو باوەڕە جێندەرییەکان زیاتر بەکارهێنانی پلانە بەراییەکانی تاکەکەس بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سەلماندنی بارودۆخی ژنانو پیاوان گرانتر دەکات، کێشەکە خۆی ئەمە نییە بەڵکو بەپێچەوانەوە دەستەبەرکردنی بیروباوەڕی باوی جێندەری لەچالاکییە گشتیەکانو ڕێکخستنی سیاسەتدا زانیاری نوێ دەخولقێنێ لەبواری چالاکییەکاندا ئەمەش بەشێوەیەکی زۆرینە پلانی تایبەتی پێویستە.





لەمڕۆدا سیاسەتی یەکسانی جێندەری لەسوید هاتۆتە کایەوە لەئاکامی تێگەیشتن بۆ دابەشکردنی نایەکسانانەی دەسەڵاتو هێز لەنێوان پیاوانو ژناندا کەئەمەش بریار دەدات لەسەر ئەو پێکهاتەیەی کە لەکۆمەڵگادا بەڕێکخستنی دەسەڵات دەناسرێتەوە لەسەر بنەمای جێندەری ئەو تیۆرەی کەئەم پێکهاتەیەی تێدایە، یارمەتیمان دەدات لەشیکردنەوەی نەبوونی یەکسانی جێندەری ئەگەر هۆشیاری پێکهاتەی دەسەڵاتی جێندەری نەبێت کاتێ بریارە سیاسیەکان روون دەکرێتەوەو لێرەدا بەشێوەیەکی چاونەترسانە پێوانەکان وەرگیراون هیچ کاریگەرێکی دیاریان نابێت وەیان خراپتر هەڵدەستن بەپاراستنی سیستمە باوو گشتییەکان.

**بوارە سیاسییەکان:**

سیاسەتی حکومەتی سوید دابەشکراوە بەسەر (٤٨) بواری جیاوازدا. ئەمانەش بریتین لەبوارەکانی سیاسەتی (ئاسایشو بێگانە، ژیانی کارکردن، بازرگانیو فێرکردن، لێکۆڵینەوەی زانستی، گواستنەوەو سیاسەتی باری ئابوری خێزان ).

یەکسانی جێندەری خۆی لەخۆیدا چالاکییەکی سیاسییە ئەرکی سەرەکی بۆ هاوکاریکردنە لەهەوڵو کۆششەکانی حکومەت لەم گۆرەپانە سیاسییەدا.

دابەشکردنی بوارە سیاسییەکاندا بەکاردەهێنرێت لەیاسایی بوجەداناندا.

(هەر ٤٨ بوارە سیاسییەکە لەپاشکۆکەیدا ڕیزبەندکروان.

**ڕێکخراوی کاری یەکسانی جێندەری لەسوید:**

کەرتی گشتی حکومەتی سوید دابەشدەبێت بەسەر چەندەها بەشی جیاوازدا. حکومەت دەوڵەت بەڕێوە دەباتو ئاژانسە حکومییەکانیش بڕیارە تایبەتیەکانی خۆیو بڕیارەکانی پەرلەمانی سویدیش رادەپەڕێنێت. بەڕێوەبەرایەتیو خزمەتگوزارییە گشتیەکان لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانییەکانەوە بەڕێوەدەچن ئەگەر کاری یەکسانی جێندەری لەگەشەسەندندابێت ئەوا بەرهەمی باشی دەبێت، لەوانەیە بەم شێوەیە ڕێکخراو بێتو هەروەها ڕێسای باوەڕی جێندەری لەچالاکییە گشتییەکاندا پێویستە بەشێوەیەکی فەرمییانە ماریفەت بەخش بێت. ئەمانەی لای خوارەوە سەرژمێری چۆنیەتی دابەشبوونی سیاسەتی یەکسانی جێندەری لەکەرتی گشتی حکومەتی سویدیدا لەکاتی ئێستاماندا ڕێکخراوە.

**حکومەت:**

حکومەت کارنامەی سیاسی ڕێکدەخاتو پێناسەی ئەو ئاڕاستانە دەکات کەدەیەوێت کۆمەڵگای پێ بەڕێوەبچێت، حکومەت لەژمارەیەك لەوەزیرەکان پێکهاتووە کەهەریەکەیان لەمەسەلەیەك لەمەسەلە سیاسییە تایبەتییەکان بەرپرسیارن. لەو ساتەوەی سوید بڕیاری لەستراتیجیەتی بیرو باوەڕی جێندەری داوە، هەموو وەزیرێك لێپرسراوە لەمەسەلەی یەکسانییە جێندەرییەکان لەبوارە سیاسییەکەی خۆیداو یەکێك لەوەزیرەکان کەئەویش





وەزیری یەکسانی جێندەرییە لێپرسراوە بۆ هاوکاریکردنو بەدواداچوونی سیاسەتی یەکسانییە جێندەرییەکانی دەوڵەت.

لەساڵی (١٩٩٤)دا سەرۆکی ئەو سەردەمەی دەوڵەتی سوید ( Mr. Ingvar Corlsson) ئینگڤار کارلسۆن بۆ یەکەم جار حکومەتی سویدی پێکهێناوە کەتیایدا ژنان بەهەمان شێوەی ژمارەی پیاوان بەشدارییان کردبوو، هەروەها ڕێسای هاوسەنگی ڕەگەزی لەئەنجومەنی وەزیراندا لەو کاتەوە پشتیوانی لێکراوە.

**دامودەزگا حکومییەکانی سوید:**

لەسوید دامو دەزگا حکومییەکان پێکهاتوون لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی یەکگرتوو کەئۆفیسی سەرۆك وەزیرانی تیادایەو هەروەها (٩) وەزارەتو دامو دەزگای کارو چالاکییەکان دەگرێتەوە بەنزیکەیی ٤٦٠٠ فەرمانبەری حکومیو ١٩٠ یارمەتیدەری سیاسی بەشداریی تیادا دەکەن، کەزانیاری کۆدەکەنەوە لەڕێکخستنی فراوانی مەسەلەکانو ئامادەکرنی ڕاپۆرتە باکگراوندییەکان وەك بنەمایەك بۆ بڕیاردان.

لەساڵی (١٩٩٤)وە داواکارییان هەیە لەسەر یەکخستنی تێڕوانینی جێندەری لەگەڵ هەموو ئەو ماتریاڵانەی کەپاڵپشی لێدەکەن. لەئایاری ساڵی (٢٠٠٤)دا حکومەت بڕیاری لەسەر بیروباوەڕی باوی جێندەری لەدامو دەزگا حکومییەکاندا دەرکرد کەئەمەش داوای دەستەبەرکردنی، ساڵو پلان دانانی

گشتی بۆ کۆششەکانی یەکسانی جێندەری لەوەزارەتە جۆراوجۆرەکاندا دابیندەکات.

## دابەشکردنی یەکسانی جێندەری:

ئەمەش دابەشکردنی تایبەتی لێپرسراویەتییە لەدامو دەزگا حکومییەکانداو لەنێوان شتەکانی تردا، کەبۆ ڕێکخستن‌و بەدواداچوونی سیاستەکانی یەکسانی جێندەری حکومەتە. لەو کاتەوەی کەبیرو باوەڕە جێندەرییەکان وەك ستراتیجیەتێك بڕیاری لەسەر دراوە ڕۆڵو ئەرکی دابەشکردنی جێندەری گۆڕاوە. لەمڕۆدا دابەشکردنی یەکسانی جێندەری بەپلەی یەکەم هەڵدەستێت بەڕێکخستن‌و بەدواداچوونی کێشە سیاسییە جێندەرییەکان بەشێوەیەکی چالاك یارمەتی گەشەپێدانی ستراتیژیەتی بیروباوەڕی جێندەری دەدات.

- دابەشکردنی یەکسانی جێندەری هەتا ئێستاش ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لەشیکردنەوەی ئەو زانیاریە وردانەی کەدەستەبەرکراون بۆ حکومەت وەك بنەمایەك بۆ بڕیارە سیاسییەکان، بەڵام لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا سنورێکی دیاریکراوی بۆ دراسەکردنی ڕاپۆرت بۆ خۆی دیاریکردووە ئەم هەڵبژێرراوانەی کەگرنگییەکی ستراتیجییان هەیە بۆ یەکسانی جێندەری.





- هەروەها دابەشکردن بۆ یەکسانی جێندەری شیکردنەوەی ورد بۆ دامەزراندن ئەنجامدەدات لەلیژنەو ئاژانسە ئەنجومەنییەکانداو ئەو دامو دەزگایانەی کە لەم ئاژانسانە دەچن‌و هەروەها لەگەڵ تێفکرینێك بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی دابەشکردن لەنێوان ڕەگەزەکاندا.
- سیاسەتی بڕیاردان بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن حکومەتەوە بەجێهێنراوەو هەموو باکگراوەندە زانیاریە وردەکان لەلایەن ئۆفیسە حکومیەکانەوە بۆ پشکنینی ورد دابەشدەکرێن. ئەمەش توانا دەدات بەدابەشکردنی یەکسانی بۆ دراسەکردنی زانیارییە ڕاستەکان‌و هەڵسەنگاندنی تێڕوانیەکان بۆ مەسەلە دیارەکان پێش ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت.

## کاری یەکسانی جێندەری لەوەزارەتەکاندا:

- کاری یەکسانی جێندەری لەناو وەزارەتەکاندا بۆ بەدەستهێنانی باکگراوندێکی ماتریاڵییە بۆ بڕیارە حکومییەکان. لەئەیلولی (٢٠٠٣)وە پێشینەیەکی گرنگ دراوە بەکارو ئەرکەکانی ڕێکخستن‌و هاندانی کاری یەکسانی جێندەری. هەموو وەزارەتێکیش پێکهاتەی تایبەتی خۆی هەیە بۆ فراوانکردنی بیرو باوەڕە جێندەرییەکان‌و هەروەها هەموو وەزارەتێکیش یەکێك وەیان دوان لەڕێکخەرەکانی کارەکانیان بۆ یەکسانی جێندەریەو بریتییە

لەرێکخستن‌و جوڵانی هەوڵ‌و کۆششەکانی بیرو باوەڕی باوی جێندەری‌و یارمەتیدانی لەمەسە پەیوەندیدارەکان بەیەکسانی جێندەرییەوە.

## لێکۆڵینەوە حکومییەکان:

هەندێك لەکێشەکان کەدێتە بەردەم حکومەت زۆر بەقورسی دەتوانرێت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت لەچاو ئەوانی تردا. هەر بۆیە ئەم کێشانە پێویستیان بەلێکۆڵینەوەیەکی ورد هەیە لەپێش هەر بڕیارێکی بنچینەیی کەدەدرێت. لەمبارەیەوە حکومەت لەوانەیە لیژنە یان دەستەی لێکۆڵینەوە دابمەزرێنێت بۆ کێشەو پلانی تایبەت بەم بوارە، هەروەها بێ گوێدان بەهەر کارێکی پێویست کەبۆ ئەم ئەرکە بکرێ. لەسوید نزیکەی (٢٠٠) لێکۆڵینەوە لەم لێکۆڵینەوانە دەستەبەرکران‌و هەروەها دەرئەنجامەکەشیان دەستەبەرکردنی بنچینەیەکە بۆ زۆر لەو یاسایانەی کەحکومەت هێناویەتە ناو پەرلەمانی سویدییەوە. لەساڵی (١٩٩٤)وە لەسەر هەموو لیژنەی لیکۆڵینەوەکان پێویستکرا کەپرۆپۆزەڵە تایبەتییەکانیان لەڕوانگەی جێندەرییەوە (لیژنەی بڕیاردان) شیبکەنەوە. ئەم روونکردنەوانە بۆ لایەنە جێندەرییەکان بەسەرەکی دادەنرێت ئەگەر بڕیار بدات لەسەر پلانە چاکسازییەکانی یان ئەو گۆڕانکارییانەی تر کەیەك لەدوای یەك بارودۆخی ژنان‌و پیاوان دیاریدەکەن. لەو ساتەوەی کەپێویستی روونکردنەوەی جێندەری ناسراو بووە دوو لێکۆڵینەوەی گرنگ بۆ هەڵسەنگاندنی سکالاکان





بەپێی ئەم لێکۆڵینەوانە بەئەنجامگەیەنراون. دواین هەڵسەنگاندن ئەوە نیشان دەدات کەزۆر لەلیژنەکان ناتوانن ئەم پێویستیانە بەئەنجام بگەیەنن. لەم بارەیەوە هەنگاوەکان بەشێوەیەکی کورت دەنرێن بۆ دڵنیاکردنەوەی لیژنەکان کەگرنگیەکی گەورە بەمەسەلەی یەکسانی جێندەری دەدات.

## ئاژانسە حکومییەکان:

نزیکەی (٢٧٠) ئاژانسی حکومی لەسوید هەیە، لەمڕۆدا ئەم ئاژانسانە لێپرسراون لەراپەراندنی ئەو بڕیارە سیاسییانەی کە لەلایەن حکومەت‌و پەرلەمانی سویدییەوە دەردەچن کاری ئەم ئاژانسانە چەندەها بابەتی یاسایی جۆراوجۆرەوەو پێکهاتەی حوکمی‌و لایەنەکانی راپەراندنی کار لەئاراستەی دابینکردنە ساڵانە حکومییەکاندا هەن. کەئەمەش تیایدا چەند شتێکی دی تیادایە وەك بودجەی ئاژانسەکە.

## ئاژانس‌و دامەزراوە حکومییەکان:

ئەو بڕیارەی کە لەلایەن حکومەتەوە دەردەچێت بریتیە لەبڕیاری دەرچوو کەبۆ هەموو ئاژانسە حکومییەکان دەستەبەر دەکرێت. لەژێر سایەی ئەم سیستمە سەپێنراوەدا پێویست دەکات هەر ئاژانسێك رەزامەندی خۆی پیشانبدات بۆ پێویستییەکانی یەکسانی جێندەری‌و لەچالاکییەکانیدا رەنگدانەوەی هەبێت، بۆ نموونە پێویست دەکات خەبات بکات بۆ یەکسانی جێندەری لەگۆڕەپانی سیاسی تایبەتی خۆیدا. یاسای دەرچووی نوێ

لەئێستادا لەژێر سایەی هەر ئاژانسێکدا دەبێت کەتێڕوانینی جێندەری لـەناو هەمووچالاکییەکانیدا بڵاوبکاتەوە.







**پسپۆڕەکانی یەکسانی جێندەری لەپارێزگاکاندا:**

لەسوید ٢١ دەسەڵاتی هەرێمی هەیە کە بەئەنجومەنی کارگێری هەرێمـەکان ناودەبرێن کەوەك پاشکۆیەکی دەسـەڵاتی حکومـەتی ناوەنـدی کاردەکـەن. ئـەرکی سـەرەکی ئـەم ئەنجومەنانـە بریتیـە لەدڵنیاکردنـەوە لەبـەجێهێنانی سیاسـەتە نەتەوەییـە جۆراوجۆرەکـان کـە لەلایـەن حکومـەتو پەرلـەمانی سویدییەوە بڕیاری لەسەر دراوە. یەکێك لەم بڕیارانەش بریتیـە لەمەبەسـتی نەتەوەیی بـۆ سیاسـەتی یەکسانی جێنـدەری. هەریـەکێك لـەم ئەنجومـەنی کارگێری هەرێمانـە پـسپۆڕێکی تایبـەتی بـۆ یەکسانی جێنـدەری هەیـە، تـا هاوکاریو یارمەتی ستافە باڵادەستەکان بکات لەهەوڵو تێکۆشانەکانیان بـۆ بڵاوکردنـەوەی بیروبـاوەڕی یەکسانی جێنـدەری لەنێوەنـدی چـالاکییەکانی ئەنجومەندا.

لەئێستادا وەك بەشـێك لەگەشەسـەندنی ئـەم پرۆژەیـە کـە لەبەردەمیاندایـە لەسەر ئاستی هەرێمی، پارێزگاکـانی هەرێمـەکانی دەوڵـەتی سـوید ڕۆڵێکـی گرنگیـان گێـڕاوە لەکۆرسـی ڕاهێنـانی بنـچینەیی لەیەکـسانی جێندەریـدا. بەمـەش دامودەزگـا حکومییـەکان کۆشـشەکانی بیروبـاوەڕی جێـدەری هاندەدات بەپێشکەشکردنی پسپۆڕی لێهاتوو لەبواری یەکسانی جێندەریدا کەپرۆفیـشناڵن لەگەشەسـەندنی پرۆگرامـەکانی ئەنجوومـەنی کـارگێری پارێزگاکاندا.

**لێکۆڵینەوە لەدەرفەتەکانی یەکسانی:**

ئەمە ئاژانسێکی حکومییە کەلێپرسراون لەدڵنیاکردنەوەی فەرمانبەران لەکارو خوێندکارانی خوێندنی باڵا کەجیاناکرێتەوە بەهۆی رەگەزەکانیانەوە. لێکۆڵەرەوەکان سەرپەرشتیاری یاسای یەکسانی نێوان ژنانو پیاوانو یاسای مامەڵەکردنی یەکسانی لەنێوان خوێندکارانی زانکۆدا دەکەن. لەروانگەی ئەم دوو یاسایەوە خاوەنکارەکانو دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا داوادەکەن بۆ فراوانکردنی دەرفەتەکانی یەکسانیو وەستاندنی جیاکاری رەگەزی بەشێوەیەکی چالاکانە چاودێری لێکۆڵەرەوەکانی گەشەسەندنی پەیوەندیداری جێندەری لەژیانی رۆژانەو کارکردنو لەخوێندنی باڵا لەسەر بناغەیەکی بنچینەیی بەردەوامو هەروەها مامەڵەش دەکات لەگەڵ ئەو سکاڵایانەی کەتیایدا بانگەشە دەکات بۆ جیاکاری رەگەزی وەك جیاکاریکردن لەمووچەو تەنگەژەی سێکسیدا.

**ئەنجوومەنی پارێزگاو شارەوانییەکان:**

ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانییەکان هەر لەدێر زەمانەوە دوو کۆڵەکەی بەهێزی کەرتی گشتی حکومەتی سویدن. حکومەتو پەرلەمانی سویدی بۆ ئەم مەبەستانە رابەرایەتی چالاکییەکان دەکاتو پلان دادەنێت، بەلام ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانییەکان بەشێوەیەکی گشتی بڕیار لەسەر بەشە گرنگەکانی خۆیان دەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا بوون بەخاوەن کارێکی گرنگ یان مەزنی شارەوانییەکان لێپرسراون لەژینگەی ناوخۆیو هەروەها





چاکسازیکردن لەزۆر لەو کارو پیشانەی کەکاریگەرییان هەیە لەسەر ژیانی رۆژانەمان ئەوانیش لەبوارە جیاوازەکاندا وەك تەندروستیو چاودێری فێرکردنو چاودێری منداڵ. لەئاکامدا ئەمانە بەشداریکەرێکی گرنگن لەهەوڵی یەکسانی جێندەری وەك چۆن ئەمانە دەرفەتیان هەیە بۆ ئەوەی کاربکەنە سەر خزمەتگوزارییەکان کەکاریگەرییان هەیە لەسەر شێوەی ژیانی ژنانو پیاوان. لێپرسراویەتییەکانی ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانییەکانیش بەپێی یاسا رادەگەیەنرێنو پێویستدەکات کەتاکەکان ملکەچی ئەم یاسایانە بن یەکێك لەرێسا سەرەکییەکانی یاسای حکومەتی ناوخۆی دەوڵەت کەهەموو شارەوانییەکانیش دەگرێتەوە بریتیە لەرێسای "یەکسانی مامەڵەکردن" ئەم رێسایە هێما دەکات بۆ دەرفەتی یەکسانیو یەکسانی مامەڵەکردن لەگەڵ هەردوو رەگەزەکەدا لەهەموو چالاکییەکانی ئەنجومەنی شارەوانییەکان.

**گەشەپێدانی کار لەسەر ئاستی ناوخۆیی:**

- لەکاتێککدا حکومەتی سویدی لەساڵی (١٩٩٤)دا بڕیاری لەسەر بیروباوەڕە جێندەرییە تایبەتەکانی خۆی دەرکرد، سەیری سەرچاوە تایبەتیەکان دەکرا بەشێوەی پرۆژەی تمویل کردنی ئەم سەرچاوانە بۆ فراوانکردنی هەوڵو کۆششەکانی لەسەر ئاستی ناوخۆییو هەرێمی. لەو کاتەوە شارەوانییەکان دەستیان کردوە بەچالاکی پرۆگرامەکانی گەشەسەندن بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی

بیروباوەڕی جێندەری لەسەر ئاستی ناوخۆی باڵادارە لەبەدەستهێنانی مەبەستەکانی سیاسەتی نەتەوەیی لەبارەی یەکسانی جێندەرییەوە لەسویدو ئەنجومەنی پارێزگاکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لەپاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی ئەنجومەنی شارەوانیو پارێزگاکان.

## کۆڕگەی گفتوگۆ:

- چەندەها ساڵ لەمەوبەر حکومەت هاوکاری ڕێکخراوە ناحکومییە جۆراوجۆرەکانی کردووە کە لەبواری یەکسانی جێندەری چالاکنو هەروەها هاوکاری ژمارەیەك لەڕێکخراوەکانی ژنانیشی کردووە، نوێنەرانی ئەم ڕێکخراوانە لەلایەن حکومەتەوە زۆرجار دەعوەتکراون تا لەگەڵ نوێنەری حکومەتی سویدیدا لەکۆنفراسی ڕووداوە مەزنەکاندا بەشدارییکەن، وەك چاوپێکەوتنی ساڵانەی لیژنەی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەسەر پێگەی ژنان دەبەسترێت.
- لێرەدا بەشێکی تایبەتی سەرەکی هەیە کەئەویش ئەنجومەنی یەکسانی جێندەرییە کەبۆ دەستەبەرکردنی دەرفەتەکان بۆ خەڵکی دامەزراوە، ئەمەش بۆ گۆڕینی بیروباوەڕەکانیانو مەسەلە پەیوەندیدارەکان بەگفتوگۆوە. مەبەست لەم ئەنجومەنەش یانەیەکی گفتوگۆیە بۆ ئاڵوگۆڕکردنو دەبڕینی ڕاوبۆچوونەکان





لەسەر کێشە گرنگو نوێیەکان لەگفتوگۆی یەکسانی جێندەریدا بەنزیکەی ڕێژەی (٤٠٪) لەئەنجومەنی نوێنەرایەتی پارتە سیاسییەکانی دەوڵەتو بەشەکانی ژنانو ڕێکخراوە سەربەخۆکانی ژنانو شێوازەکانی بازاڕی کارو بزوتنەوە جۆراوجۆرەکان کاردەکەن.

- ئەنجومەنی یەکسانی جێندەری ساڵانە چوارجار چاوپێکەوتن سازدەکات، ئەمەش بەسەرۆکایەتی وەزیری یەکسانی جێندەری دەبێت.

## (١٩٩٤) پلانێك بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی جێندەری:

- لەساڵی (١٩٩٤)دا حکومەتی سویدی بڕیاری لەسەر بڵاوکردنەوەی باوەڕی جێندەری دەرکرد، وەك ستراتیجیەتێکی فەرمی بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسییەکان بۆ یەکسانی جێندەری. لەهەمان کاتیشدا ڕێژە پێوانەییەکان بۆ بەهێزکردنی هەوڵو کۆششی یەکسانی جێندەری وەرگیراون.
- یاسایەکی نوێ پێشکەشکراوە کە بەپێویستی دەزانێت باکگراوندی زانیارییە ڕاستەقینەکان وەك بنچینەیەك بۆ بڕیارە حکومییەکان پۆلێنبکرێت تا لەڕوانگەی جێندەرییەوە شیبکرێتەوە.

- حکومەتو پەرلەمانی سویدی بڕیاریان لەسەر هەوڵو کۆششەکانیان داوە بۆ فراوان کردنی یەکسانی جێندەری تا بەپێی پێویست هاوسەنگیەك لەنێوان پەیوەندی دەسەڵاتو هێزەکانی ژنانو پیاواندا بەدەست بێت.
- مەبەستە سەرەکییەکانی سیاسەتی جێندەری سویدی زۆر بەوردی لەلایەن ژمارەیەك لەمەبەستە کورتەکانەوە دیاریکراوە.
- یاسای دەرچوو کە لەیاسای سویدیدا هاتووە بەپێویستی دەزانێت کەهەموو ئامارە فەرمییە پەیوەندیدارەکان بەتاکەوە، پێویستە بەگوێرەی ڕەگەز دابەشبکرێت. کەواتە ڕاپۆرتە پێشینەکان (باکگراوندییەکان)و ڕاستییە زانیارییە پاڵپشتکراوەکانی تریش دەتوانرێ لەڕوانگەی جێندەرییەوە شیبکرێتەوە.
- تەمویلکردنی لێکۆڵینەوە جێندەرییەکان لەلایەن حکومەتی سویدییەوە زیادیکردووە لەسەر بنەمای سیاسەتی یەکسانی جێندەری کەپێویستە لەسەر بنەمای ماریفەت بێتو لەسەر شیکردنەوەی ئەو هۆکارانە بێت کەدەبنە هۆی نایەکسانی.
- سەرچاوە تایبەتەکان بەشێوەیەکی تایبەتی سەیردەکرێن تا یارمەتی ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتی پارێزگاکان بدات لەتێگەیشتنی بۆ مەبەستەکانی سیایەتی یەکسانی جێندەری نێونەتەوەیی. بەشێوەیەکی پراکتیکیانە ئەمە مانای ئەوە





دەگەیەنێت کەهەموو ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتی پارێزگاکان لەناو ستافەکانی پسپۆرەکانی بواری جێندەریدا هەیە.

- هەروەها حکومەتو پەرلەمانی سویدی بەشێوەیەکی تایبەتیانە سەیری سەرچاوەو پرۆژەی تەمویلکراو دەکەن بۆ ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانییەکان لەگەشەپێدانی پرۆگرامەکانی یەکسانی جێندەریدا.
- بەبڕیاردان لەسەر ستراتیجی ساڵی (١٩٩٤)وە هەڵوێستی بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانی بیروباوەڕی باوی جێندەری خولقاوە. لەو کاتەوە ئەمەش بووە بەبەڵگەیەك هەر بۆیە حکومەت گروپی کارکردنی دامەزراندووە بۆ گەشەپێدانی شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ئەرکەدا.

ئەم گروپانە چەند ساڵێکی کەمیان لەکارکردن لەگەڵ پرۆژەو شێوازی گەشەسەندنە جۆراوجۆرەکاندا بەسەربردووە، هەروەها دەستیانکردووە بەلێکۆڵینەوەی چۆنیەتی کارکردنی یەکسانی جێندەری لەبڕیارە حکومییەکانو ئاژانسە جۆراوجۆرە حکومییەکاندا. لەسەرەتاکانی ساڵی (٢٠٠١)دا ئەم گروپە کتێبێکیان سەبارەت بەشێوازە جێندەرییەکان بڵاوکردەوە بەناوی (تەنها بۆ بەرەو پێشچوون! جێبەجێکردنی یەکسانی جێندەری لەسویددا) "Just progress! Apply gender mainstreaming in Sweden" لەدوای هەمان ساڵ گروپی کارە

جێندەرییەکان ژمارەیەک لەپرۆپۆزەڵیان دەربارەی چۆنیەتی کارکردنی بیروباوەڕی جێندەری پێشکەشکرد، بەڵام لەهەمووی گرنگتر دەستنیشانکردنی دامودەزگا حکومییەکان بوو وەك بەشێکی زۆر گرنگ لەم چالاکییەدا. لەوەڵامدانەوەی ڕاپۆرتی گروپی کار کردندا، حکومەت لیژنەی ڕێکخستنی لەسەر ئاستێکی بەرز دامەزراند لەساڵی (٢٠٠٢)دا ئەمەش بۆ دەستنیشانکردنی جۆراوجۆری کێشەکان سوودی لێوەرگیراوە. یەکێك لەکارەکانی ئەم لیژنەیە بریتی بوو لەدانانی پلانێك بۆ ڕاپەراندنی بیروباوەڕی باوی جێندەری لەدامودەزگا حکومییەکانداو کارێکی تریش بریتی بوو لە پلان بۆ بریارە دەرچووە تایبەتییەکان کەگرنگی بەچالاکی بیروباوەڕە باوە جێندەرییەکان لەناو ئاژانسە حکومییەکاندا دەدەن.

هەروەها لیژنەی ڕێکخستن ڕێگاکانی پێشنیارکردنی دیاریکردووە کەتیایدا ڕێکخستنە ڕێکخراوەییەکان لەئۆفیسە حکومییەکاندا دەبێت بگۆڕدرێت ئەمەش کاریگەری لەسەر باشکردنی بارودۆخ هەیە، لەسەر پێویستی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی یەکسانی جێندەری. ئەم لیژنەیە لەئێستادا کارەکانی خۆی تەواوکردووەو کارکردنی بیروباوەڕی جێندەری لەچالاکییە حکومییەکاندا قۆناغی نوێو زیاتری هێناوەتە ناو ئەم بوارە.

هەموو ئامارە فەرمییەکان کەپەیوەندییان بەتاکەکانەوە هەیە پێویستە بەپێی ڕەگەز دابەشکرابێت. دەروازە بۆ ڕاستیە زانیارییە ستراتیجییەکان دەربارەی تێڕوانینی بارودۆخەکانی پیاوان و ژنان





بنچینەیی دەبن ئەگەر بڕیارە سیاسییەکان لەڕوانگە جێندەرییەکانەوە ڕوونبکرێتەوە، هەربۆیە بڕیاری یاسایی دەرچووی سویدی پێویستی دەکات کە ئامارە فەرمییە پەیوەندیدارەکان بەتاکە کەسەوە دەبێت بەپێی ڕەگەز دابەشکرابێت.(١٠٠:٢٠٠١) (پاشکۆ).

## (٢٠٠٤) جێبەجێکردنی بیروباوەڕی باوی جێندەری لەدامودەزگا حکومییەکانی سویددا:

پلانێکی تایبەت بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی باوی جێندەری:

لەبارەی دامو دەزگا حکومییەکانی سویدەوە بیروباوەڕی جێندەری بەمانای تەواوکەری یەکسانی جێندەری دێت لەهەموو قۆناغەکانی پرۆسەی بڕیاردان لەبوارە سیاسییەکانداو سازدانی هەر بوارێکی سیاسی لێپرسراو لەهەوڵو کۆششەکانی خۆی لەم ڕوانگەیەوە بۆ یارمەتیدانی هەموو وەزارەتەکان لەم ئەرکەدا حکومەتی سوید بڕیاری لەسەر پلانێکی شەش ساڵی دەرکردووە (٢٠٠٤ – ٢٠٠٩) کەچوارچێوەیەك بۆ هەموو کارەکانی بیروباوەڕە باوەکان دروستدەکات لەدامو دەزگاحکومییەکاندا. هەر وەزارەتێك گەشەی بەپێکهاتەی ڕێکخستنی بۆ هەوڵو کۆششە تایبەتەکانی یەکسانی جێندەری داوەو هەروەها پلانێکی لەم بوارەدا بۆ کارەکانی خۆی داناوە.

- **ڕێکخستن:**

– هەر وەزارەتێك ڕێکخەرێك یان دوو ڕێکخەری دامەزراندوە بۆ کاری یەکسانی جێندەریو هەروەها پێکهاتەیەکی ڕێکخستنی بنیاتناوە

بۆ پاڵپشتیکردنو بڵاوکرنەوەی زانیارییەکان لەهەموو بوارە وەزارییەکاندا. ئەرکی ئەم ڕێکخەرانەش بریتییە لەڕێکخستنی هەوڵو کۆششەکانی بیروباوەڕی جێندەری لەکارە تایبەتیە وەزارییەکانداو پێشکەشکردنی یارمەتیو ڕابەرایەتیکردن لەهەر شوێنێکدا کەپێویستیکرد.

- ڕێکخەرەکانی یەکسانی جێندەریش بەرپرس نین لەئەنجامدان یان پشکنین یان سەلماندنی باکگراوندی ماتیریاڵیو شیکردنەوەی جێندەری ... تد. تێڕوانینی جێندەری بۆ بوونی لێپرسراوێتی، هەر کەسێك کەلێپرسراوە لەپێکهێنانی ئەم ڕاستییە زانیارییانە پێویستە ئەم بیروبۆچوونانەی هەبێ.
- لەماوەی ئەم شەش ساڵەدا کەئەم پلانە بەکاردەهێنرێت، دابەشکردنی یەکسانی جێندەری لەدامو دەزگا حکومییەکاندا لێپرسراوێتی دەبێت لەڕێکخستنو سەلماندنی ئەم پلانەو هەروەها بۆ گەشەپێدانی یاسا نوێیەکان بۆ کارەکانی داهاتوو لەم بوارەدا لەسەر بنچینەی ئەو زانیارییانەی کە بەدەستهاتووە، لەئەنجامی لێکۆڵینەوەی دابەشکردن بۆ یەکسانی جێندەری هەروەها سەرپەرشتیاری گروپی کارکردنی ناوەندە وزارییەکان بۆ یەکسانی جێندەری دەکات، ئەم گروپە پێکدێت لەهەموو ڕێکخەرەکانی یەکسانی جێندەریو دابەشکردنی فەرمییانە بۆ یەکسانی





جێندەری کەکار لەبواری بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی باوی جێندەریدا دەکات.

- **ڕاهێنان:**

وەك بەشێك لەهەوڵو کۆششی بیروباوەڕی باوی جێندەری گروپەکانی کارکردن لەم بوارەدا لەدامو دەزگا حکومییەکاندا ئامانجەکانی خۆیان لەپڕۆگرامی ڕاهێنانە ناوخۆییەکاندا فراونتر دەکەن بۆ هاوکاریکردنی تێڕوانینی جێندەری لەو کۆرسانەی کەهەن، بۆ نموونە ئەمانە باری سەرنجیان دەخەنە سەر بوودجەی کارەکەو هەروەها داڕشتنی پلانێك بۆ یاسا حکومییەکان سەرەڕای ئەوەش پڕۆگرامی کۆرسە ئاساییەکان کەپاشکۆیەکی دەبێت لەگەڵ ڕاهێنانی تایبەتی پەیوەندیدار بەجێندەرەوە بۆ نموونە (چۆن دەتوانرێ شیکردنەوە جێندەرییەکان کاری پێبکرێتو هەروەها چۆن کار بەپڕۆگرامی خولە ئاساییەکان دەکرێت کەهەموو وەزارەتەکانو چاودێرە سیاسییەکانو لێپرسراوانی گەورەی دامو دەزگا حکومییەکان بەشێکیان پێکهێناوە لەبنچینەی خولی ڕاهێنانە کەباری سەرنجی لەسەر یەکسانی جێندەری داوە. بەهەمان شێوە ڕێکخەر بەشدای لەپڕۆگرامی پڕۆفیشناڵی گەشەسەندنی ١٢ مانگیدا دەکات).

- **بڕیارەکان لەبارەی بیروباوەڕی باوی جێندەرییەوە:**

بڕیاری نوێ دەرچووەو لەئێستادا ئامادەکراوە کەپێویستی دەکات لەسەر هەموو ئاژانسە حکومییەکان بۆ دەستەبەرکردنی ڕێسای بیروباوەڕی

جێنـدەری لەهـەموو قۆنـاغی چـالاکییەکانداو لەبودجـەی پرۆپۆزەڵـەکان بـۆ ساڵی ٢٠٠٥ حکومەت بەبڕی ٤ ملیـۆن کرۆنـی سـویدی ئامـادەی کـردووە تـا تەموویلی ئەم ئاژانسانە بکات ئـەویش بەپاڵپشتیکردنو ڕاهێنانیـان بـەبیرو باوەڕی باوی جێندەری بۆ پڕۆژەکانی داهاتوویان.

لــەپایزی ســاڵی (١٩٩٧)دا وەزارەتــەکانی تەندروســتیو کــارو بــاری کۆمەڵایـەتی سـویدی دەسـتیانکرد بەگەشـەپێدانی پرۆگرامێـك تـا یارمـەتی بڵاوکردنـەوەی بیروبـاوەڕی تێڕوانینـی جێنـدەری لەهـەموو چـالاکییەکاندا بدات.

ئامادەکردنی بیرو بۆچوونی نوێ پەیمانیدا لەسەر ئاستی وزاری کەبەرهـەمی بەنرخی دەبێت سەبارەت بەڕێکخستنو شێوازەکانی گەشەپێدانو ڕاهێنـانو کاری سێکسی پەیوەندیدار بەجێندەرەوە.

ئـەم لێهاتووییـە وەك بنـچینەیەکی کۆششـەکانی ئێـستا بـۆ بڵاوکردنـەوەی بیروباوەڕی باوی جێنـدەری لـەناو هـەموو ئـەو کارانـەی کـە لـەدامو دەزگا حکومییەکاندا جێبەجێدەکرێت، دەستەبەرکراوە.

## دیـاریکردنی بودجـە بـۆ پرۆسـەی تێڕوانینـی بیروبـاوەڕی بـاوی جێندەری:

یەکسانی جێنـدەری کـە لەکـەرتی فراوانکردنـی بـواری سیاسـیو ڕاپەڕانــــدنی مەبەســــتە نەتەوەییەکانــــدا لــــەئاکامی ئەنجامــــە بەدەستهاتووەکانەوە ناسراوە، لەهـەموو بـوارە سیاسـییە جۆراوجۆرەکانـدا





ڕوودەدات. بەشـێکی گرنگـە لەهـەوڵو کۆشـشەکان بـۆ بەرەوپێـشبردنی سیاسەتی جێندەری، هەربۆیە دامەزراوەی ئامانجەکانی یەکسانی جێندەری لەسـەر هـەموو ئاسـتە جیاوازەکـان لەهەریـەك لـەبوارە سیاسـییەکاندا دامەزراوە. لەم کاتەدا ئەمە گونجاو دەبێت بۆ دیاریکردنی مەرجـەکانو ئـەو سنورانەی کەپیاوانو ژنان تێیـان پەڕانـدووە بـۆ تـەمویلکردنی کەئەمانـەش لەبوودجـەی نەتەوەییـدا دابەشـکراونو هـەروەها کاریگـەریو دەرئـەنجامی بڕیـاری بودجـەکان لەسـەر گروپـە جیاوازەکـانی پیـاوانو ژنـان لەسـاڵی (٢٠٠٢)دا. پـرۆژەی تایبـەت بـەناوی "دابەشـکردنی یەکـسانانە equal An share" بـۆ کـاری بودجـە پێـدانی جێنـدەری لـەدامو دەزگـا حکومییەکاندا دەسـتی پێکـردووە. ئـەم پرۆژەیـە بـاری سـەرنجی خـستۆتە سەر شێوازەکانی پێشکەوتنو دەستنیشانکردنی پێویـستییەکانی ڕاهێنـانو زانیارییە کۆکراوەکان دەربارەی ئەو شتانەی کەپێویـستن بـۆ دڵنیاکردنـەوە لەتێڕوانینی جێندەری کە بەسەرکەوتووانە بیروباوەڕە بڵاوەکانی لەناو کاری بووجەکانـدا بڵاوکردۆتـەوە. ئاڕاسـتەکردنی پرۆژەکـە بەهـەمان شـێوە ڕادەپەڕێنرێت وەك بەشێکی پرۆژەکە کەتیایدا ژمارەی دابەشکردنی ئاڕاستە کراوەکانی شیکردنەوەی جێندەری پێشکەشدەکات لەسێ بواری سیاسیدا (پێـشکەوتنی پارێزگـاو گواسـتنەوەو خزمەتگوزارییـە کۆمەڵایەتیـەکان) لەڕێگەی ئەم پرۆژەیەوە بواری ماریفەتو ڕاوبۆچونەکان ڕێچکەیان گرتـووە

بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی بودجە پێدان بۆ مەبەستە جێندەرییەکان لەگۆڕەپانێکی فراواندا.

- **لەپرۆژەکەوە بۆ کاری ئاسایی:**

➢ ئەرکی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی باوی جێندەری لەپرۆسەی بودجەدانانـدا کە لەئێستادا پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە لەقۆناغی پرۆژەکەدایەو بووە بەبەشێکی ناوخۆیی لەکاروبارە ئاساییەکانی حکومەت لەڕێگای دوو بڕیاری جیاوازەوە.

➢ جێبەجێکردنی پلانەکە بۆ یەکسانی جێندەری کەپەرلەمانی سویدی لەئایاری (٢٠٠٣)دا خستیەڕوو، هەروەها حکومەت لێپرسراوێتی خۆی بەرامبەر بەڕێوەبردنی شیکردنەوە لەهەموو بوارە سیاسییەکاندا ڕاگەیاندو کەئەمەش بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکانی یەکسانی جێندەری گونجاو دەبێتو بەرهەمی نیشاندەرەکانە. ئەم کارە لەپایزی (٢٠٠٤)دا دەستیپێکردووەو ئەنجامەکەی دەخرێتە بەردەم پەرلەمانی سویدی لەساڵی (٢٠٠٦)دا. بەیەکەوە لەگەڵ پلانی حکومی بۆ بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕی جێندەریو باری سەرنجی تایبەتی بۆ سەر پرۆسەی بودجە ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کەبودجە سەرفکردن بۆ مەسەلە جێندەرییەکان تا هەتاهەتایە وەك پرۆژەیەك نامێنێتەوە





بەڵکو بەشێك دەبێت لەکاروباری ئاسایی، دەبێت بەئەنجام بگەیەنرێت.

- **ڕاهێنان:**

کاتێك شیکردنەوە جێندەرییەکان لەپرۆگرامی ڕاهێنانە تایبەتییەکاندا دەستپێدەکات کە لەوەزارەتەکاندا جێبەجێدەکرێت. کارکردنی ئۆفیسەکانی بەڕێوەبردن لەگەڵ لێکۆڵینەوە جێندەرییەکان بەشێك پێکدەهێنن لەم خولانەو بەشێوەیەکی پسپۆڕانە ڕابەرایەتی خولەکە دەکەن. پرۆگرامی گەشەسەندنی پرۆفیشناڵەکان لەلایەن ڕێکخراوەکانی یەکسانی جێندەری وەزارەتەکانو دامو دەزگاکانی بەڕێوەبردن لەدابەشکردنی یەکسانی جێندەریدا دەستەبەرکراون کە بەتایبەت سەرنجیان خستۆتە سەر گەشەسەندنی ڕۆڵی ڕاوێژکار لەم پرۆسەیەدا.

- **سیاسەتی داهاتووی جێندەر:**

حکومەت لیژنەی ڕاپرسی دامەزراندووە بۆ دەستنیشانکردنی ئامانجەکانو ئاراستەکردنو ڕێکخستنو چالاکی سیاسەتی یەکسانی جێندەری سویدی. ئەم لیژنەیە بەکۆرسی داهاتووی سیاسەتی یەکسانی جێندەری دادەنرێتو پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵەکانیان سەبارەت بەمەبەستە گونجاوەکانو

دەرئەنجامەکانیشیان دیاریکراوەو هەروەها کاری سیاسی ڕێکخراوی جێندەری، ئەم لیژنەیەش ڕاپۆرتەکەی خۆی لەهاوینی (٢٠٠٥)دا پێشکەش کرد.

**پاشکۆ:**

یاسای ئاماری فەرمی بڕگەی ١٤ "ئامارە فەرمییە پەیوەندیدارەکان بەتاکە کەسەکان پێویستە بەپێی ڕەگەز دابەش نەکرابێت ئەگەر نا هۆکاری تایبەت دەبێت بۆ نەکردنی بەم شێوەیە" (١٠٠: ٢٠٠١).

**بوارە سیاسییەکان:**

١. بەڕێوەبەرایەتی فەرمی چالاکییەکان.
٢. سیستەمی داراییو سەرپەرشتیکردن.
٣. باجدانو گومرگو ڕاپەڕاندن.
٤. دادوەری.
٥. سیاسەتی ئاسایشو بێگانە.
٦. بەرگریکردنی گشتی.
٧. خەملاندنی ڕووداوی لەناکاوو حاڵەتی کتوپڕ.
٨. گەشەپێدانی هاوکاریکردنی نێودەوڵەتی.
٩. هاوکاریکردن لەگەڵ ئەوروپای ناوەڕاستو ڕۆژهەلات.
١٠. سیاسەتی تەواوکاری.





١١. سیاسەتی شارستانی.
١٢. سیاسەتی کۆچ کردنو مافی پەنابەرێتی.
١٣. سیاسەتی چاودێری تەندروستیو پزیشکی.
١٤. تەندروستی گشتی.
١٥. بیمەی منداڵ.
١٦. بیمەی نەتوانین(کەمتوانا).
١٧. بیمەی پیرو پەککەوتەکان.
١٨. سیاسەتی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان.
١٩. سیاسەتێك بۆ قەرەبووکردنەوەی کەسانی بێتوانا بۆ کارکردن.
٢٠. سیاسەتی دارایی بۆ کەسانی بەتەمەن.
٢١. سیاسەتی دارایی بۆ ئابووری خێزان.
٢٢. سیاسەتی بازاڕی کار.
٢٣. سیاسەتی ژیانی کارکردن.
٢٤. سیاسەتی یەکسانی جێندەری.
٢٥. پلانی فێرکردن.
٢٦. پلانی لێکۆڵینەوەو توێژینەوە.
٢٧. سیاسەتی ڕاگەیاندن.
٢٨. سیاسەتی کلتووری.

٢٩. سیاسەتێك بۆ گەنجان.

٣٠. سیاسەتی بزوتنەوە میللییەکان.

٣١. سیاسەتی نیشتەجێبوون.

٣٢. بەڕێوەبەرایەتی هەرێمی گشتی.

٣٣. سیاسەتی گەشەپێدانی هەرێمی.

٣٤. سیاسەتی ژینگەیی.

٣٥. سیاسەتێك بۆ وزە.

٣٦. سیاسەتی گواستنەوەو گەیاندن.

٣٧. (تەکنەلۆژیای زانیارییەکان) خزمەتگوزارییەکانی پۆستو پەیوەندییە ئەلکترۆنییەکان.

٣٨. سیاسەتی پیشەسازی.

٣٩. سیاسەتی بازرگانی بێگانەو هەناردەو فراوانکردنی وەبەرهێنان.

٤٠. سیاسەتی بەکارهێنان.

٤١. سیاسەتی رووەکزانی.

٤٢. سیاسەتی چاودێریکردنی ئاژەڵان.

٤٣. سیاسەتی خۆراك.

٤٤. سیاسەتی گوند.





٤٥. سیاسەتی سامی.

٤٦. دیموکراسی.

٤٧. سیاسەتی کەمینەکان.

٤٨. بەخشینی گشتی بۆ حکومەتی ناوەندی.

# کتێبی سێیەم

# ژنانو پیاوان لەسوید





لێکۆڵینەوەی دیمۆگرافیایی یەکسانی جێندەری

## یەکسانی جێندەری

بەمانای یەکسانی لەدەستەبەرکردنی دەرفەتو مافو لێپرسراوێتی بۆ ژنانو پیاوان دێت، نموونەش بۆ ئەمە بەدواداچوونی ئەو کارانەیە کەسەربەخۆیی ئابووری دابیندەکەن بۆ چاودێریکردنی ماڵو منداڵو بەشداریکردن لەسیاسەتو یانەکانو چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی تردا.

## یەکسانی – یەکسانی جێندەری:

لەدەوڵەتی سویددا یەکسانی ئاماژە دەکات بۆ بوونی پەیوەندییەکی یەکسانانە لەنێوان هەموو تاكو گروپەکانی کۆمەڵگادا. گرنگی ئەم بیرۆکەیە لەبڕوابوون بەوەی کەهەموو کەسێك بەهای یەکسانی هەیە، سەرچاوەی گرتووە بەپێی گرنگیدان بەرەگەزو نەتەوەو ئاینو رەسەنو پلەی کۆمەڵایەتی.

## یەکسانی جێندەری لەرووی چەندێتیو جۆرێتییەوە:

لایەنی چەندێتی ئاماژە بەدابەشبوونی یەکسانی ژنانو پیاوان لەهەموو بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکات، وەك خوێندنو کارکردنو کات بەسەربردن لەپلەی دەسەڵاتو هێزدا. لەجاراندا رێژەی ٤٠٪ بۆ ژنانو ٦٠٪ بۆ پیاوان بوو بەدابەشکردنێکی یەکسانانە دادەنرا، بەڵام لەمڕۆدا هەوڵدەدەینو خەبات دەکەین کەئەم رێژانە یەکسان بکەین، بەواتا بیکەینە رێژەی ٥٠٪-٥٠٪ ئەگەر لەگروپێکدا رێژەی ژنان ٦٠٪ بێتو رێژەی پیاوان ٤٠٪ بێت ئەوا ئەو گروپە لەژێر کۆنترۆڵی ژناندا دەبێتو ئەگەر رێژەی پیاوان ٦٠٪ بێتو ژنانیش





لە٤٠٪ بێت ئەوا ئەو گروپە لەژێر کۆنترۆڵی پیاواندایە، بەڵام لایەنی جۆرێتی ئاماژە دەکات بەوەی کەزانیاریو شارەزاییو بەهاکانی ژنانو پیاوان بارستایی یەکسانانەی خۆیان هەیەو بوارە هەمە جۆرەکانی ناو کۆمەڵگا دەوڵەمەند دەکەنو بەرێوەی دەبەن.

## گەشەسەندنی یەکسانی جێندەری لەساڵی حەفتاکانەوە:

- پێویست ناکات ژنانو پیاوان لەنێوان کاروماڵو منداڵدا تەنها یەك رۆڵ هەڵبژێرن، بەڵکو دەتوانن هەردوو رۆڵەکە وەربگرن.
- لەمڕۆدا ژنان بەیەکسانی لەکەرتی گشتیو کەرتی تایبەتدا کاردەکەن لەکاتێکدا پیاوان بەزۆری لەکەرتی تایبەتدا کار دەکەن.
- ژنان لەپیاوان زیاتر کاتی کارکردنیان لەگەڵ چاودێریکردنی ماڵو منداڵەکانیاندا لەمەودایەکی گەورەتردا کۆکردۆتەوە.
- پیاوان لەژنان زیاتر کارکردنیان لەگەڵ بواری ئابووریو سیاسیدا گرێداوە.
- بەشێوەیەکی راستەوخۆ هەڵبژاردنی کۆمەڵە سیاسییەکان ئامادەکارییەکی یەکسانانەی هەیە بۆ پیاوانو ژنانو ئاراستەی خۆیان لەهەڵبژاردنی کۆمەڵە سیاسییەکاندا بەم شێوەیە نییە.
- سیستمی خوێندنی ئامادەییو خوێندنی باڵا هەتا ئێستاش رەگەز پەرستانەیەو تیایدا جیاکاری رەگەزو ئاینو نەتەوەو رەسەن دەکرێت.
- رەگەز پەرستی هەتا ئێستاش باڵی بەسەر بازاڕدا کێشاوە.
- جیاوازی مووچە لەنێوان ژنانو پیاواندا هەر ماوە.

- ئەو پیشەو کارانەی لەژێر کۆنترۆڵی ژناندان کەمتر دەنرخێنرێن بەبەراورد بەو کارانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی پیاواندان.
- پیاوان لەزۆربەی کارەکاندا مووچە/ کرێ لەژنان زیاتر وەردەگرن.

• ڕێژەی بوون بەخانەنشین لەزیادبووندایە، لەگەڵ ئەوەی خانەنشینکراوەکان ماوەیەکی زۆر دەژین.

- ژنان لەپیاوان زیاتر بەتەنها دەژین.
- ڕێژەی مووچەی خانەنشینی پیاوان زیاترە لەژنان.

• هەتا ئێستاش پیاوان جیهانی تاوانو خراپەکاریو توندوتیژییان کۆنترۆڵکردووەو هەر ئەوان زاڵترو باڵا دەست تر دەردەکەون.

## هەندێ لەراستییە گرنگەکان:

• ڕێژەی ئەو ژنانەی کەتەمەنیان لەنێوان ٢٠-٦٤ ساڵیدایەو لەهێزی کاردان لەساڵی ١٩٧٠دا ٦٠٪بووەو لەساڵی ٢٠٠٣دا ٧٩٪ بووە، ئەگەر ڕێژەی پیاوانیش بەرامبەر بەم ڕێژانە وەربگرین ئەوا بەرێژەی ٩٠٪ بۆ ٨٤٪ ە لەهەمان ساڵدا.

• لەساڵی ١٩٧٠دا ٤٢٪ی ژنانو ٢١٪ی پیاوان لەکەرتی گشتیو ٥١٪ی ژنانو ٧٩٪ ی پیاوان لەکەرتی تایبەتدا کاریان کردووە. لەساڵی ٢٠٠٣دا ٥١٪ی ژنانو ١٩٪ی پیاوان لەکەرتی گشتیو٤٩٪ ژنانو ٨١٪ی پیاوان لەکەرتی تایبەتدا کاریانکردووە.





• لەساڵی ١٩٧٠دا ٧٪ی فەرمانبەری پیاو بەپێی یەکسانی دابەشبوونی ڕەگەزی کاریانکردووە. بەڵام لەساڵی ٢٠٠٣دا ڕێژەکە گەیشتۆتە ١٤٪ بۆ ژنانو ١٣٪ بۆ پیاوان.

• ڕێژەی ئەو منداڵانەی کەتەمەنیان ١-٦ ساڵەو لەساڵی ١٩٧٢دا لەدایەنگاکاندا بوون ڕێژەی ١٢٪ و لەساڵی ٢٠٠٣دا ڕێژەی ٨٣٪یە.

• لەساڵی ١٩٧٤دا ڕێژەی مۆڵەت وەرگرتنی پیاوان بۆ چاودێریکردنی منداڵ لەپاش لەدایکبوونیان هیچ نەبووە، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٣دا ئەم ڕێژەیە گەشتووەتە ١٧٪.

• لەساڵی ١٩٧٣دا پۆلێنکردن بەپێی ڕەگەز لەنێوان ئەندامانی پەرلەماندا ١٥٪ ژنانو ٨٥٪ پیاوان بووە، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٢دا ٤٥٪ ژنانو ٥٥٪ پیاوان بوو.

• لەساڵی ١٩٨٦دا دابەشبوون بەپێی ڕەگەز لەنێوان نوێنەرانی حکومەتدا بەم شێوەیە بوو ڕێژەی ١٢٪ ژنانو ٨٣٪ پیاوان بوو، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٢دا ئەم ڕێژەیە گۆڕاو بوو بە٤٧٪ بۆ ژنانو ٥٣٪ بۆ پیاوان.

• لەنێوان ساڵەکانی ١٩٧١-١٩٧٢ ڕێژەی ١٢٪ی کچانو ١٤٪ی کوڕان خوێندنی ئامادەییان تەواوکرد، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٢-٢٠٠٣دا ئەم ڕێژەیە گەیشتە ٤١٪ بۆ کچانو ٤٠٪ بۆ کوڕان.

- ڕێژەی خانەنشین کراوەکان ئەوانەی تەنها مووچەی خانەنشینی لەدەوڵەت وەردەگرن لەساڵی ۱۹۸۳دا ۳۹٪ بۆ ژنان ۹٪ بۆ پیاوان بوو، بەڵام لەساڵی ۲۰۰۲دا ڕێژەی ۸٪ی ژنانو ۲٪ی پیاوان بووە.

## گەشەکردن (لەمەسەلە جێندەرییەکاندا بەتایبەت بۆ ژنان)

- ساڵی ۱۸٤٥ مافی یەکسان لەپێدانی میرات بۆ پیاوانو ژنان دەستەبەر کرا.
- ساڵی ۱۸٤٦ بێوەژنانو تەڵاقدراوانو شوونەکردووان ڕێگەیان پێدرا کەکار لەبواری بازرگانیو پیشەسازی دەستیدا بکەن.
- ساڵی ۱۸٥۸ ئەو ژنو کچانەی کەشویان نەکردووەو تەمەنیان لەسەرو ۲٥ ساڵدایە مافیان پێدرا کەبەرپرس بن لەخۆیان ئەمەش بەفەرمانی دادگا ڕاگەیەندراو لەکاتی هاوسەرگیریشدا ئەو ژنە ئەو دەسەڵاتەی نامێنێ بەمانایەکی تر شووکردن بریتی بوو لەگەڕانەوە بۆ پلەیەکی نزم.
- ساڵی ۱۸٥۹ ژنان ڕێگەیان پێدرا لەهەندێ بواری فێرکردندا کار بکەن.
- ساڵی ۱۸٦۳ ئەو ژنو کچانەی کەشوویان نەکردووە مافیان دەبێت کەسەربەخۆ بنو بەرپرس بن لەخۆیان لەدوای تەمەنی ۲٥ ساڵی.
- ساڵی ۱۸٦٤ پیاوان مافی یاسایی خۆیان لەدەست دەدەن ئەگەر توندوتیژی دژی ژنەکانیان بەکاربهێنن.
- ساڵی ۱۸۷۰ ژنان مافی وەرگرتنی بڕوانامەی دبلۆمی باڵایان لەهەندێ لەخوێندگا تایبەتییەکاندا پێدرا.





- ساڵی ۱۸۷۳ ژنان مافی بەدەستهێنانی نمرەی باشو بەکەڵکیان لەهەندێ بواردا وەرگرت، لەگەڵ هەندێ جیاوازیدا (بۆ نموونە هێنانی دکتۆرا لەیاساو تەکنەلۆجیادا).
- ساڵی ۱۹۰۱ ژنان مافی وەرگرتنی مۆڵەتی دایکایەتییان بۆ ماوەی ٤ هەفتە بەبێ مووچە یان بێ کرێ بەدەستهێنا.
- ساڵی ۱۹۱۹ ژنان مافی دەنگدانیان لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شاراوانییەکان بەدەستهێناو هەروەها مافی گرتنەدەستی پلەی ئیدارییان لەسەر ئاستی ناوچەییو شارەوانییەکان وەرگرت.
- ساڵی ۱۹۲۱ ژنان مافی دەنگدانی نەتەوەییو بەڕێوەبردنی ئۆفیسیان وەرگرت لەسەر ئاستی نەتەوەییو هەروەها ئەو ژنانەشی کەتەمەنیان ۲۱ ساڵە مافی لێپرسراوێتییان پێدراو یاسایی نوێ بۆ هاوسەرگیری داڕێژراو تێیدا پلەو پایەو ڕۆڵی یەکسانی بەهەریەك لەژنو مێرد بەخشرا.
- ساڵی ۱۹۲۲ پێنج ژن بۆ یەکەمجار لەپەرلەماندا* هەڵبژاردران.
- ساڵی ۱۹۲٥ ژنان مافیان پێدرا کەوەك پیاوان بەشداری لەکاری خزمەتگوزاریو شارستانییدا بکەن، سەرەڕای بوونی هەندێ جیاوازی.
- ساڵی ۱۹۲۷ خوێندگای ناوەندی باڵای گشتی کرایەوە بۆ کچان.
- ساڵی ۱۹۳۱ سوودو قازانج بۆ بیمەی دایکایەتی دیاریکرا.

*مەبەست لەپەرلەمانی سویدی

- ساڵی ١٩٣٥ مووچەی خانەنشینی یەکسان بۆ پیاوانو ژنان بڕیاری لەسەردرا.
- ساڵی ١٩٣٨ یاسای دژی منالّ بوون دانرا، هەروەها هەندێ کۆمەڵەی مەدەنیش بۆ یارمەتیو هاوکاریکردنی منالآنو بۆ یارمەتی ئابووریو پێدانی مووچەی دایکان لەسەر ئاستی جیهان دامەزران.
- ساڵی ١٩٣٩ یاسای لەسەر کار لانەبردنی ئەو ژنانەی سکپڕبوون دەرچوو.
- ساڵی ١٩٤٧ یەکەم ژن بۆ پلەی وەزیر کاندیدکرا ناوی کارین کۆك (Karin kcok)بوو، یاسا بۆ پێدانی مووچە یان کرێی یەکسان بۆ کاری یەکسان بۆ فەرمانبەرانی حوکمیو هەروەها پێدانی مۆڵەت لەکاتی منالّبووندا.
- ساڵی ١٩٥٠ هەردوو باوان (دایكو باوك) بەچاودێری یاسایی منالّ دانران.
- ساڵی ١٩٥١ ژنان مافی ئەوەیان پێدرا کەپارێزگاری لەناسنامەی سویدییان بکەن دوای ئەوەی شوویان بەهاولآتییەکی بێگانە کرد.
- ساڵی ١٩٥٥ پێدانی مووچەی سێ مانگ لەکاتی مۆڵەتی دایکایەتیدا بۆ ژنانی کارکەر لەکاتی لەدایکبوونی منالّەکانیاندا.
- ساڵی ١٩٥٨ ژنان مافیان پێدرا کەبچنە بواری ئایینییەوەو ببن بەقەشە.





- ساڵی ١٩٦٠ خاوەنکارەکان قایلبوون بەکارنەکردن بەیاسای کرێ یان مووچەی جیا بۆ ژنان بۆ ماوەی ٥ ساڵ.
- ساڵی ١٩٦٩ خوێندگا ئیلزامییەکان بەرنامەی خوێندنی نوێیان بۆ هاندانو فراوانکردنی یەکسانی جێندەری پەیڕەوکرد.
- ساڵی ١٩٧٠ خوێندگا ناوەندییەکان شێوازی بەرنامەی خوێندنی نوێیان بۆ هاندانو فراوانکردنی یەکسانی جێندەری پەیڕەوەکرد.
- ساڵی ١٩٧١ هەڵسەنگاندنی باجی داهاتی جیاواز بۆ ژنو مێرد.
- ساڵی ١٩٧٤ دایكو باوك هەمان مافیان هەیە بۆ هاوبەشیکردنی مۆڵەت (مۆڵەتی دایکایەتی) لەکاتی منالّبوونو چاودێریکردنی منالّ لەدوای لەدایکبوون.
- ساڵی ١٩٧٥ لەکۆنفرانسی جیهانی ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا یاسای نوێی لەباربردنی منالّ دەرچوو، کەتێیدا هاتووە ژنان تا ماوەی ١٨ هەفتە مافیان هەیە بڕیار بدەن بۆ لەباربردنی سکەکەیان.
- ساڵی ١٩٧٦: دە ساڵ لەنەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ژنان، دابینکردنی هەلی یەکسان لەخزمەتگوزاری مەدەنیدا بەشێوەیەکی فەرمی سەربەخۆبوون لەشێوازی ژیاندا: هەموو کەسێك ٢٥ ساڵ ئازادە بۆ بڕیاردان لەسەرخۆی.
- ساڵی ١٩٧٧ بڕیار لەسەر رێکەوتننامەیەك درا لەنێوان خاوەنکارو یانەکاندا بۆ رەخساندنی دەرفەتی یەکسان.

- ساڵی ١٩٧٩ پێدانی ماوەی ٦ سەعات بۆ کارکردنی بۆ ئەو دایكو باوکانەی کەمناڵی بچووکیان هەیە.
- ساڵی١٩٨٠ یاسای دژە جیاکاری رەگەزی لەکاتی دامەزراندن بۆ کارێکی دیاریکراو. وە دەستەبەرکردنی دەرفەتی یەکسان لەخوێندکاکانداو دابینکردنی پێویستی نوێ بۆ فراوانکردنی دەرفەتە یەکسانەکانو بڕیارو یاسای نوێ بۆ کورسی دەسەڵات دەربکرێت ئەویش ئەگەر شا یان شاژن یەکەم مناڵی کوڕ یان کچ بێت دەبێت ببێتە پاشا یان شاژن بەبێ رەچاوکردنی رەگەزەکەی.
- ساڵی ١٩٨٢ لێدانو هێرشکردنە سەر ژنان قەدەغەکرا تەنانەت ئەگەر پەیوەندیشی هەبێت بەموڵکیەتی تایبەتو دارکاری گشتیو قەدەغەکردنی "بەرنامە راستەوخۆو پۆرنۆگرافییەکان" لەشوێنە گشتییەکانو ئاسایشی گشتی کۆمەڵگا ئاماژە بەچاودێریکردنو بایەخدان بەو مناڵانە دەکات کەتەمنیان لەخوار (٣) ساڵەوەن، هەروەها دابینکردنی تەمویلی گشتی بۆ رێکخراوەکانی ژنان، هەڵبژاردنی سەربەستانەی ناوی دوای هاوسەرگیری ئەمەش دەکەوێتە سەر ژنو مێرد کەخۆیان بەئارەزووی خۆیان ئەم نازناوانە هەڵبژێرین*

* لەکەلتوری رۆژئاوادا کاتێك کچێك شوو دەکات بەکوڕێك نازناوەکەی دەچێتە سەر نازناوی کوڕەکە، بەڵام لەساڵی ١٩٨٢دا ئەمە بەو شێوە ئیجباریە نەمایەوە کەکچەکە دەتوانێت بەئارەزووی خۆی ناوەکە وەربگرێت یان هەر ناوەکەی خۆی بێت یان نازناوێکی نوێ بۆ خۆیان هەڵبژێرن (وەرگێر).





- ساڵی ١٩٨٣ رێکەوتنامەی نوێ دەرچوو لەسەر پێدانی دەرفەتی یەکسان لەنێوان خاوەنکارو یانەکان ئەوەش ئەو بڕیارە دەگرێتەوە کەدەبێت هەموو کارو پیشەیەك بۆ ژنان دەستەبەرکرابێت تەنانەت ئەگەر لەهێزی سەربازیشدا بێت.
- ساڵی ١٩٨٤ بڕیاری رەخساندنی دەرفەتی یەکسان لەلایەن دەوڵەتەوە دەرکرا.
- ساڵی ١٩٨٥ مەسەلە ستراتیجییەکان بۆ ساڵی ٢٠٠٠ بڕیاری لەسەر دراو ئەم رێکەوتننامەیە بۆ کۆمپانیاکان سوودی لێوەرگیراوە.
- ساڵی ١٩٨٧ یاسای نوێ سەبارەت بەموڵکیەتی هاوبەش بۆ ئەو کەپڵانەی کەتەنها بەیەکەوە دەژین (بەبێ هاوسەرگیری) دەرچوو لەیاسای (پێکەوە ژیان)دا.
- ساڵی ١٩٨٨ پلانی ٥ ساڵی نەتەوەیی بۆ پەرەپێدانو رەخساندنی دەرفەتی یەکسانی زیاتر دەرچوو.
- ساڵی ١٩٨٩ پلانی کارکردن بۆ گەلانی وڵاتانی ئەسکەندەنافی دارێژرا ئەمەش بۆ فراوانکردنی رەخساندنی دەرفەتی یەکسان لەسوید بۆیان.
- ساڵی ١٩٩٢ یاسای نوێی دەرفەتی یەکسان دارێژرا.
- ١٩٩٤ پێداچوونەوەی یاسای دەرفەتی یەکسانو دانانی پلانی نەتەوەیی نوێ بۆ دەستەبەرکردنی دەرفەتی یەکسانو هەروەها ئاماری جێندەری بوو بەبەشێك لەئاماری رەسمی سویدی.

- ساڵی ١٩٩٥ سوید پەیوەندی بەیەکێتی ئەوروپاوە کردو چوارەم کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان لەپەکین لەژێر دروشمی (کار بۆ یەکسانیو گەشەسەندنو ئاشتی)دا بووو دانانی یاسای شەریکایەتی کەئەویش بەلایەنی کەمەوە دەبێت کاتێ منالٚ لەدایکدەبێت، بۆ چاودێرکردنی دەبێت مانگێك دایکەکەو مانگێکی تر باوکەکە چاودێری بکەن، نەك تەنها دایکەکە، واتا دەبێت بە(مانگێ دایك/ مانگێ باوك).
- ساڵی ١٩٩٧ یەکەم ژنی سەرەك قەشە هاتە سەرکار.
- ساڵی ١٩٩٨ یاسای توندوتیژی دژ بەژنان گۆڕانکاری بەسەرداهات ئەویش بەهەموارکردنی یاسای تاوانکاری (قانون العقوبات)و یاسای قەدەغەکردنی شێواندی دەرەوەی کۆئەندامی زاوزێی مێینە دەرچوو بۆ نموونە (خەتەنەکردنی کچان)، هەروەها یاسای دەرفەتی یەکسان گرنگی زیاتریدا بە تەنگپێهەڵچنینی سێکسی.
- ساڵی ١٩٩٩ یاسای پاراستنی بازرگانیکردن بەخزمەتگوزارییە سێکسییەکانەوە دەرچوو.
- ساڵی ٢٠٠٠ کۆبوونەوەی تایبەتی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان لەساڵی ٢٠٠٠دا کەیاسایەك دەرچوو تێیدا مەسەلەکانی یەکسانی جێندەریو گەشەسەندنو ئاشتی بۆ سەدەی ٢١ خرانەڕوو.





- ساڵی ٢٠٠١ یاسای دەرفەتی یەکسان بەشێوەیەکی باشتر لە١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠١دا.
- ساڵی ٢٠٠٢ دیاریکردنی مۆڵەتی دایکایەتی (باوان) لە٤٨٠ رۆژ، ٣٠ رۆژی بۆ نەخۆشی واتا ئەگەر نەخۆشکەوتنو بۆ هەریەك لەدایكو باوك ٦٠ رۆژ هەیە بەبێ ئەوەی کەبگۆڕێت دەبێت هەریەکەیان ئەم ماوەیەی خۆی وەربگیرێتو باقیاتی رۆژەکانیتر دەتوانن بەئازادانە لەنێوان خۆیاندا بەشی بکەن.
- لیژنەی هەڵسەنگاندن بۆ هەڵسەنگانی یاسایی حوکمیو پێشیلکاری دژی پاکیو راستی ژنان لەروانگەی جێندەرییەوە دامەزرا.
- ساڵی ٢٠٠٤ پرۆژیەك بۆ پێداچوونەوەی سیاسەتی یەکسانی جێندەری خرایەڕوو.
- ساڵی ٢٠٠٤ حکومەتی سویدی پێشنیاری ستراتیژێکی نوێی کرد بۆ یەکخستنی یەکسانی جێندەریو ئۆفیسە حکومییەکان.

## مەبەستەکانی پلانی یەکسانی جێندەری:

ئامانجی سەرەکی پلانی یەکسانی جێندەری سویدی بۆ ژنان و پیاوانە تا هەمان دەرفەتو مافو لیپرسراویەتیان هەبێت لەبوارەکانی ژیاندا، ئەمەش ئاماژە بەچەند شتێك دەکات وەك:

- دابەشکردنی یەکسانانەی هێزو دەسەڵات لەنێوان ژنانو پیاواندا.

- ڕەخساندنی هەمان دەرفەت بۆ پیاوانو ژنان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئابووری.
- ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسانو بارودۆخی گونجاو لەو مەسەلانەی کەپەیوەندییان بەکاری سەربەخۆو وەزیفەو مەرجەکانی کارکردنو چانسی پێشکەوتن لەکارەکاندا، هەیە.
- بواری ڕەزامەندی یەکسان بۆ خوێندنو مەشقکردنو ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ گەشەدان بەئارزووە تایبەتەکانو هیواو توانا کەسییەکان.
- هاوبەشیو هاوکاریکردن لەلێپرساویەتیماڵو منالّدا.
- سەربەستی لەلایەن توندو تیژی سێکسیەوە (پەیوەندیدار بەجێندەرەوە).

## مەسەلە ئەولەوییەکان بۆ پلانی یەکسانی جێندەری:

مەسەلەکانی تایبەت بەوەزیری دیموکراسیو یەکخستنە* نەتەوەییو پلانەکانی یەکسانی جێندەری حکومی ڕێکدەخات. هەموو وەزیرێك لەکارەکەی خۆیدا لەیەکسانی جێندەری لێپرساوە. دابەشکردنی یەکسانی جێندەری دەچێتە ئەستۆی بەرپرسیارێتی وەزیری یەکسانیو یەکخستنی نەتەوەییو کۆمەڵایەتی بۆ ڕێکخستنی کاروباری یەکسانی جێندەریو بۆ هەوڵە تایبەتییەکانی یەکسانی جێندەریو گەشەپێدانی شێوازەکان بۆ ڕاپەڕاندی پلانی حکومەت بۆ یەکسانی جێندەری. دابەشکردنەکان بەگوێرەی نەتەوەو ئاینو کلتوور دەستێکی بالّای

* – Integration پرۆسەی یەکخستن یان تیکەڵ کردنی ئەو کەسانەیە بەکۆمەڵگا کە بەهۆی ڕەگەزو ڕەنگی پێستو ئایینو ڕەسەن..... تد جیاکراونەتەوە، (وەرگێر).





هەیە لەو کێشەو مەسەلانەی کەپەیوەندیان بەیەکسانی نێوان ژنانو پیاوانەوە هەیەو هەروەها لەمەسەلەکانی بەڕێوەبردنو گەشەسەندن دەستەی دەرفەتی یەکسانی* بەرپرسیارو ئۆفسی لێکۆڵەرەوەکان کار لەسەر سکالاّکانی ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان لەدامو دەزگاو شوێنی کارکردندا کە لەدژی فەرمانبەرانی حکومەت تۆماردەکرێت، دەکات.

لەدەستەی بەڕێوبەرایەتی هەرێمدا پارێزگاری هەموو پارێزگایەك یان هەرێمێك شارەزایی لەبواری یەکسانی جێندەریدا هەیە. ئۆفسی لێکۆڵنەوەی ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان تەئکید لەپەیڕەویکردنی یاسای یەکسانی نێوان ژنو پیاو دەکاتەوە لەبەر ئەوەی حکومەت ئەم مەسەلەیە بەگرنگ دادەنێت کەیەکسانی جێندەری دەبێتە هۆی یەکخستنی هەموو بوارە سیاسییەکان (بلاّوکردنەوەی باوەڕی باوی جێندەری)، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت لەماوەی کارکردنی خۆیدا لەساڵی (٢٠٠٢ بۆ ٢٠٠٦) تەرکیز لەسەر ئەم بوارانەی لای خوارەوە دەکەنەوە:

- ئامادەکاری: دابەشکردنی یەکسانانەی دەسەلاّتو کاریگەری.
- کرێ یان مووچە بەشێوەیەکی یەکسان بۆ کاری یەکسان بدرێتو بەهای یەکسانی کارکردن دیارییکرێت.

* – Equal opportunities commission:– بۆ نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی چونکە ئەگەر پیاوانو ژنان هەمان دەرفەتیان لەژیاندا بۆ بڕەخسیٚ ئەوا شێوازی ژیان جۆرێکی تر دەبوو لێرەدا کۆمەڵەی دەرفەتی یەکسان هاتووتەکایەوە بۆ ڕەخساندنی هەمان دەرفەت بۆ پیاوانو ژنان بەشێوەیەکی یەکسان. (وەرگێر)

- قەدەغەکردنی توندوتیژی پیاوان دژی ژنانو دژی بەدڕەوشتی یان بەدئەخلاقی* و هەروەها دژی بازرگانیکردن بەژنانەوە بۆ مەبەستی سێکسی.
- پیاوانو یەکسانی جێندەری،
- بەسێکسیکردن لەبوارەگشتییەکاندا.

## یەکسانی جێندەریو ئامار:

کاروباری یەکسانی جێندەری لەهەموو بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا:
پەرلەمانی سویدی لەبەهاری ساڵی ١٩٩٤دا بڕیاری لەسەر پلانی کاری نەتەوەیی نوێا بۆ بەجێگەیاندنی پلانی یەکسانیدەرکردووە، ئەمەش لەپێناوی بەدەستهێنانی کۆمەڵگایەك کەتێیدا دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو تاکەکانی رەخسابێتو روانگە جێندەرییەکان لەهەموو بوارەکانیدا رەنگیدابێتەوە.
ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەهەموو پرۆپۆزەڵەکانو بڕیارەکان دەبێت لەروانگەی جێندەریەوە شیبکرێنەوە لەپێناوی بەدەستهێنانی ئامانجێکی شیاو بۆ پیاوانو ژنان لەسەر ئاستی هەرێمیو ناوخۆیی.

* بەدئەخلاقی= (Prostitution)





## دەبێت پیاوانو ژنان لەئاماردا دیار بن:

بۆ ئەوەی ئەم کارە بکرێتو شیاوبێت دەبێت ئامار بەگوێرەی رەگەز* دیاری بکرێت. پەرلەمانی سویدی بڕیاریداوە کەدەبێت مەسەلە جێندەریەکانیش بەشێك بن لەئاماری رەسمی، ئامانج لێرەدا تەنها بریتی نییە لەوەی کەهەموو ئامارێك بریتی بێت لەژماردنی تاکەکانو لێکۆڵینەوەو دیاریکردنی رەگەزەکانیان بەڵکو دەبێت مەسەلەو کێشە جێندەرییەکانیش تێیدا رەنگی دابێتەوە دەبێت رەگەز ببێتە بنچینەیەکی سەرانسەری لەمیانەی شیکردنەوەی ئاماردا. وێرای ئەمە دەبێت ئامارەکان بەشێوەیەك پێشکەشبکرێن کە بەئاسانی لەلایەن بەکارهێنەرانەوە بەکاربهێنرێن. لەیاسای ئاماری رەسمی (٢٠٠١:١٠٠)دا پەرەگرافێك لەو بەشە دەستبکەوێت. لەبەندی ١٤ی ئاماری رەسمی سویدیدا هەیە کەبۆ تاکەکان دەگەڕێتەوە، دەبێت بەپێی رەگەز جیابکرێنەوە، ئەگەرنا لێرەدا هۆی تایبەت هەیە بۆ نەکردنی بەو شێوەی لای سەرەوە کەباسی لێوە کرا. ئامارناسی سویدی راوێژو رێبەری بۆ کارکردن بەشێوەی دابەشکردنی ئامار بەگوێرەی رەگەز (CBM٢٠٠٤:١) پێشکەشکرد، ئەم کتێبە دەتوانرێت لەبەشی ئامار ناسی سویدی داوابکرێت، یان لەئینتەرنێتەوە لەوێبسایتی تایبەت بەم بوارە (بواری ئامار ناسی) داون لۆد بکرێت.

* وشەی رەگەز (sex) مەبەست لەلایەنە بایەلۆجییەکانە، بەڵام وشەی جێندەر (Gender) مەبەست لەلایەنە کۆمەڵایەتییەکانە.

## ڕێبەر بۆ خوێنەران:

زانیارییەکانی ناو ئەم نامیلکەیە بەپلەی یەکەم ئاماری سویدیەوە (SCB) * و لەئەنجامی ئاماری ئاژانسە حکومییەکانی ترەوە وەرگیراوە. هەروەها هەموو خشتەو هێڵکارییەکانو سەرچاوەکان ئاماژەی پێ کراوە.

لەزۆربەی شوێنەکاندا خشتەو هێڵکاریەکان ژمارەی تەواویان یان ژمارەی ڕێژەییان (٪) بۆ هەندێك لەژمارەکان تێدایە، یەکەم جار لەنێوان ژنانو دوایی لەنێوان پیاواندا. ڕێژە سەدییەکان (٪) بەدوو ڕێگا بەکار هێنراون:

- ڕێژەی سەدی (٪) بۆ هەموو ژنانو ڕێژەی سەدی بۆ هەموو پیاوان (٪) لەهەندێ ژمارەدا دیاری کراوە بۆ نموونە بۆ ئەو ژنو پیاوانەی کە بەدەوامی تەواو** کاردەکەن.
- دابەشکردن بەپێی ڕەگەز لەناو گروپەکاندا، بۆ نموونە لەنێوان مامۆستایانی خوێندگاکانی ناوەندیدا. لەهەندێ هێڵکاریدا هەردوو شێواز واتا ژمارەی تەواوو و جیاکارییانە لەبەشی پەروەردەو فێربووندا دەبینرێت، بۆ نموونە لەهێڵکارییەکانی تەواوکردنی خوێندی ئامادەییدا دیارە. لەم هێڵکارییەدا

* Statistics Sweden (SCB): دەزگایەکی حکومەتی سویدییە هەڵدەستێت بەئاماری ڕەسمیو ئامارە حکومییەکانی تر، هەروەها بەرپرسە لەتەنسیقو پاڵپشتیکردنی حکومەتی سویدی بۆ ئەو ئامارە فەرمیانەی کەدەیکات.

** (full- time)= دەوامی تەواو.



ژمارەی تەواوی ئەو خوێندکارانەی کەپڕۆگرامی خوێندنیان تەواکردووە دەردەکەوێ بەبەرواردکردن لەگەڵ پڕۆگرامەکانی تردا.

- ژمارەی تەواو هەمیشە هەمان ڕێکەوتی لەگەڵ ژمارە دیاریکراوەکاندا نییە ئەویش بەهۆی گۆڕانکارییە بەردەوامەکانەوە کەروودەدەن.

ئەو ئامارانەی کەبەشێك لەئامارناسی ڕەسمی سوید پێکدەهێنن بەشێکن لەسیستەمی ئاماری فەرمی سویدی * . هەر چەندە خشتەو هێڵکارییەکانی ناو ئەم کتێبە بەتایبەتی لێکۆڵینەوەی گشتیو هەڵسەنگاندنەکان لەلایەن هێزی کارەو ئەنجامدراون بۆیە ئاماری ڕەسمی نین.

بۆ زانیاری زیاتر دەتوانیت سەیری وێب سایتی www.scb.se بکرێت.

### ڕاڤەکردنی هێماکان:

– واتا تێبینی ناکرێت (ڕێژەکەی سفرە)

٠ واتا ڕێژەکەی کەمترە لەنیو یەکە.

.. واتا داتای نییە یان زۆر تەئکید نین بۆ بەکارهێنانی.

. واتا هاوگروپەکان وەك یەك نین.

* labor force survey(LFS) :– ئاماری فەرمی سویدی لەزۆر بواردا پێشەواو ڕابەرەو هەروەها لەنێو جۆرەکانی تر کارو بەخشو ڕاوێژە جیهانیەکانو لەهەڵسەنگاندنی نموونەو تۆماری داتاکاندا ڕەنگی داوەتەوە لەمانەش وەك هەڵسەنگاندی هێزی کار (LFS).

**دانیشتوان:**

گۆڕانکـاری لـەژمارەی دانیـشتواندا لـەنێوان سـاڵەکانی ١٨٩٠- ٢٠٠٣، ژمارەکان لەهەزاردانو ڕێژەی دانیشتوانیش بەرێژەی سەدییە (٪).

| | دانیشتوان | | لەدایکبوون | | مردن | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ساڵ | | | | | | |
| ١٨٩٠ | ٢٤٦٨ | ٢٣١٧ | ٦٥ | ٦٨ | ٤١ | ٤١ |
| ١٩٢٠ | ٣٠٠٦ | ٢٨٩٨ | ٦٧ | ٧٢ | ٣٩ | ٣٩ |
| ١٩٥٠ | ٣٥٣٥ | ٣٥٠٦ | ٥٥ | ٥٨ | ٣٥ | ٣٥ |
| ١٩٧٠ | ٤٠٤٥ | ٤٠٣٦ | ٥٤ | ٥٧ | ٣٧ | ٤٣ |
| ١٩٨٠ | ٤١٩٨ | ٤١٢٠ | ٤٧ | ٥٠ | ٤٢ | ٥٠ |
| ١٩٩٠ | ٤٣٤٧ | ٤٢٤٤ | ٦٠ | ٦٤ | ٤٩ | ٤٦ |
| ٢٠٠٣ | ٤٥٢٩ | ٤٤٤٧ | ٤٨ | ٥١ | ٤٥ | ٤٨ |

| | کۆچکردن | | کۆچکەران | | ڕێژەی ساڵانەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ساڵ | | | | | | |
| ١٨٩٠ | ٢ | ٣ | ١٦ | ١٨ | ٤,٢ | ٥,٧ |
| ١٩٢٠ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٩,٢ | ١١,٥ |
| ١٩٥٠ | ١٦ | ١٢ | ٧ | ٦ | ٨,٤ | ٨,٧ |
| ١٩٧٠ | ٣٥ | ٤٣ | ١٣ | ١٦ | ٩,٣ | ٩,٧ |
| ١٩٨٠ | ١٩ | ٢٠ | ١٤ | ١٦ | ٢,٥ | ١,٠ |
| ١٩٩٠ | ٢٩ | ٣١ | ١١ | ١٤ | ٧,٣ | ٧,٦ |
| ٢٠٠٣ | ٣٢ | ٣٢ | ١٧ | ١٨ | ٣,٤ | ٤,٤ |

سەرچاوە: - ئاماری ژمارەی دانیشتوان (SCB).

ژمارەی دانیشتوان بەدرێژایی سەردەم زیادیکردووە، زۆربەشـی بـەهۆی دیـاردەی کۆچـکردنەوەیە بـۆ دەوڵـەتی سـوید. لەناوەڕاسـتی سـاڵەکانی ١٩٤٠دا ڕێـژەی دانیـشتوان بەشـێوەیەکی بەرچـاو زیـادیکردووەو هـەروەها لـەکۆتایی سـاڵەکانی شەستەکانو حەفتاکاندا دووبارە ڕێژەی دانیشتوان بەشیوەیەکی دیـار زیـادیکرد





ئەمەش بەهۆی بارودۆخی بازاڕی کـاری کۆچـبەرانەوە بـوو لـەوڵاتانی خۆیانـدا. لەسـاڵی ١٩٩٥دا ژمـارەی دانیـشتوان کـەمی کـرد بـەهۆی کەمبوونـەوەی کۆچکردنو کۆچکردنی بەردەوام بەرەو وڵاتی سوید لەساڵی ٢٠٠٢وە تا ئێـستا ڕێژەی لەدایکبوون زیاترە لەمردن.

سەرچاوە: ئاماری ژمارەی دانیشتوان (SCB).

**ژمـارەی دانیـشتوان بـەپێی تەمـەن لەسـاڵەکانی ١٨٩٠، ١٩٤٠، ٢٠٠٣و خەمڵاندن بۆ ساڵی ٢٠٢٥:**

ژمارەکانی ئـەم هێلکارییـەی لای خـوارەوە لەهـەزاردانو ڕێـژەی ژنـانو پیـاوان بەرێژەی سەدی دەستنیشان کراوە:

١٨٩٠   ١٩٤٠




سەرچاوە: ئاماری ژمارەی دانشتوان، (SCB).

## هەموو دانیشتوان تەمەنیان دیاریکراوە لەماوەی سەدەی ٢٠دا:

ژمارەی منالآن کەم بووەتەوەو ژمارەی بەتەمەنەکان زیادیان کردووە. هەرچەندە ژمارەی دانیشتوان لەنێوان تەمەنی ٢٠- ٦٤ ساڵیدا بەشێوەیەکی بەرچاو نەگۆڕاوە. لەساڵی ٢٠١٠ شدا چاوەڕواندەکرێت گۆڕانکاری ئەوتۆ لەپێکهاتەی ژمارەی دانیشتواندا روونەدات. لەدوای ئەمە چاوەڕواندەکرێت ژمارەی دانیشتوان بەردەوام لەزیادبووندا بێت.

## ژمارەی دانیشتوان بەپێی تەمەن لەساڵەکانی ١٩٠٠و ٢٠٠٣و ٢٠٢٥:

دابەشکردن لەم هێڵکارییەی لای خوارەوە بەپێی رێژەی سەدییە.




سەرچاوە:- ئاماری ژمارەی دانیشتوان، (SCB)





## ژمارەی دانیشتوان بەپێی باکگراوندی سویدی/ بیانیو تەمەن لەساڵی ٢٠٠٣دا:

دابەشکردن بەپێی رێژەی سەدییەو ژمارەکان لەهەزاردان.

| باکگراوندی سویدی/ بیانی | تەمەن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ساڵ | ٠- ٩ | | ٢٠-٦٤ | | ٦٥ -... | |
| لەدایکبوانی دەرەوەی سوید | ٦ | ٦ | ١٥ | ١٤ | ١١ | ١٠ |
| نیشتەجێبوو لەسوید ٠-٤ ساڵی | ٣ | ٢ | ٣ | ٣ | ٠ | ٠ |
| نیشتەجێبوو لەسوید ٥-٠٠ ساڵی | ٤ | ٤ | ١٣ | ١٢ | ١١ | ٩ |
| لەدایکبوانی وڵاتی سوید | ٩٤ | ٩٤ | ٨٥ | ٨٦ | ٨٩ | ٩٠ |
| دایكو باوك بیانین (سویدی نین) | ٩ | ٩ | ٢ | ٢ | ٠ | ٠ |
| دایك یان باوك یەکێکیان سویدییە | ١٠ | ١٠ | ٦ | ٦ | ١ | ١ |
| دایكو باوك هەردووکیان سویدین | ٧٥ | ٧٥ | ٧٦ | ٧٧ | ٨٩ | ٩٠ |
| کۆ، بەرێژەی سەدی | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |
| بەژمارە | ١,٠٤٧ | ١,١٠٥ | ٢,٦٠٢ | ٢,٦٨٠ | ٨٠ | ٦٦٢ |

ئامار بەپێی تەمەن بۆ سەڵتو هاوسەردار/ کەپڵ* لەساڵی ٢٠٠٣دا، دابەشکردن بەرێژەی سەدییەو ژمارەکان لەهەزاردان.

| باری کۆمەڵایەتی | تەمەن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| (هاوسەردار یان سەڵت) | ١٦-١٩ | | ٢٠-٢٤ | | ٢٥-٢٩ | |
| سەڵت | ٩٥ | ٩٨ | ٦١ | ٧٧ | ٣٣ | ٤٨ |
| هاوسەردار/ کەپڵ | ٥ | ٢ | ٣٩ | ٢٣ | ٦٧ | ٥٢ |
| کۆ، بەرێژەی سەدی | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |
| بەژمارە | ٢٠٨ | ٢٢٠ | ٢٥٣ | ٢٦٣ | ٢٧٥ | ٢٨٦ |

| باری کۆمەڵایەتی | تەمەن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| (هاوسەردار یان سەڵت) | ٣٠-٣٤ | | ٣٥-٣٩ | | ٤٠-٤٩ | |
| سەڵت | ٢٣ | ٣١ | ٢٢ | ٢٧ | ٢٤ | ٢٦ |
| هاوسەردار/ کەپڵ | ٧٧ | ٦٩ | ٧٨ | ٧٣ | ٦٧ | ٧٤ |
| کۆ، بەرێژەی سەدی | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |
| بەژمارە | ٢٩٩ | ٣١٠ | ٣٢٥ | ٣٤١ | ٥٧٩ | ٥٩٨ |

| باری کۆمەڵایەتی | تەمەن | | | |
|---|---|---|---|---|
| (هاوسەردار یان سەڵت) | ٥٠-٥٩ | | ٦٠-٦٤ | |
| سەڵت | ٢٥ | ٢٢ | ٢٨ | ٢١ |
| هاوسەردار/ کەپڵ | ٧٥ | ٧٨ | ٧٢ | ٧٩ |
| کۆ، بەرێژەی سەدی | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |
| بەژمارە | ٦١٩ | ٦٢٩ | ٢٤٦ | ٢٤٨ |

سەرچاوە:- هەڵسەنگاندنەکانی هێزی کار (SCB)

* کەپڵ: پێکەوە ژیانی دووکەس بەبێ هاوسەرگیری.





ژمارەی دانیشتوانی تەمەن ٦٥ ساڵ بەپێی باری هاوسەری لەساڵی ٢٠٠٣دا: دابەشکردنەکە بەرێژەی سەدییەو ژمارەکان لەهەزاردان.

| باری کۆمەڵایەتی | تەمەن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| (هاوسەردار یان سەڵت) | ٦٥-٦٩ | | ٧٠-٧٤ | | ٧٥-٧٩ | |
| هاوسەری نەکردووە | ٧ | ١٠ | ٦ | ١٠ | ٦ | ٩ |
| هاوسەردار/ کەپڵ | ٥٩ | ٦٨ | ٥٢ | ٦٩ | ٤١ | ٦٧ |
| تەڵاقدراو/ جیابووەوە | ١٨ | ١٧ | ١٥ | ١٣ | ١١ | ١٠ |
| بێوەژن/ بێوە پیاو | ١٦ | ٥ | ٢٧ | ٨ | ٤٢ | ١٤ |
| سەرجەم، بەرێژەی سەدی | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |
| بەژمارە | ٢٠٤ | ١٩٢ | ١٨٩ | ١٦١ | ١٨١ | ١٣٨ |

| باری کۆمەڵایەتی | تەمەن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| (هاوسەردار یان سەڵت) | ٨٠-٨٤ | | ٨٥-٨٩ | | ٩٠-... | |
| هاوسەری نەکردووە | ٦ | ٩ | ٧ | ٨ | ٩ | ٨ |
| هاوسەردار/ کەپڵ | ٢٧ | ٦٢ | ١٤ | ٥٢ | ٥ | ٣٦ |
| تەڵاقدراو/ جیابووە | ٨ | ٧ | ٧ | ٥ | ٦ | ٤ |
| بێوەژن/ بێوە پیاو | ٥٨ | ٢٢ | ٧٢ | ٣٥ | ٨٠ | ٥٢ |
| سەرجەم، بەرێژەی سەدی | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |
| بەژمارە | ١٥٩ | ١٠٤ | ٩٤ | ٤٨ | ٥٢ | ١٨ |

سەرچاوە:- ئاماری ژمارەی دانیشتوان، (SCB)

نمونەی ئەو کۆمەڵانەی کەسەڵتن، بەڵام بەتەنیا دەژین.

- ئەو منالانەی کەتەمەنیان (١٦)ساڵ بەرەو سەرەوەیە، بەڵام هێشتا لەگەڵ دایکو باوکیان نیشتەجێن.
- ئەو کەسانەی کەهاورێنو بەیەکەوە دەژین.
- ئەو کەسانەی کەخوشك یان برانو بەیەکەوە دەژین.
- دایکانو باوکان کە لەماڵی مناڵەکانیاندا دەژین.*

ئاماری یەکەکانی خێزان بەپێی گروپ لە٢٠٠٢دا:

تێبینی/ ژمارەکان لەهەزاردانو دابەشکردنەوەکە بەپێی رێژەی سەدییە.

| گروپی یەکەی خێزان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| پێکەوە ژیان بەبێ بوونی منال لەنێوان ژنو پیاوەکەدا | ١٣٠١ | ٢٨ |
| پێکەوە ژیان بەبوونی منال لەنێوانژنو پیاوەکەدا | ٦٩٢ | ١٩ |
| ژنی سەڵت لەگەڵ مناڵەکانیدا | ١٩٨ | ٤ |
| پیاوی سەڵت لەگەڵ مناڵەکانیدا | ٦٦ | ١ |
| ژنی سەڵت بەبێ منال | ٨١١ | ١٨ |
| پیاوی سەڵت بەبێ منال | ٧٧٤ | ١٧ |
| یەکەکانی خێزان | ٥٥٢ | ١٢ |
| کۆ | ٤٥٩٤ | ١٠٠ |

سەرچاوە:- سەرژمێری ئاماری پێکەوە ژیان (SCB)

* ئەو منالانەی کەبالغبوونو گەورەو تەواون.





تێکڕای درێژی ژیانی مرۆڤی سویدی لەکاتی لەدایکبوونیانەوە ١٨٨٥-٢٠٠٠٠ -٢٠٠٢٠٠٣:




سەرچاوە:- ئاماری ژمارەی دانیشتوان.

پێکەوە ژیانو سەڵتو بەتەنیا ژیان بەپێی تەمەن لە٢٠٠٢دا:

رێژەی سەدی (٪) لەگروپی تەمەنەکاندا بەکارهاتووە.




سەرچاوە:- لێکۆڵینەوەی پێکەوە ژیان (SCB)

سەرژمێری یەکەکانی خێزانە هاوجیۆ سەڵتەکان بەپێی ژمارەی مناڵەکانیان لەتەمەنی ٥-١٧ ساڵی لە٢٠٠٢دا:

- ڕێژەی ژمارەکان لەهەزاردانو دابەشکردنەکە بەپێی ڕێژەی سەدییە.

| | هاوجێکان | | سەڵت | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژنان | | پیاوان | |
| ژمارەی مناڵەکان | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| ٠ | ١٣٠١ | ٥٩ | ٨١١ | ٨٠ | ٧٧٤ | ٩٢ |
| ١ | ٣٢٠ | ١٥ | ١١٢ | ١١ | ٣٧ | ٤ |
| ٢ | ٣٩٦ | ١٨ | ٦٣ | ٦ | ٢٤ | ٣ |
| ٣- | ١٧٦ | ٨ | ٢٣ | ٢ | ١ | ٥ |
| سەرجەم | ٢١٩٤ | ١٠٠ | ١٠٠٤ | ١٠٠ | ١٠٠ | ٨٤٠ |

سەرچاوە:- سەرژمێری ئاماری پێکەوە ژیان (ئاماری سویدیو SCB)

تێبینی:- دانیشتوانیش یەکەی خێزانی تری تێدایە کەیەکێك یان دووکەس لەو کەسانەی لەخێزانێکدا دەژین جیادەبنەوەو بەتەنها دەژین، هەندێکی تر لەو یەکانەی خێزان کەتەمەنیان لەنێوان ١٦-٨٤ ساڵیدایەبەتەنها دەژین.





سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٢ بۆ منداڵانی تەمەن ٥-١٧ ساڵی بەپێی تەمەن کەنیشتەجێن لەماڵی باوانیان* بەگوێرەی بارودۆخی پێکەوە ژیان یان هەر نیشتەجێ نین لەماڵی باوانیان:

ئەو ژمارانەی کە لەم خشتەیەی خوارەوەدایە لەهەزاردانو دابەشکردنەکەش بەرێژەی سەدییە:

| تەمەن | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٠ | | ١-٥ | | ٦-١٢ | | ١٣-١٧ | |
| | کچ | کوڕ | کچ | کوڕ | کچ | کوڕ | کچ | کوڕ |
| ئەو منداڵانەی لەماڵی باوانیان نیشتەجێن (لەگەڵ باوانیان دەژین) | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ٩٩ | ٩٩ |
| لەگەڵ هەردوو باوانیان پێکەوە دەژین | ٩٠ | ٩٠ | ٨٦ | ٨٦ | ٧٦ | ٧٦ | ٧١ | ٧٢ |
| لەگەڵ باوانی بایەلۆجی** یان بەخێوکەر، دەژین | ٨٩ | ٨٩ | ٨٥ | ٨٥ | ٧١ | ٧١ | ٦٤ | ٦٤ |

* سەرچاوە:منداڵانو خێزانەکەیان لە٢٠٠٢داو تۆماری دانیشتوانی (TPR) لەئاماری سویدا هاتووە.

** باوانی بایەلۆجی: مەبەست لەو دایکو باوکەیە کەمناڵەکەیان بووەو هەر لەگەڵ خۆشیاندا دەژی.

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لەگـەڵ دایـكو مێـردی دایك* | ١ | ١ | ١ | ١ | ٥ | ٤ | ٧ | ٦ |
| لەگـەڵ بـاوكو ژنـی باوك** | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١ | ١ | ١ |
| دایـك یـان بـاوكی بایەلۆجی***/بەخێوكـەر كەسەڵتن | ١٠ | ٩ | ١٤ | ١٤ | ٢٣ | ٢٣ | ٢٧ | ٢٧ |
| دایك | ٩ | ٩ | ١٣ | ١٣ | ٢٠ | ١٩ | ٢٣ | ٢١ |
| باوك | ٠ | ٠ | ١ | ١ | ٣ | ٤ | ٤ | ٦ |
| بەبێ زانیاری | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١ |
| ئـەو منالانـەی كەنیشتەجێ نین لەگەڵ باوانیان (لەگەڵ باوانیان ناژین) | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم بەژمارە | ٤٧ | ٤٩ | ٢٢٣ | ٢٣٦ | ٣٩٨ | ٤١٨ | ٢٧٧ | ٢٩٣ |
| بەرێژەی سەدی | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

* مێردی دایك: باوە پیارە

** ژنی باوك: باوە ژن

*** مەبەست لەو دایكو باوكانەیە كە لەگەڵ منالەكانیان ژنێك یان پیاوێكی هاوڕێیان لەگەڵدا دەژی





ئاماری سەرجەم ئەو ژنانەی كەنەزۆك نین.

ڕێژەی ژمارەی منالان بەدرێژایی ژیان.




سەرچاوە:- ئامارناسی سویدی بۆ ژمارەی دانیشتوان، CSB

**ئەو هاوسەرانەی بۆ یەكەم جار دەبنە دایكو باوك:**

ئەو ژنانەی كە لەناوەڕاستی حەفتاكاندا بۆ یەكەم جار دەبوونە دایـك سـێ سـاڵ لەئاستی دیاریكراو گەورەتر بوون، بەڵام لـە٢٠٠٣دا تەمـەنی سـتاندار بـۆ ئـەو هاوسەرانەی كە بۆ یەكەمجار دەبنە باوان تەمەنی ٢٩ ساڵ بۆ ژنانو ٣١ ساڵ بۆ پیاوان بوو.

سەرچاوە:- ئامارناسی سویدی بۆ ژمارەی دانیشتوان، SCB.

ئاماری ژنانو پیاوانی بێ منداڵ بەپێی تەمەن لەساڵەکانی ١٩٧٠، ١٩٨٥، ١٩٩٩و ٢٠٠٣دا:

| | ١٩٧٠ | | ١٩٨٥ | | ١٩٩٦ | | ٢٠٠٣ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەمەن | | | | | | | | |
| ٢٥ | ٤٢ | ٦٤ | ٦١ | ٨١ | ٦٩ | ٨٥ | ٧٨ | ٨٩ |
| ٣٠ | ١٩ | ٣٢ | ٢٨ | ٤٨ | ٣٤ | ٥٢ | ٤٢ | ٦١ |
| ٣٥ | ١٤ | ٢٢ | ١٥ | ٢٧ | ١٩ | ٣٢ | ٣٤ | ٢٠ |
| ٤٠ | ١٤ | ٢١ | ٢٠ | ١٢ | ١٥ | ٢٤ | ١٥ | ٢٥ |

سەرچاوە:- تۆماری گشتی دانیشتوان TPR لەلایەن ئامارناسی سویدییەوە دووپاتکراوەتەوە.

پشاندانی ئاماری نەزۆکی لەساڵانی ١٩٦٠-١٩٩٩:




سەرچاوە:- تۆماری نەزۆکی، ئەنجومەنی نیشتمانی تەندروستیو خۆشگوزەرانی.





سوود وەرگرتن لە بەکارهێنانی ئەو دەرمانانەی کە لەرێگای دەمەوە بەکاردەهێنرێت بۆ دژە منداڵبوون (مەنع) لەنێوان ژنانی تەمەن ١٥-٤٤ ساڵیدا جۆراو جۆر بووە لەنێوان رێژەی بەرزی ٣٢٪ لەساڵی ١٩٧٧و رێژەی نزمی ٢٢٪ە لەساڵی ١٩٨٩دا. لەساڵەکانی ٢٠٠٠-٢٠٠٢ رێژەکە ٢٩٪ بووە بۆ بەکارهێنان، ئەم رێژانەش لەسەر بنەمای ٢٤ سەعاتی بۆ فرۆشتنی ئەم دەرمانانە دیاریکراوە.

سەرچاوە:- کۆمپانیای نەتەوەیی بۆ دەرمانسازی.

پیشاندانی ئاماری لەباربردنی منداڵ لەساڵەکانی ١٩٥١-٢٠٠٣.




سەرچاوە:- لەباربردن لەوڵاتی سوید، ئەنجومەنی نیشتمانی تەندروستیو خۆشگوزەرانی.

**تەندروستی:**

ئاماری ئەو جگەرەکێشانەی کەرۆژانە جگەرە دەکێشن بەپێی تەمەنو باری هاوسەری لەساڵی ۲۰۰۲دا:




ڕێژەی سەدی تەمەنەکان

| | ۱۹۸۰ | | ۱۹۸۵ | | ۲۰۰۲ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تەمەن | | | | | | |
| ١٦-٢٤ | ٣٧ | ٢٨ | ٣٠ | ٢٣ | ١٨ | ١٠ |
| ٢٥-٤٤ | ٤٠ | ٤٢ | ٣٧ | ٣٣ | ٢٠ | ١٤ |
| ٤٥-٤٦ | ٢٤ | ٣٧ | ٢٧ | ٣٤ | ٢٣ | ٢٣ |
| ٦٥-٧٤ | ١٤ | ٣٢ | ١٣ | ٢٥ | ١٦ | ١٤ |
| ٧٥-٨٤ | ٤ | ٢٥ | ٦ | ٢١ | ٩ | ١١ |
| سەرجەم | ٢٩ | ٣٦ | ٢٧ | ٣٠ | ١٩ | ١٦ |

سەرچاوە: سەرژمێری بارودۆخی ژیان، SCB.





ئاماری جگەرەکێشانو بەکارهێنانی بڕنووتی (توتنی تەڕ)لەنێو خوێندکارانی قۆناغی ۹ی خوێندگاکاندا لەساڵی ۲۰۰۳دا:

تێبینی: ڕێژەی سەدی بۆ هەموو خوێدنکاران بەکارهێنراوە.

| | کچان | کوڕان |
|---|---|---|
| تەنها جگەرە کێشان | ٢٩ | ٧ |
| تەنها بڕنووت هەڵمژین | ١ | ١٢ |
| جگەرە کێشانو بڕنووت هەڵمژین | ٤ | ١٢ |
| نەکێشانی جگەرەو بڕنووت هەڵنەمژین | ٦٤ | ٦٧ |

سەرچاوە:- کۆمەڵەی سویدی بۆ زانیاری کحولیو ماددەی بێهۆشکەرو جۆرەکانی تر.

ئاماری کەسانی قەڵەو / زۆر قەڵەو بەپێی تەمەن لەساڵی ۲۰۰۲دا:-

ڕێژەی سەدی بۆ کۆمەڵەکان بەکارهێنراون.




سەرچاوە:- ئاماری سەرژمێری بارودۆخی ژیان، SCB

ئامـاری ئـەو کەسـانەی کەمەشـقی وەرزشـی دەکـەن بـەپێی تەمـەن لەسـاڵی ٢٠٠٢دا:

تێبینی:- گروپەکانی ناو ئەم هێڵکارییە بەرێژەی سەدییە.




سەرچاوە:-ئاماری سەرژمێری بارودۆخی ژیان، SCB





رێژەی مردن بەهۆی تەمەنو کارەساتەوە لەساڵی ٢٠٠١دا:

رێژەی مردن بۆ هەر سەد هەزار کەسێك لەرێژەی ژمارەی دانیشتوان لەم خشتەیەی خوارەوەدا پیشاندراوە:

| هۆکاری مردن | تەمەن | | تەمەن | |
|---|---|---|---|---|
| | ٠ | | ١-١٤ | |
| | | | | |
| نەخۆشیەکانی سوڕی خوێن | ٢ | ٤ | ١ | ١ |
| برین | ٢ | ١١ | ٤ | ٣ |
| رووداو/ توندو تیژی | ٢ | ٨ | ٣ | ٣ |
| هۆکاری تر | ٣٢٠ | ٣٨٠ | ٥ | ٥ |
| سەرجەم | ٣٢٧ | ٤٠٣ | ١٣ | ١٥ |

| هۆکاری مردن | تەمەن | | تەمەن | |
|---|---|---|---|---|
| | ١٥-٤٤ | | ٤٥-٦٤ | |
| | | | | |
| نەخۆشییەکانی سوڕی خوێن | ٢ | ٤ | ١ | ١ |
| برین | ٢ | ١١ | ٤ | ٣ |
| رووداو/ توندو تیژی | ٢ | ٨ | ٣ | ٣ |
| هۆکاری تر | ٣٢٠ | ٣٨٠ | ٥ | ٥ |
| سەرجەم | ٣٢٧ | ٤٠٣ | ١٣ | ١٢ |

| هۆکاری مردن | تەمەن | | تەمەن | |
|---|---|---|---|---|
| | ٠ | | ١-١٤ | |
| | | | | |
| نەخۆشییەکانی سوڕی خوێن | ٤ | ١٠ | ٧٠ | ١٩٢ |
| بریندار | ١٤ | ١٢ | ١٩٤ | ١٨١ |
| رووداو/ توندو تیژی | ١٤ | ٥٢ | ٣١ | ٧٢ |
| هۆکاری تر | ٩ | ١٦ | ٦٦ | ١١٤ |
| سەرجەم | ٤١ | ٩٠ | ٣٦١ | ٥٥٩ |

سەرچاوە:- تۆماری هۆکارەکانی مردن، کۆمەڵەی نیشتمانی تەندروستیو خۆشگوزەرانی.

ئاماری ڕێژەی مردن بەهۆی کارەساتەوە لەساڵی ٢٠٠١دا:

| هۆکاری مردن | تەمەن | | تەمەن | |
|---|---|---|---|---|
| | ٠ | | ١-١٤ | |
| | | | | |
| نەخۆشییەکانی سوڕی خوێن | ٢٢,٢٦٠ | ٢٠,٤٤٠ | ٤٩٥ | ٤٦٤ |
| بریندار | ١١,٠٠٠ | ١١,٥١٠ | ٢٤٥ | ٢٦٢ |
| ڕووداو/ توندو تیژی | ١,٧٢٠ | ٢,٩٤٠ | ٦٧ | ٣٨ |
| هۆکاری تر | ١٣,٣٧٠ | ١٠,٥٨٠ | ٢٤٠ | ٢٩٧ |
| سەرجەم | ٤٨,٣٤٠ | ٤٥,٤٧٠ | ١٠٧٥ | ١٠٣٣ |

سەرچاوە: تۆماری هۆکارەکانی مردن، کۆمەڵەی نیشتمانی تەندروستیو خۆشگوزەرانی.

ڕێژەی مردنی مناڵ لەساڵی ١٨٨٥-٢٠٠٣دا:

لەم هێڵکارییەدا ڕێژەی مردنی مناڵ لەساڵی ١٨٨٥-٢٠٠٣ بۆ هەر هەزار (١٠٠٠) مناڵ لەکاتی لەدایکبووندا:




سەرچاوە:- ئاماری ژمارەی دانیشتوان، SCB.





لەساڵی ١٢٠٠دا سێ ژن بەهۆی ئاڵۆزبوونو تێکچوونی باری تەندروستیان لەکاتی سکپڕیو منداڵبوونیاندا مردن.

پەروەردەو فێرکردن: ئاماری ئاستی خوێندن لەنێو تەمەنەکانی ٢٥-٤٤ساڵیو ٤٥-٦٤ساڵی بەپێی شوێنی لەدایکبوون لەساڵی ٢٠٠٣دا.

لەم خشتەیەدا دابەشکردن بۆ ئاستەکانی خوێندنو شوێنی لەدایکبوونو تەمەن بەڕێژەی سەدییە.

| ٢٥-٤٤ ساڵ | ئاستی خوێندن | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شوێنی لەدایکبوون | خوێندنی ئیلزامی(بۆ هەموو کەسێك) | | خوێندنی ناوەندی باڵا(دواناوەندی) | | خوێندنی باڵا | | بێ زانیاری | | سەرجەم | |
| | | | | | | | | | | |
| دەوڵەتی سوید | ٧ | ١١ | ٥١ | ٥٥ | ٤١ | ٣٤ | ٠ | ٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |
| وڵاتانی ئەسکەندەنافی جگە لەسوید | ١١ | ١٦ | ٤٤ | ٥٢ | ٤٤ | ٢٧ | ١ | ٦ | ١٠٠ | ١٠٠ |
| وڵاتانی ئەسکەندەنافی جگە لەئەورووپا | ١٦ | ٨ | ٤٣ | ٥٣ | ٣٨ | ٣٦ | ٣ | ٣ | ١٠٠ | ١٠٠ |
| وڵاتانی تر | ٢٥ | ٢١ | ٣٩ | ٤٢ | ٣١ | ٣٤ | ٥ | ٣ | ١٠٠ | ١٠٠ |
| سەرجەم | ٩ | ١٢ | ٥٠ | ٥٣ | ٤٠ | ٣٤ | ١ | ١ | ١٠٠ | ١٠٠ |

| ٦٤-٤٥ | ئاستی خوێندن | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شوێنی لەدایکبوون | خوێندنی ئیلزامی(بۆ هەموو کەسێك) | | خوێندنی ناوەندی باڵا(دواناوەندی) | | خوێندنی باڵا | | بێ زانیاری | | سەرجەم | |
| | | | | | | | | | | |
| دەوڵەتی سوید | ٢٢ | ٢٨ | ٤٦ | ٤٥ | ٣٢ | ٢٧ | ٠ | ٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |
| وڵاتانی ئەسکەندەنافی جگە لەسوید | ٢٩ | ٣٧ | ٤٥ | ٤٦ | ٢٥ | ١٦ | ١ | ١ | ١٠٠ | ١٠٠ |
| وڵاتانی ئەسکەندەنافی جگە لەئەوروپا | ٢٧ | ٢٣ | ٤٠ | ٤٧ | ٢٩ | ٢٩ | ٤ | ١ | ١٠٠ | ١٠٠ |
| وڵاتانی تر | ٣٣ | ٢٠ | ٣٢ | ٣٦ | ٢٨ | ٤١ | ٧ | ٣ | ١٠٠ | ١٠٠ |
| سەرجەم | ٢٣ | ٢٨ | ٤٦ | ٤٥ | ٣١ | ٢٧ | ١ | ٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە:- سەر ژمێری هێزی کار، SCB.

ئامـاری ئـەو کەسـانەی کەتەمـەنیان لـەنێوان ١٦-٦٤ سـاڵیدایەو بەشـدارن لـەبواری خوێندندا بەپێی تەمەنو جۆری خوێندن لەپایزی ٢٠٠٢دا:

دابەشکردنی تەمەن بۆ ئاستەکانی خوێندن بەرێژەی سەدییە (%)

| | خوێندنی ناوەندی باڵا | | خوێندنی باڵا | | خوێندنی شارەوانییەکان | | بواری خوێندنی شارەوانییەکان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەمەن | | | | | | | | |
| ١٦-١٨ | ٩٢ | ٩٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٢ |
| ١٩ | ١٥ | ١٩ | ٤ | ٥ | ١٢ | ٨ | ٥ | ٣ |
| ٢٠-٢٤ | ١ | ١ | ٩ | ٦ | ٢٩ | ٢٢ | ٧ | ٧ |
| ٢٥-٢٩ | ٠ | ٠ | ٦ | ٣ | ١٥ | ١٢ | ٤ | ٤ |
| ٣٠-٤٤ | ٠ | ٠ | ٥ | ٢ | ٦ | ٣ | ٢ | ٢ |
| ٤٥-٦٤ | ٠ | ٠ | ٢ | ١ | ٢ | ١ | ١ | ١ |
| سەرجەم | ٥ | ٦ | ٤ | ٢ | ٧ | ٥ | ٢ | ٢ |

سەرچاوە: تۆماری بەشداربوانی بواری خوێندن، SCB .





ئاماری ئەو کەسانەی کە لەبواری شارەوانییەکاندا دەخوێنن بەپێی ئاستی خوێندن لەساڵی ٢٠٠٢و ٢٠٠٣دا:

لـەم خـشتەیەدا دابەشـکردن بەرێـژەی سـەدییە ژمارەکـان رێـژەیان لەهەزاردایـەو هـەروەها دابەشکردن بەگوێرەی رەگەزە (sex) بەرێژەی سەدییە.

| ئاستی خوێندن | ڕێژەی سەدی دابەشکردن | | دابەشکردنی رەگەزی | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |
| خوێندنی ئیلزامی (بۆ هەموو کەسێك) | ٩ | ١٠ | ٦٥ | ٣٥ |
| خوێندنی ئامادەیی باڵا (دواناوەندی) | ٨٦ | ٨٣ | ٦٧ | ٣٣ |
| پرۆگرامەکانی تری خوێندن | ٥ | ٧ | ٥٧ | ٤٣ |
| سەرجەم، لەسەدا | ١٠٠ | ١٠٠ | ٦٦ | ٣٤ |
| ژمارە | ٧١٦ | ٣٦٢ | | |

سەرچاوە: تۆماری خوێندن لەبواری شارەوانییەکاندا، ئاژانسی نیشتمانی بۆ خوێندن.

ئامـاری بەشـداربوونی سـتافی پـەروەردەو فێرکـردن لـەنێوان تەمەنـەکانی ١٦-٦٤ لـە سـاڵی ٢٠٠٣دا:

لـەم خـشتەیەدا دابەشـکردن بەرێـژەی سـەدییە ژمارەکـان رێـژەیان لەهەزاردایـە هـەروەها دابەشکردن بەگوێرەی رەگەزە (sex) بەرێژەی سەدییە.

| بابەتەکان | ڕێژەی سەدی دابەشکردن | | دابەشکردنی رەگەزی | |
|---|---|---|---|---|
| پزشکی، چاودێری تەندروستی، پەرستیاری | ١٢ | ١٥ | ٧٩ | ٢١ |
| بەکارهێنانی کۆمپیوتەر، پرۆگرام دانان، ئای تی (IT)... تد | ١٨ | ٦ | ٥٠ | ٥٠ |
| ژیانی کار، جۆری گەشەسەندن... تد | ٩ | ١٠ | ٥٠ | ٥٠ |
| ئێشو کار، بازرگانی، نووسەری فەرمانگە...تد | ٧ | ١١ | ٤٩ | ٥١ |
| خزمەتگوزاری، گواستنەوە، گەشتوگوزاری...تد | ٨ | ٨ | ٤٤ | ٥٦ |
| کارگێریو بەڕێوبەرایەتی | ٣ | ١٦ | ٤٣ | ٥٧ |
| ئەندازیاریو بەرهەمهێنان | ٧ | ٩ | ١٦ | ٨٤ |
| بواری تر | ٣٦ | ٥ | ٦١ | ٣٩ |
| سەرجەم، لەسەدا | ١٠٠ | ١٠٠ | ٥٢ | ٤٨ |
| ژمارە | ٢٨٦٦ | ٢٥٩٤ | | |

سەرچاوە:- ئاماری مەشق پێکردنی ستاف، SCB.

ئاماری بەشداربووانی کۆبوونەوەو چاوپێکەوتنەکانی کۆمەڵەی خوێندنو کەسانی باڵغ* بەپێی جۆری بابەتی سەرەکی لەساڵی ٢٠٠٢دا:

لەم خشتەیەدا دابەشکردن بەرێژەی سەدییەو ژمارەکان رێژەیان لەهەزاردایە رەگەزەکانیش بەرێژەی سەدی دابەشکراون.

| بابەتەکان | رێژەی سەدی دابەشکردن | | دابەشکردنی رەگەزی | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |
| پزیشکی، چاودێری تەندروستی | ٦ | ٣ | ٧٢ | ٢٨ |
| زمانەکان | ٨ | ٧ | ٦٣ | ٣٧ |
| بیرکاری، زانستی سروشتی | ٨ | ٧ | ٦٢ | ٣٨ |
| زانستی جوانی** | ٤٢ | ٣٧ | ٦٠ | ٤٠ |
| زانستی رەفتارو هەڵسو کەوت، سروشتی مرۆڤایەتی | ١٣ | ١١ | ٦٠ | ٤٠ |
| زانستی کۆمەڵایەتیو زانستەکانی تر | ١٥ | ٢٤ | ٤٦ | ٥٤ |
| بابەتی تر | ٨ | ١٠ | ٤٨ | ٥٢ |
| سەرجەم، لەسەدا | ١٠٠ | ١٠٠ | ٥٨ | ٤٢ |
| ژمارە | ١٤٩٩ | ١٠٩٨ | | |

سەرچاوە: کۆمەڵەی پەروەردەو فێرکردنی گەورەکان، دەستەی نیشتمانی سویدی بۆ رۆشنبیری.

---

* باڵغ: واتا هەر کەسێك کەتەمەنی لە(١٨) ساڵ زیاترەو بەشێوەیەکی یاسایی لێپرسراوە لەهەڵسوکەوتی خۆی.

** (AESTHETIC) پەیوەندی هەیە بەجوانیو هونەرو تێگەشتن لەهەستی جوان.





ئاماری خوێندکارانی دەرچووی دواناوەندی بەپێی پرۆگرامی خوێندنی ساڵی ٢٠٠٢-٢٠٠٣:

دابەشکردنی ژمارەو رەگەز لەم هێڵکاریەی لای خوارەوە بەپێی رێژەی سەدییە.




سەرچاوە:- دەرچووانی خوێندکاری ناوەندی باڵا، ئاژانسی نەتەوەیی بۆ پەروەردە.

ئاماری خوێندکارانی دەرچووی" پەروەردەو فێرکردنی کچان"و "پەروەردەو فێرکردنی تێکەڵ لەقۆناغی خوێندنی ئامادەیی ساڵەکانی ١٩٧١، ١٩٧٢، ١٩٨٥-١٩٨٦و ٢٠٠٢- ٢٠٠٣دا:

لەم خشتەیەدا دابەشکردنەکان بەپێی ڕێژەیی سەدییە.

| | ١٩٧١-١٩٧٢ | | ١٩٨٥-١٩٨٦ | | ٢٠٠٢-٢٠٠٣ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | کچ | کوڕ | کچ | کوڕ | کچ | کوڕ |
| خوێندنی کچان | ٧٩ | ١٧ | ٢٠ | ٢٣ | ٥٦ | ٢٤ |
| خوێندنی کوڕان | ٩ | ٦٩ | ٦ | ٦٥ | ٣ | ٣٦ |
| خوێندنی تێکەڵ | ١٢ | ١٤ | ١٤ | ١٢ | ٤١ | ٤٠ |
| سەرجەم | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

سەرجەم:- ئاماری دەرچوانی ناوەندی باڵا (ئامادەیی) دەزگای نیشتمانی بۆ پەروەدەو فێرکردن، SCB.

تێبینی/ مەبەست لەپەروەردەو فێرکردنی کچان بریتییە لەوەی کە لەپرۆگرامی خوێندندا ڕێژەی کچان ٦٠٪و کوڕانیش کەمتر لە٤٠٪ە، پەروەردەو فێرکردنی کوڕانیش بریتیە لەپرۆگرامی خوێندنێك کەکوڕان بەرێژەی ٦٠٪و کچانیش بەرێژەی ٤٠٪ تیایدا بەشداریدەکەن، بەڵام پەرەردەو فێرکردنی تێکەڵاو بریتییە لەپرۆگرامی خوێندن کەهەردوو رەگەزەکە بەرێژەی ٦٠-٤٠٪ بەشداری تێدادەکەن.





ئاماری خوێندکارانی دەرچووی ئامادەیی بەپێی دەستەی لێپرسراوێتیو نمرەی دەرچوونی خوێندکار لەزانکۆ لەساڵی ٢٠٠٢-٢٠٠٣دا:

دابەشکردنی ژمارەو رەگەزەکان بەپێی ڕێژەی سەدیە.

| دەستەی بەرپرس | کچان | کوڕان | دابەشکردنی رەگەز | | نمرەکان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | کچ | کوڕ | کچ | کوڕ |
| ئەنجوومەنی شارەوانییەکان | ٩٢ | ٩٣ | ٥٠ | ٥٠ | ١٤,٦ | ١٣,٣ |
| ئەنجومەنی پارێزگا | ٢ | ١ | ٦٣ | ٣٧ | ١٣,٥ | ١٢,٢ |
| خوێندنگای سەربەخۆ* | ٦ | ٦ | ٥٣ | ٤٧ | ١٦,٠ | ١٥,٠ |
| ئەنجوومەنی نیشتمانیو جیهانی | ٠ | ٠ | ٥٢ | ٤٨ | ١٥,٩ | ١٤,٩ |
| سەرجەم، لەسەدا | ١٠٠ | ١٠٠ | ٥٠ | ٥٠ | ١٤,٧ | ١٣,٤ |
| ژمارە | ٣٨٠٠٠ | ٣٧٠٠٠ | | | | |

سەرچاوە:- دەرچوانی ئامادەیی، دەزگای نیشتمانی بۆ پەروەردەو فێرکردن.

* خوێندنگای سەربەخۆ، کەسێك دەستەی نیشتمانی خوێندگاکانو هەروەها ئەنجومەنو سەرۆکی شارەوانی بەڕێوە دەبات.

ئامـاری خوێنـدکارانی دەرچـووی خوێنـدنی بـاڵا بـەپێی بوارەکانیـان لەسـاڵی ۲۰۰۲-۲۰۰۳دا:

لـەم هێڵکارییـەی لای خـوارەوەدا ژمـارەو دابەشـکردنی رەگـەزەکان بەرێـژەی سەدییە.

پیاوان ۱۵,۸۰۰          ژنان ۲۷,٤۰۰








ئاماری وەرگرتنو دەرچوون لەخوێندنی باڵا بۆ ساڵی ۲۰۰۱-۲۰۰۲ :

لەم خشتەیەدا ژمارەو دابەشکردنی رەگەزی بەرێژەی سەدییە (%)

| | ژمارە | | دابەشکردنی رەگەز | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |
| پرۆگرامەکانی خوێندنی خوێندکاری زانکۆ | | | | |
| تۆمارکردنو وەرگرتن لەزانکۆ | ۲۱٦۳۰۰ | ۱۳۸۳۰۰ | ٦۱ | ۳۹ |
| دەرچوون لەزانکۆ | ۲۷٤۰۰ | ۱۵۸۰۰ | ٦۳ | ۳۷ |
| پرۆگرامەکانی خوێندنی خوێندکارانی دەرچووی زانکۆ بۆ ساڵی ۲۰۰۲-۲۰۰۳ | | | | |
| وەرگرتنی کۆل زانکۆ | ۱۸۰۰ | ۱۹۰۰ | ٤۹ | ۵۱ |
| دکتۆرا | ۱۱۰۰ | ۱٤۰۰ | ۵۷ | ٤۳ |
| یسایەنس | ٤۰۰ | ۷۰۰ | ۳٦ | ٦٤ |

سەرچاوە:- ئاماری خوێندکارانی خوێندنی باڵا، دەزگای نیشتمانی بۆ خوێندنی باڵا.

ئاماری مامۆستاو بەڕێوبەرانی خوێندگاکان بەپێی جۆری خوێندگاکان:

لەم خشتەیەدا ژمارەو دابەشکردنی رەگەزەکان بەرێژەی سەدییە.

| | ژمارە | | دابەشکردنی رەگەز | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |
| مامۆستایان | ۸۵۹۷۰ | ٤۲۳۲۰ | ٦۷ | ۳۳ |
| خوێندگای سەرەتایو ئامادەیی | ۷۰۰۵۰ | ۲۵۲۰۰ | ۷٤ | ۲٦ |
| خوێندگای ئامادەیی | ۱۵۲۰ | ۱۷۱۲۰ | ٤۸ | ۵۲ |
| بەڕێوبەران | ٤۵۲۵ | ۳۱۷۰ | ۵۹ | ٤۱ |
| خوێندگایی سەرەتایو ئامادەیی | ۳۸۸۰ | ۲۱۵۰ | ٦٤ | ۳٦ |
| خوێندگای ئامادەیی | ٦٤۰ | ۱۰۲۰ | ۳۹ | ٦۱ |

سەرچاوە:- تۆماری فێرکردن لەئاماری دەزگای نیشتمانی بۆ پەروەردەو فێرکردن.

ئاماری مامۆستایانی خوێندنی باڵا لەساڵی ٢٠٠٢دا:

لەم خشتەیەدا ژمارەو دابەشکردنی ڕەگەزەکان بەپێی ڕێژەی سەدییە.

| جۆر | ژمارە | | دابەشرنی بەپێی ڕەگەز | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |
| منحەی خوێندن بۆ دەرچوانی زانکۆ | ٤٥٣٠ | ٥٣٤٠ | ٤٦ | ٥٤ |
| ستافەکانی تری لێکۆڵینەوەو فێرکردن | ١٨٨٠ | ٢٤٣٠ | ٤٤ | ٥٦ |
| مامۆستای کاتیو وانەی کاتی | ٤٠٠ | ٤٧٠ | ٤٦ | ٥٤ |
| وانەبێژی لاوەکی | ٤٠٧٠ | ٣٥٦٠ | ٥٣ | ٤٧ |
| وانەبێژی سەرەکی | ٢٠٠٠ | ٤٣٣٠ | ٣٢ | ٦٨ |
| ئەندامی کۆمەڵەی زانستی لەدوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا | ٣٩٠ | ٦٥٠ | ٣٨ | ٦٢ |
| پرۆفیسۆر | ٥٣٠ | ٣٢٧٠ | ١٤ | ٨٦ |

سەرچاوە:- دامەزراوان لەخوێندنی باڵاو ئاژانسی نیشتمانی بۆ خوێندنی باڵا.





**بەکارهێنانی کات:**

ئاماری بەکارهێنانی کات لەلایەن خەڵکەوە کەتەمەنیان لەنێوان ٢٠-٦٤ ساڵیدایە لەساڵەکانی١٩٩٠-١٩٩١و ٢٠٠٠-٢٠٠١:

سەعاتو دەقیقە:




سەرچاوە:- ئاماری دراسەکردنی بەکارهێانی کات، SCB.

ژنانو پیاوان هەمان کات لەکارکردندا بەسەردەبەن، کەنزیکەی ٨ سەعاتە لەهەر ڕۆژێکدا کەئەمیش هەموو ڕۆژەکانی هەفتە دەگرێتەوە. ژنانش ماوەیەکیان لەکاتەکانی خۆیان بۆ کاری خۆبەخشو کاری ڕۆژانەیان تەرخانکردووە کەمانگانە یان هەفتانە مووچە وەردەگرن، لەکاتێکدا پیاوان دوو ئەوەندی ژنان ماوەی کاتی خۆیان تەرخان کردووە بۆ ئیشو کاری تایبەتیان بەبەراوردکردن بەو کارە خۆبەخشانەی کەدەیکەن، واتا ژنان لەپیاوان زیاتر کاری خۆبەخش دەکەن، بەبەراوردکردن بەساڵانی ١٩٩٠-١٩٩١ واتا ژنان بەشێوەیەکی سودبەخش

دامەزراون وەك لەمرِۆدا دیارە. هەرچەندە پیاوان ماوەی کارکردنی خۆیان بۆ کاری گرنگو بەسود کەمکردۆتەوە بۆ ٣ سەعات لەهەفتەیەکدا، بۆ ئەوەی ماوە بەژنانیش بدەن بچنە ئەو بوارانەی کەپێشتر بۆیان نەرەخساوە.

ئاماری کاتی کارکردن لەکاری خۆبەخشدا لەقۆناغەکانی بازنەی ژیان لەساڵی ٢٠٠٠-٢٠٠١دا:




سەرچاوە:- دیراسەی بەکارهێنانی کات، SCB .





ژنان ماوەی کاتی کارکردنیان کەمکردۆتەوەو تەرخانیان کردووە بۆ کاری خۆبەخشو هەروەها چەندەها گۆڕانکاریش لەکاری پیاواندا روویداوە.
ژنان لەهەفتەیەکدا نزیکەی ٢٨ سەعاتو پیاوانیش نزیکەی ٢٠ سەعات کاری خۆبەخش دەکەنو، ئەو ماوەیەی کە لەکاری خۆبەخشدا سەرفدەکرێت بەشێوەیەکی بەرچاوو جۆراوجۆرە نەك تەنها لەنێوان ژنانو پیاواندا بەڵکو لەقۆناغە جیاوازەکانی تری ژیاندا کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە.

لەم خشتەیەدا دابەشکردنی تەمەنەکان بەرێژەی سەدییە (٪)

| جۆری چاودێری منداڵان | ١-٥ ساڵ | ٦-٩ ساڵ | ١٠-١٢ ساڵ |
|---|---|---|---|
| دایەنگاو باخچەی ساوایانی حکومی | ٦٧ | - | - |
| دایەنگاو باخچەی ساوایانی تایبەت | ١٠ | - | - |
| سەنتەری کات بەسەربردنو حەوانەوەی حکومی | - | ٦٥ | ٧ |
| سەنتەری کات بەسەربردنو حەوانەوەی تایبەت | - | ١ | ١ |
| یەکەی چاودێری خێزان بەرۆژ | ٧ | ١ | ٠ |
| کردنەوەی سەنتەرێکی تایبەتی بۆ حەوانەوەو کات بەسەربردنی منداڵانی تەمەن ١٠-١٢ ساڵ | - | ١ | ٥ |
| چاودێریکردنی منداڵان لەلایەن خزمو هاوڕێو دراوسێ.. تد | ١ | ٣ | ٣ |
| چاودێریکردنی منداڵ لەماڵەوە بەسەرپەرشتی حکومەت. | ٣ | ١٤ | ٣٣ |
| چاودێریکردنی منداڵ لەماڵەوە بەسەرپەرشتی ئەندامانی خێزان | ١٠ | ٨ | ٩ |
| چاودێریکردنی منداڵ لەلایەن خۆیانەوە | - | ٣ | ٤٠ |
| هی تر........ | ١ | ١ | ١ |
| سەرجەم، لەسەدا | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |
| ژمارە | ٤٢٣٢٠٠ | ٤٣٣١٠٠ | ٣٨٠٣٠٠ |

سەرچاوە:- چاودێریکردنی منداڵ، ئاماری دەزگای نیشتمانی بۆ پەروەردەو فێرکردن.

ستافی چاودێریکەرانی منالاَن (فەرمانبەرانی حکومی)*:

لەم خشتەیەدا ژمارەو دابەشکردنی ڕەگەزەکان بەرێژەی سەدییە (٪)

| | ژمارە | | دابەشکردنی ڕەگەز | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |
| مامۆستایانی باخچەی ساوایان | ٤٤٤٨٠ | ١٧١٠ | ٩٦ | ٤ |
| مامۆستایانی دایەنگا | ٤٩٤٠٠ | ٣٣٨٠ | ٩٤ | ٦ |
| سەرپەرشتیاری چاودێری منالاَن | ١٥٥٠ | ١٥٠ | ٩١ | ٩ |
| سەرپەرشتیار لەبنکەکانی کات بەسەربردنو حەوانەوە. | ١٠٨٦٠ | ٣١٤٠ | ٧٨ | ٢٢ |
| چاودێری منالْ | ٨٣٨٠ | ٣٠ | ١٠٠ | ٠ |

سەرچاوە:- ئاماری ستافی حکومی** (فەرمانبەر) لەساڵی ٢٠٠٢دا لەلایەن کۆمەڵەی سویدی دەسەڵاتی لۆکاڵی.

ئاماری ئەو منداڵانەی لەسەنتەرەکانی پێش خوێندگاو دوای خوێندنگاو لەبنکەی چاودێری خێزاندا بەرۆژ تۆمار کراون:

سەعاتو دەقیقەی کارکردن بۆ هەر هەفتەیەکی کار:

*

** MUNICIPAL:- لەستراکچەری حکومەتی سویدیدا ئەنجومەنی شارەوانی هەر هەرێمو پارێزگایەك وەکو حکومەتێکی سەربەخۆ کاردەکات بۆیە دەڵێن municipal child care stiff.






سەرچاوە: ئاماری چاودێری منالاَن ساڵی ١٩٧٢-١٩٩٣، SCBو ئاماری ئەنجوومەنی نیشتمانیو تەندروستیو خۆشگوزەرانی لەساڵی ١٩٩٤- ١٩٩٦و دەزگای نیشتمانی بۆ پەروەردەو فێکردن لەساڵی ١٩٩٧-٢٠٠٣.

تێبینی: لەساڵی ١٩٩٨دا منالاَنی تەمەن ٦ ساڵ عادەتەن لەسەنتەرەکانی دوای خوێندگا خۆیان ناونوس دەکرد.

ئاماری رێژەی منالاَن لەبنکەی چاودێری حکومی (شارەوانی) لەساڵی ١٩٧٢-٢٠٠٣:

ژمارەی منالاَن لەئاماری دانیشتواندا لەهەزاردانو دابەشکردنەکە لەبنکەی چاودێری حکومیدا بەرێژەی سەدییە (٪):

| | ١٩٧٩ | | ١٩٨٠ | | ١٩٩٠ | | ٢٠٠٣ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەمەن | ژمارە ٪ | | ژمارە ٪ | | ژمارە ٪ | | ژمارە ٪ | |
| ١-٦ | ٦٨٩ | ١٢ | ٦٠٤ | ٣٦ | ٦٤١ | ٥٧ | ٥٥٨ | ٨٣ |
| ٧-٩ | ٣٦٠ | ٦ | ٣٣٨ | ٢٢ | ٢٨٩ | ٥٠ | ٨١٧ | ٧٤ |
| ١٠-١٢ | ٣١٦ | ١ | ٣٣٢ | ٣ | ٢٩٤ | ٧ | ٣٧٣ | ١٠ |

سەرچاوە:- ئاماری چاودێری منالاَن، ١٩٧٢-١٩٩٠ SCB ، ئاماری دەزگای نیشتمانی بۆ پەروەردەو فێرکردن ساڵی ٢٠٠٣.

ئاماری ساڵەکانی **١٩٧٤** بۆ **٢٠٠٣** بۆ ئەو رۆژانـەی کەتێیـدا دایـك یـان بـاوك مووچەی مۆڵەتی دایکایەتی (باوان) وەردەگرن.

ژمارەی رۆژەکان رێژەیان لەهەزاردایەو دابەشـکردنی رەگـەزی بـۆ ژنـانو پیـاوان بەرێژەی سەدییە.

| ساڵ | مانگانە | | | مووچەی کاتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی رۆژەکان | بەرێژەی سەدی(٪) | | ژمارەی رۆژەکان | بەرێژەی سەدی (٪) | |
| | | | | | | |
| ١٩٧٤ | ١٩٠١٧ | ١٠٠ | ٠ | ٦٨٩ | ٦٠ | ٤٠ |
| ١٩٨٠ | ٢٧٠٢٠ | ٩٥ | ٥ | ٣٠٤٢ | ٦٣ | ٣٧ |
| ١٩٨٥ | ٣٣١٩٣ | ٩٤ | ٦ | ٤١٥٦ | ٦٧ | ٣٣ |
| ١٩٩٠ | ٤٨٢٩٢ | ٩٣ | ٧ | ٥٧٣١ | ٦٦ | ٣٤ |
| ١٩٩٥ | ٤٧٠٢٦ | ٩٠ | ١٠ | ٤٨٩٠ | ٨٨ | ٣٢ |
| ١٩٩٦ | ٤٢١٧٧ | ٨٩ | ١١ | ٤٥١٦ | ٦٩ | ٣١ |
| ١٩٩٨ | ٣٦٣٢٧ | ٩٠ | ١٠ | ٤٤٦٨ | ٦٦ | ٣٢ |
| ٢٠٠٠ | ٣٥٦٦١ | ٨٨ | ١٢ | ٤٤٠٨ | ٦٦ | ٣٤ |
| ٢٠٠٢ | ٣٨١٢٨ | ٨٤ | ١٦ | ٤٧٧٦ | ٦٤ | ٣٦ |
| ٢٠٠٣ | ٤٠١٤٦ | ٨٣ | ١٧ | ٤٧٤٧ | ٦٤ | ٣٦ |

سەرچاوە:- بیمەی (باوان) دایكو باوك، ئەنجومەنی بیمەی کۆمەڵایەتی نەتەوەیی.





ئاماری ژمارەی ئەو کەسانەی کەبیمەیان هەیـەو داوای مووچـەی مۆڵـەتی دوای منداڵبوون دەکەن لەساڵی **١٩٨٥-٢٠٠٣** .

| ساڵ | مانگانەی منال | | | مانگانەی کاتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | دابەشـــــکردنی رەگەزی | | ژمـــــارەی رۆژەکان | دابەشـــــکردنی رەگەزی | |
| | | | | | | |
| ١٩٨٥ | ٣٥٧ | ٧٧ | ٢٣ | ٦٢٠ | ٦٠ | ٤٠ |
| ١٩٩٠ | ٣٩٩ | ٧٤ | ٢٦ | ٧٦٢ | ٥٩ | ٤١ |
| ١٩٩٥ | ٤٧٢ | ٧٢ | ٢٨ | ٧٠٥ | ٦١ | ٣٩ |
| ١٩٩٨ | ٤٢٥ | ٦٨ | ٣٢ | ٦٩٩ | ٦١ | ٣٩ |
| ٢٠٠٠ | ٤٤٢ | ٦٢ | ٣٨ | ٦٥٥ | ٦٠ | ٤٠ |
| ٢٠٠٢ | ٥٠٦ | ٥٨ | ٤٢ | ٦٩٢ | ٥٩ | ٤١ |
| ٢٠٠٣ | ٥٣٥ | ٥٧ | ٤٣ | ٦٩٣ | ٥٤ | ٤١ |

سەرچاوە:- بیمەی باوان، ئاماری بیمەی کۆمەڵایەتی نیشتمانی.

چاودێری پیرو پەککەوتەکان:

ئامـــاری ژمـــارەی ئـــەو کەســـانەی پەککەوتـــەو لاوازن لـــەتوانای بینینـــداو خانەنیشینکراون* :

دابەشکردنی تەمەنەکان بۆ گروپەکان بەرێژەی سەدییە.

| | لاواز لـــــەتوانای بینین، یان نابینا | | پەککەوتە | | زۆر پەککەوتە | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |
| ئەو پیرانەی کە بەتەنها ناژین | | | | | | |
| ٦٥-٧٤ | ٣ | ٢ | ١٣ | ٨ | ٦ | ٤ |
| ٧٥-٨٤ | ٤ | ٦ | ٣٢ | ٢٢ | ٢٣ | ١١ |
| سەڵت (ئەوانەی بەتەنها دەژین) | | | | | | |
| ٦٥-٧٥ | ٣ | ١ | ١٨ | ١٦ | ١٣ | ٩ |
| ٧٥-٨٤ | ١٥ | ٩ | ٣١ | ٢٩ | ٣٣ | ٢٥ |

* مەبەست لەو خانەنشینانەیە کەتەمەنیان لەنێوان ٦٥–٨٤ ساڵیدایە.





ئاماری ژمارەی کەسانی خانەنشینی * نیشتەجێبوو لەماڵی خۆیانـدا** کەتـەنها پێویستیان بەیارمەتیدان هەیە لەرۆتنی کاری ژیانی رۆژانەیاندا:

دابەشکردنی تەمەنەکان بۆ گروپەکان بەرێژەی سەدییە.

| | ماڵی تایبەت | | ئەوانەی پێویستیان بەیارمەتی هەیە لەژیانی رۆژانەدا | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |
| بەتەنیا ناژین (سەڵت نین) | | | | |
| ٦٥-٧٤ | ١٠٠ | ١٠٠ | ٧ | ٤ |
| ٧٥-٨٤ | ١٠٠ | ١٠٠ | ٣٠ | ٢٠ |
| سەڵت*** (بەتەنیا دەژین) | | | | |
| ٦٥-٧٥ | ٩٨ | ٩٩ | ١٢ | ٧ |
| ٧٥-٨٤ | ٩٠ | ٩٥ | ٣٦ | ٢١ |

سەرچاوە:- ئاماری هەڵسەنگاندنی مەرجەکانی ژیان لەلایەن،SCB.

* ئەو خانەنیشینانەی کەتەمەنیان لەنێوان ٦٥–٨٤ ساڵیدایە.

** مەبەست لەوانەیە کە لەخەڵوەتگای پیریدا ناژین

*** زۆربەیان بەتەنیا دەژین

ئاماری ژمارەی ئـەو خانەنـشینانەی* کـە لـەماڵی خۆیانـدا** دەژیـنو هەفتانـە یارمەتیان پێدەگات لەماوەی ساڵەکانی ١٩٨٠و ٢٠٠٢دا:

| بەتەنیا ناژین | ژنان | | پیاوان | |
|---|---|---|---|---|
| ٦٥-٧٤ ساڵ | ١٩٨٠ | ٢٠٠٢ | ١٩٨٠ | ٢٠٠٢ |
| یارمەتی لەلایەن شارەوانی (حکومەت) | ٢ | ٠ | ١ | ٠ |
| یارمەتی ئەندامانی خانە خوێ (ئەندامانی خێزان) | ٤ | ٦ | ٨ | ٤ |
| یارمەتی لەلایەن خزمانو ناسیاوانەوە وەردەگرن | ١ | ١ | ٠ | ٠ |
| ٧٥-٨٤ ساڵ | | | | |
| یارمەتی لەلایەن حکومەت | ٢١ | ٦ | ٧ | ٤ |
| یارمەتی لەلایەن خانە خوێ (ئەندامانی خێزان) | ١٩ | ٢٤ | ١٧ | ١٧ |
| یارمەتی لەلایەن خزمانو ناسیاوان | ٦ | ٩ | ٢ | ٣ |
| بەتەنیا دەژین | | | | |
| ٦٥-٧٤ ساڵ | | | | |
| یارمەتی لەلایەن شارەوانی (حکومەت) | ٨ | ٤ | ٥ | ٣ |
| یارمەتی ئەندامانی خانە خوێ (ئەندامانی خێزان) | ١ | ٢ | ٢ | ٠ |
| یارمەتی لەلایەن خزمانو ناسیاوان | ٣ | ٤ | ٢ | ٢ |
| ٧٥-٨٤ ساڵ | | | | |
| یارمەتی لەلایەن شارەوانی (حکومەت) | ٢٧ | ١٤ | ١٤ | ٩ |
| یارمەتی ئەندامانی خانە خوێ (ئەندامانی خێزان) | ٥ | ٢ | ٣ | ١ |
| یارمەتی لەلایەن خزمانو ناسیاوان | ١١ | ١٨ | ١١ | ٦ |

* هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەو پیرانەی کەتەمەنیان لەنێوان ٦٥–٨٤ ساڵیدایە.

** واتا یەك کەس کەدەتوانێ یارمەتیو هاوکاری لەچەند کەسێك وەربگرێت.





## کارکردن:

لەم بەشەدا ژمارەیەك زاراوە بەکارهێنراون کەلای خوارە روونکراونەتەوە:

- ئەو کەسەی کە لەهێزی کاردایە: مەبەست لەو تاکانەیە کەکاردەکەن یان بێکارن.
- ئەو کەسەی لەکاردا نییە: مەبەست لەو تاکانەیە کەبێکارنو بەدوای کاردا ناگەڕێن.
- کارکەر (فەرمانبەر/ کرێکار): مەبەست لەو تاکانەیە کەکاردەکەنو بەهۆی کارکردنەوە مووچە یان کرێ وەردەگرن بەلایەنی کەمەوە یەك سەعات لەکارکردن دوا دەکەون یان بەشێوەیەکی کاتی ئامادە نابن لەکاردا.
- بێکار (بێ ئیش): مەبەست لەو تاکانەیە کەکاریان نییەو بەشێوەیەکی چالاك بەدوای کاردا دەگەڕێن.
- ئامادەنەبوون لەشوێنی کارکردن بەشێوەیەکی کاتی: مەبەست لەو تاکانەیە کەکاریان هەیە، بەڵام کارەکانیان بەشێوەیەکی رێکوپێك راناپەڕێنن بۆ ماوەی هەفتەیەك بەهۆی وەرگرتنی پشوو یان نەخۆشی یان مۆڵەتی دایکایەتی یان خوێندن یان خزمەتی عەسکەری یان هەر هۆکارێکی تر لەکارەکانیان دوادەکەون
- رێژەی چالاکی ئابووری: مەبەست لەرێژەی سەدی (%) ژمارەی ئەو دانیشتوانەیە کەکاردەکەن واتا فەرمانبەر یان کرێکارن.

- ڕێژەی بێکاری (بێ ئیشی): مەبەست لەڕێژەی سەدی (٪) کاری سودبەخشە، بەڵام لەبەر هەر هۆیەك بێت بەشێوەیەکی کاتی کارەکانی خۆیان ڕاناپەڕێنن، پێدەچێت بۆ ماوەی دوو هەفتە یان هەفتەیەك کەمتر یان لەو ماوەیە زیاتر ئامادە نەبن.
- کارکەری نادیار: مەبەست لەو تاکانەیە کەدەیانەوێتو دەتوانن کاربکەن، بەڵام بۆ ماوەی مانگێك یان زیاتر کاریان دەست ناکەوێتو بۆ کار دەگەڕێن، یان ئەو خوێندکارانەی کەدەیانەوێت بەشێوەیەکی فول تایم کاربکەن، بەڵام بەهۆی خوێندنەوە ناتوانن کار بکەن.
- ئەو کارکەرانەی کەکاری تەواویان نییە: مەبەست لەو کارکەرانەیە کە لەهەفتەیەکدا ٤٠ سەعات بەلایەنی زۆرەوە یان کەمتر لەو ماوەیە کاردەکەن، کەخۆیان وا حەزدەکەن ئەویش بەهۆی هەندێ هۆکاری پەیوەندیدار بەبازاڕی کارەوە.





ئاماری ژمارەی دانیشتوانی تەمەن ٢٠-٦٤ ساڵ، ئەوانەی لەهێزی کاردان یان لەهێزی کاردانین لەساڵی ٢٠٠٣دا:

ئاماری ڕێژەی سەدی ژمارەی دانیشتوان لەگروپە جیاوازەکاندا:




سەرچاوە:- هەڵسەنگاندنی هێزی کار، ئاماری SCB.

تێبینی: مەبەست لەنەخۆشی ماوە درێژو داواکردنی چاودێری تەندروستیو ژیان لەدەرەوەی وڵات بۆ ماوەی کەمتر لە٢ ساڵو یان ئەوانەی خزمەتی سەربازی دەکەن، دەگرێتەوە.

ئاماری ژنانی تەمەن ٢٠-٦٤ ساڵ بەپێی پلەو پایەی ئیشو سەعاتی ئاسایی کارکردن لەساڵەکانی ١٩٧٠-٢٠٠٣:




سەرچاوە:- هەڵسەنگاندنەکانی هێزی کار/ SCB.

ڕێژەی کارکردن لەنێوان ژنانو پیاواندا لەساڵەکانی ١٩٧٠ بۆ ١٩٩٠ زیادیکردووە، بەڵام دوابەدوای ئەمە کەمیکردۆتەوە. لەناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکاندا دەوامی پارت تایم بۆ ماوەیەك یان بۆ کاتێکی زۆر واتا ٢٠-٣٤ سەعات زیادیکردووەو بەهەمان شێوە زیادبوون لەڕێژەی دەوامی فول تایمدا





ڕوویداوەو زیادیکردوە. لەساڵانی نەوەکاندا (١٩٩٠) بێکاریو بێ ئیشی زیادیکردووەو کارکەرانی دەوامە فول تایمو پارت تایمەکان بەهەمان شێوە کەمیکردووە، بەڵام ئاستی کارکردن لەساڵی (٢٠٠٠)ەوە بەهەمان ئاست ماوەتەوەو بەرزیو نزمی بەخۆیەوە نەبینیوەو بێ ئیشیو بێکاری وردە وردە لەساڵی ٢٠٠٣دا کەمی کردووە.
لەساڵی ٢٠٠٣دا ڕێژەی چالاکی ئابووری لەنێوان ژنانی تەمەن ٢٠-٦٤ ساڵ بەڕێژەی ٧٩٪ زیادیکردووەو هەروەها ڕێژەی بێکاریش کەمیکردووەو گەیشتووەتە ڕێژەی٣٪.

ئاماری پیاوانی تەمەن ٢٠-٦٤ ساڵ بەپێی پلەو پایەی ئیشکردنو سەعاتی ئاسایی کارکردن لەساڵەکانی ١٩٧٠-٢٠٠٣:




سەرچاوە:- هەڵسەنگاندنەکانی هێزی کار، SCB.

ڕێژەی کارکردنی پیاوان بەهەمان ئاست ماوەتـەوە لـەنێوان سـاڵەکانی ١٩٧٠و ١٩٩٠ەکاندا بەڵام لەدوایی ئەوە ئەم ڕێژەیە کـەمیکردووە. لەدەوروبـەری سـاڵی ١٩٨٠دا ڕێـژەی کـارکردنی فـول تـایم کـەمێك کـەمیکرد لەکاتێکـدا ڕێـژەی کارکردنی فول تایم زیادیکرد، لەسەرەتاکانی ساڵانی نەوەکاندا ڕێژەی کارکەرانی فول تایم بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیو کەمی کرد لەکاتێکدا ژمارەی بێکـاری‌و ژمارەی ئەو کەسانەی لەهێزی کاردانین زیادیانکردووە. ڕێـژەی بێکـاری لەسـاڵی ١٩٩٣دا بەرزبووەوە، بەڵام دوابەدوای ئەمە ئـەم ڕێژەیـە کـەمی کـرد تـا سـاڵی ٢٠٠٢و هەروەها ئاستی کارکردن لەیەك ئاستدا مایەوە تا ساڵی ٢٠٠٠.

لەساڵی ٢٠٠٣دا ڕێژەی چالاکی ئابووری لەنێوان پیاوانی تەمەن ٢٠-٦٤ ساڵدا زیادیکرد بۆ ٤٨٪و ڕێژەی بێکاریش لەناویاندا کەمیکرد بۆ ڕێژەی ٤٪.





ئاماری ڕێژەی چالاکی ئابووری لەنێوان ژنان بەپێی تەمەن لەساڵەکانی ١٩٧٠-٢٠٠٣:

دابەشکردنی ژنان لەهێزی کاردا بەڕێژەی سەدی (٪).




ڕێژەی ژنانی ئیشکەر یان ئەوانەی کە بەشێوەیەکی کەم بەشداری لەهێزی کـاردا دەکـەن لەسـاڵانی حەفتاکانـدا زیـادیکرد، هـەروەها لەسـاڵانی هەشتاکانیـشدا بەشێوەیەکی کەم زیادیکرد. لەساڵانی نەوەکانـدا ڕێـژەی کارکـەرو بەشـداریکەر لەبازارو هێزی کـاردا لـەنێوان هـەموو تەمەنەکانـدا بـەبێ جیـاوازی کـەمیکرد بەتایبەتی لەنێوان ژنانو کـچانی گـەنجو تەمـەنی ناوەندیـدا ئـەم ڕێژەیـە زیـاتر کەمبووەوە، ئەو ژنانەشـی تەمـەنیان ٥٥-٦٤ سـاڵە ڕێـژەی چـالاکی ئابووریـیان گەیشتە ٦٥٪. بەدرێژایی چەند ساڵی رابردوو ڕێژەی چالاکی ئابووری بەنزیکەیی لەسەر هەمان ئاست ماوەتەوەو ئەم ڕێژەیـەش لـەناو هـەموو تەمەنەکانـدا بـەم

شیوەیە بووە بێجگە لەو ژنانەی کەتەمەنیان ٢٠-٢٤ ساڵە ڕێژەی چالاکی ئابووری لایان دابەزیبوو ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەکەمتر کار دەکەن.

ڕێژەی چالاکی ئابووری لەنێوان پیاواندا بەپێی تەمەن لەساڵی ١٩٧٠-٢٠٠٣دا:

دابەشکردنی پیاوان لەهێزی کاردا بەڕێژەی سەدییە (٪)




سەرچاوە:- هەڵسەنگاندنەکانی هێزی کار،SCB.

